جوانی مرۆڤ لە ژیاندا ئەوەیە کە هەوڵدەدات بە مەحاڵ بگات. ئەگەر هەموو شتێک روون بێت ئەوا ژیان چێژی نامێنێت. مرۆڤ هەوڵدەدات تا ئەوپەڕی مەحاڵ لە ژیاندا بچێتە پێشەوە و ژمارەیەکی زۆری رۆژەکان بە چاوی خۆی ببینێ، بەڵام ئێمە لە دنیایەکی پڕ لە جێگۆڕکێدا دەژین و هەروەها ئارامیشمان نییە. هەموو ئەو شتانەشی کە هەن دەبێ ببن.

زیگمۆن باومان



# ژماره ٦
# تشرینی دووەم ٢٠١١

گۆڤارێکی ئەدەبی، هزری، رەخنەیی، رۆشنبیری گشتییە. بایەخ بەبواری ئەدەبی (وتار، لێکۆڵینەوە، رەخنە، دەق) و بواری فەلسەفی و بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان و رۆشنبیری گشتی دەدات. زمان و وەرگێران لە بابەتە گرینگ پێدراوەکانی گۆڤارن.

خاوەن ئیمتیاز
سیروان عەبدولکەریم عەلی

سەرنووسەر
گۆران رەسووڵ زەوقە

بەڕێوەبەری نووسین
دانا ئەحمەد محەمەد

نەخشەسازی بەرگ و دیزایین
هێمن خدر
Hemn89@gmail.com

لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
ژمارەی متمانەی (٤٢١) وەرگرتووە

پەیوەندی :
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٥٢٤٤٤٣
ئیمەیل: govar23@yahoo.com

دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی: کۆمپانیای پەیک

# پێرست


شیعر پێشەکی بۆ چییە؟ ................................ غەمگین بۆڵی ٥

## وتار و لێکۆڵینەوە:

دەقاوێزان لە وێژەی ئینگلیزیدا ................ د.ئیسماعیل محەمەد فەهمی ٨
زمانی جەستە، بەشێکی زیندووە لە زمانی گێڕانەوە ..... حەمەفەریق حەسەن ١٥
مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی « دوو رشتە»دا ... حەیدەر عەبدوڵڵا ٢٠
لە نێوان (دوکتۆر گلاس) و (تاوان و سزادا) ............ ئارام شێخ وەسانی ٢٥
گومانی هەڵوەشاندنەوە، هەڵوەشاندنەوەی گومان ............ ستاری پیرداود ٣٣
خوێندنەوە وەک چارەسەر .................. ئا: د. فەیسەڵ عارەب بلّباس ٤٩

## دەق و خوێندنەوە:

خودا لەسێبەری خەیاڵێکدا ........................................ هەتاو ٥٦
دە فیگەر لەنێوان خۆکوشتن و ژیاندا ! ......... هەژار عوسمان ٦٢
ئێوارەیە و ئێوارەت نیم ................................ گوڵباخ بەهرامی ٦٥
پرسەنامەیەکی سادە ................................ ئیسماعیل ئیسماعیل زادە ٦٧
شتێکی تر لە ژوورەکەدایە ................................ ڕێبین ئەحمەد خدر ٦٩
لاسارێک لە کاروانە وێڵەکەدا ................................ سەڵاح شوان ٧٢
بەرزاییەکانی نزیک ئاسمان .................. لە فارسییەوە: جەبار سابیر ٧٧
جێگۆڕکێی ئەستێرەکان ....... خوێندنەوە ............ گۆران ڕەسووڵ زەوقە ٨٢
لە دەلاقەی وەرزی بارینی تەرمەکاندا .. خوێندنەوە ... عوسمانی شێخ محێدین ٨٩

## دیمانە:

گوتوبێژ لەگەڵ شاعیر و نووسەر(چنوور نامیق) ٩٧
گوتوبێژ لەگەڵ شێوەکار (محەمەد فەتاح) ١٠٣

## وەرگێڕان:

نۆبڵی ئەدەبی ........................................ ئا . و: گۆڤاری٢٣ ١٠٧
ئۆدیپ ....... (تراژیدیایەکی دەگمەن) ...... لە ئینگلیزییەوە: هەژار عوسمان ١١١
گوتوبێژ لەگەڵ (ئەلبێر کامۆ) ......... لە فارسییەوە: ڕێبەر ئەبابەکر ئەحمەد ١١٥



# شیعر پێشەکی بۆ چییە؟!

غەمگین بۆڵی

شیعر پێشەکی نووسینی قووڵ نییە و هیچ پێشەکییەکیش خوێنەر لە شیعردا کۆناکاتەوە. شیعری زیندوو خۆی پێشەکییەک بۆ خۆی دادەنێت، خۆی دەروازەی خۆیەتی. لێ لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆی کوردیدا پێشەکی نووسین بۆ دیوانە شیعرییەکان بۆتە مۆدەی بەشێک لە شاعیران، ئەم مۆدەیەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە زۆرێک هانانی ناو پەیداکردن و دووبارە خۆنوێکردنەوە بۆ (بەختیار عەلی) دەبەن. هونەری بەمۆدەبوونی پێشەکی نووسین بە پێنووسی بەختیار عەلی جیا لە دیوانە شیعرییەکان، بەشەکانی تری ئەدەبیاتیشی گرتووەتەوە، تەنانەت چۆتە نێو پرۆسەی وەرگێڕانیشەوە، ئەوەی لە سەیر و سەمەرەی ئەو بەزمستانە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بەختیار عەلی پێشەکی بۆ هەندێک کاری وەرگێڕانیش نووسیوە کە ناوبراو هیچ لەبارەی ئەو زمانەوە نازانێت. لێرە بۆ ئەوەی قسەکەکانمان نەکەونە بازنەی گومانەوە ئاماژە بەکارێکی وەرگێڕانی وەرگێڕی بەتوانا بەکرشوانی دەدەین کە ناوبراو ڕۆمانێکی ئۆرهان پاموکی لە تورکییەوە کردووە بەکوردی، کەچی بەختیار عەلی پێشەکی بۆ ئەوکارە وەرگێڕانەی بەکر شوانی نووسیوە. بەزمی ئەو بەزمەستانە ئەوەیە کە لەسەر ڕووپەڕی بەرگی کتێبەکان بە خەتێکی درشت دەنووسن (نووسینی پێشەکی/ بەختیار عەلی) یان (بەختیار عەلی پێشەکی بۆ نووسیوە)، لە دواوەی بەرگەکەش چەند دەربڕینێکی ناوبراو دەردەهێنن. هەندێک وەها

کۆترەباریکەی هزریان دەفڕێنن، هەر کە بەختیار عەلی پێشەکی بۆ دیوانە شیعرییەکەی نووسی ئیدی ئەوە دەبێتە دەنگی شیعری ڕاستەقینەی نێو ئەدەبیاتی کوردی. لێرەدا ئێمە کێشەی ئەوەمان نییە کە بەختیار عەلی چییە و چۆن دەنووسێت. کێشەکە بەمۆدەبوونی دیاردەکەیە. جیا لەوە من دەمێکە گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە وا شیعر نووسینی پێشەکی پێویست نییە، شیعر هیچ پێشەکییەک لەخۆیدا قووڵ ناکات.

**خوێنەر بە شوێن پێی هەنگاوەکانی پێشەکی نووسدا دەڕوات و کۆڵانی شیعرەکان تەی دەکات. لێرەدا دەشێت بە قورمیشبوونی خوێنەر ناوزەندی بکەین، چونکە بەشێکی زۆری خوێنەری کوردیی بەدوای ناوەوەیە نەوەک شیعر و کرۆکی دەق. لێ ئەوە بۆ شاعیرێک کە نزیکەی نیو سەدە ڕەشماڵی شیعرییەتی خۆی لە هەواری ئەدەب هەڵدا بێت کارەساتە بێت لە ڕێگەی دووبارە ناوپیداکردنەوە و نوێبوونەوەی ناوەکەی لەلایەن خوێنەری کوردییەوە داوا لە نووسەرێکی پڕ خوێنەرتر بکات پێشەکی بۆ دیوانە شیعرییەکەی بنووسێت**

تەنانەت پێموایە زۆرێک لە خوێنەران لە دەرئەنجامی سەرەتای خوێندنەوەی پێشەکییەکە بەهەمان ئەو ئاڕاستە فیکرییەدا دەڕۆن کە پێشەکی نووس لە سەروەختی خوێندنەوەکەی بۆ شیعرەکاندا پێدا ڕۆیشتووە. یاخود خوێنەر بەهەمان ئاڕاستەی پێشەکییەکەدا دەچێتە ناو پرۆسەی خوێندنەوەکە. بە واتایەکی ڕوونتر خوێنەر بە شوێن پێی هەنگاوەکانی پێشەکی نووسدا دەڕوات و کۆڵانی شیعرەکان تەی دەکات. لێرەدا دەشێت بە قورمیشبوونی خوێنەر ناوزەندی بکەین، چونکە بەشێکی زۆری خوێنەری کوردیی بەدوای ناوەوەیە نەوەک شیعر و کرۆکی دەق. لێ ئەوە بۆ شاعیرێک کە نزیکەی نیو سەدە ڕەشماڵی شیعرییەتی خۆی لە هەواری ئەدەب هەڵدا بێت کارەساتە بێت لە ڕێگەی دووبارە ناوپیداکردنەوە و نوێبوونەوەی ناوەکەی لەلایەن خوێنەری کوردییەوە داوا لە نووسەرێکی پڕ خوێنەرتر بکات پێشەکی بۆ دیوانە شیعرییەکەی بنووسێت. ئاخر ئەم مۆدەیەی پێشەکی نووسینانە زیاتر لە بازنەی پێداهەڵگوتن و چەپڵەی نووسیندا دەخولێنەوە. هەرچەندە من لە نووسینی پێشەکی کتێبی شیعریی (من

و تۆ و عەشق)ی شاعیری لاو رەشید بێبەشدا تاکو ئەندازەیەکی بنەڕەتی شەختەی ئەو گۆمە بەستووەی شکاندووە، لەبری چەپڵەی نێو نووسین و پێداهەڵگوتنی هاوڕێیانە، لە چەند روانگەیەکی گشتگیرەوە چەند روانینێکی رەخنەیی لەبارەی شیعرەکانی ناوبراوەوە دەربڕیوە.
لێ لە کتێبگەلێکی تردا گەلێک چەپڵەی نووسینم لە پێشەکی نووسین بۆ شیعریی چرووک لێداوە، بە وشەی بریقەدار سینگی لافی گەورەبوونم دەرپەڕاندووە. تەنیا دەزانم ئەو کاتانە هێندە دڵخۆش بووم بە پێشەکی نووسین بۆ کتێبی شیعریی ئەو شیعرنووسە لاوانە، تاکو ئەو ئەندازەیەی لافی خۆبەزلزانینم پێوەیان لێدەدا. من چەندە مەلە باسکەی بێئاگاییم لەنێو ئەو دەریایەدا بە هەڵە کردووە و خۆشم وەک رێنیشاندەریان نواندووە، لە کاتێکدا خۆم پێویستم بە رۆشنبوونی رێگاکانی نووسین هەبووە. بەشێک لەو کتێبە (شیعر)ییانەی کە تاکو ئێستا بڵاوبوونەتەوە بریتین لە: کتێبە شیعری (زمانی عەشق)ی کاروان عەلی و کتێبە شیعری (فرمێسکی ماڵئاوایی)ی رابەر فاریق و کتێبە شیعری (وردە هەناسەکانی رۆح)ی پێشەوا هاشم و کتێبە شیعری (عەشقی تۆ بێ وێنەیە )ی نافیز عەزیز و کتێبە شیعری (ناڵەی عەشقێکی شێت)ی هاوڕێ سەفین جەلال و کتێبە شیعری (بۆ عاشق بووی؟)ی رێبوار شێروانی و کتێبە شیعری (من و تۆ و عەشق)ی رەشید بێبەش و کتێبە شیعری (بۆنی سووتان)ی بێگەرد حوسێن. دیارە بەشێکی تریش تاکو ئێستایش بڵاونەبوونەتەوە، لێرەوە ئومێد دەکەم هەر بڵاونەبنەوە، کە بڵاویش ببنەوە بە نووسینی پێشەکییەکەی منەوە بڵاونەبنەوە.
شیعر کە شیعر بوو خۆی بەباڵی شیعربوونی خۆیەوە دەفڕێنێت و ئاسمانەکانی دنیای خوێنەران تەی دەکات. شیعریش کە شیعر نەبوو بە پێشەکی نووسین نە دەبێتە شیعر و نە باڵی فڕینیش دەگرێت. من سەرەتا داوای لێبووردن لە هەموو ئەوانە دەکەم کە پێشەکیم بۆ (شیعر)ەکانیان نووسیوە، لەکۆتاییشدا لە خودی خوێنەران.

# دەقاوێزان لە وێژەی ئینگلیزیدا
# INTERTEXTUALITY

**د.ئیسماعیل محەمەد فەهمی**

پرۆفیسۆر ئێس.دبلیو.داوسون، لە پێشەکی (ئینسکلۆپیدیای زاراوەی رەخنەسازی) ئەم پرسیارە دەوروژێنێ: (زاراوەی رەخنەسازی: ئایا لە راستیدا، یەک زاراوەی رەخنەسازی یەکلاکراو هەیە؟ پێویستە رووبەڕووی ئەم پرسیارە ببین.)
مەبەستمان لە پشتبەستن بە وتەی داوسون ئوەیە، کە وا رێککەوتن لەسەر یەک زاراوەی یەکسان و روون و بێگرفت، کارێکی زۆر ئاسان نییە. یەکیک لەو زاراوانەی کە وا زۆر مشتومڕ و گفتوگۆی لەسەرە، زاراوەی (دەقاوێزان Intertextuality)ە.

ئایا دەقاوێزان چییە؟ کام رۆڵ و کام دەور دەبینێ لە پرۆسەی داهێنانی هونەری و وێژەیی؟ فەرهەنگی زاراوەی وێژە و رەخنەسازی بە چەندان جۆر ئەم زاراوایە پێناسە دەکات. ئێم.ئێچ. ئابرامز بەمجۆرە بۆی دەچێت: "دەقاوێزان زاراوایە، جولیا کریستیڤا پێکی هێناوە، ئاماژە بەوە دەدات کەوا هەموو دەربڕاوەکان utterances چ بە نووسین چ بە شێوەیەکی زارەکی، دەمانبەنە سەر دەربڕاوێکی پێشووتر؛ چونکە وشە و بنیادی زمانەوانی و بنیادی رێزمانی بوونی هەیە بەر لە سەردەمی بوونی قسەکەری تاک، و هەبونی هەیە بەر لە سەردەمی هەبوونی وتاری تاک. لەوانەیە، دەقاوێزان هۆشیارانە پەیدا ببێ. بۆنموونە: لە کاتێکدا نووسەر دەقیک وەردەگێڕێ لەسەرچاوەیەکی دیکە یاخود لەکاتی ئاماژەکردن بە نووسینی داهێنەرێکی دیکە.

بەڵام لەراستیدا، دەقاوێزان بە جۆرێک روودەدات کە وا بە بەردەوامی لە هەموو دەربڕاوێکدا بەکاردەهێنرێ." واتا دەقی ئەدەبی پەیوەندی و تێکەڵاوی هەیە لەگەڵ دەقی دیکە، کەوا ئەمانەیش پەیوەندی و تێکەڵاوی و تێکەوتنی زۆر یان کەمیان هەیە لەگەڵ دەقی دیکە، هەروەها بە چەشنی جۆراوجۆر بەندن بە زنجیرەیەکی نەدیتراو لەگەڵ تێکست/ وتاری دەرەوەی سنووری خۆیاندا. لە هەندێ تێکستدا، ئاسانە و روون و ئاشکرایە پەیوەندی بدیترێ لەگەڵ گوتاری پێشووتر. لەهەندێ تێکست و شیکاریدا، زۆ بە زەحمەت ئەم قەرزە دەردەکەوێ، چونکە هونەرمەند کارێکی زۆری کردووە بۆ ئەوەی قەرزەکەی و سەرچاوەی بەهرەکەی دەرنەکەوێ. لەهەندێ تێکست، دەقاوێزان بە ئاشکرایی دیارە کەوا بریتییە لە دووبارەکردنی (هێما، سیمبۆل، وشە، بیرۆکە، رستە، کەسایەتی، شوێنکات)ی تێکستی کۆنتر. هەندێ تێکست هەیە پێکدێت لە نووسینەوەی تێکستی پێشووتر بەڵام بە هێما و بە بیرۆکەی و بە بۆچوون و بە تەکنیکی نوێ. هەندێ تێکست هەیە، مەرامی ئەوەیە ببێتە چاککردنەوەی تێکستی کۆن، یاخود راستکردنەوەی شیکارێکی چەرخی رابردوو، یاخود رەتکردنەوەی دەقی کۆن.

بازنەیەکی فراوان لە ئارادا هەیە، هەرجارێ تێکستێکی نوێ دەنووسرێ، بەو تێکستە تازانە ئەم بازنەیە فراوانتر دەبێ، چونکە ئەوەی کە پێیدەگوترێ "نوێ" دووبارەکردنەوەیەکی تازەیە بۆ تێکستێکی پێشووتر.

**هەندێ تێکست هەیە پێکدێت لە نووسینەوەی تێکستی پێشووتر بەڵام بە هێما و بە بیرۆکەی و بە بۆچوون و بە تەکنیکی نوێ. هەندێ تێکست هەیە، مەرامی ئەوەیە ببێتە چاککردنەوەی تێکستی کۆن، یاخود راستکردنەوەی شیکارێکی چەرخی رابردوو، یاخود رەتکردنەوەی دەقی کۆن**

## هەندێ وشەی پەیوەندیدار بە دەقاوێزان:

مەرج نییە "دەقاوێزان" بەو زاراوەیە ئاماژەی پێ بدرێ لە هەموو کاتوساتێکدا. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا کۆمەڵێک وشە هەن یارمەتیمان دەدەن، لە تێگەیشتنی دەقاوێزان وەکو بیرۆکە و وەکو پراکتیزە، نزیکمان دەخەنەوە لەو تێگەیشتنە. وەکو وشەی: Repeat. Recycle. Rewrite. Rephrase. Paraphrase. Restate. Reflect. Adopt. Remake. Remix. Original sources. Revisit. Reshape. Restyle.

بە گشتی ئەو وشانە ئەم مانایانە رادەگەیەنن: دووبارەکردن، دووبارەبەکارهێنان، دووبارەنووسین، دووبارەگوتن، دووبارەدەستەواژەکردن، رەنگدانەوە، گونجاندن، دووبارەدروستکردن، دووبارەتێکەڵکردن. گەڕانەوە بۆ سەرچاوە رەسەنەکان، دووبارە سەردانکردنی بابەت، دووبارە پێدانی شێوە و شێواز.

ئەگەر لەگەڵ (نیکۆلاس رۆیال) رێککەوتووبین، کە وا گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی رەسەن گرینگترین خاڵە لە جێبەجێکردنی دەقاوێزاندا، (١) ئەوا دەتوانین بڵێین لە بابەتی وێژە، شێوە و شێوەزار زۆرگرینگترە لە ناوەڕۆک. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دووبارەکردنەوی بیروڕای (ئێدگار ئالان پۆ) یە کە لە وتاری (پرەنسیپی شیعری) تیایدا جەخت دەخاتە سەر گرینگترین بیرۆکەی شیعر و یەکبوونی ئەو وێنەیە لە باشترین نموونەی شیعری ئینگلیزی.

گەڕان بە دوای (یاخود گونجاندن لەگەڵ) سەرچاوەی رەسەن، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێ درێژە بە بەرهەم و بەهرەی خۆی بدات. بەگوێرەی بۆچوونی (ئارتەر کۆمپتون ریکیت) سەرجەم وێژەی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە سەر شەش سەرچاوەی سەرەکی. واتا، نزیکەی هەزار و پێنج سەد ساڵی وێژەی نووسراوی ئینگلیزی، جگەلە پێنج سەد ساڵی دیکەی وێژەی زارەکی ئینگلیزی قۆناغە بەراییەکانی شارستانییەتی گەلی ئینگلیز، دەگەڕێتەوە ژمارەیەکی سنوورداری دەستنووسی کۆن و بیری نەتەوەیی تۆمار نەکراو، کەوا نەوە بەدوای نەوە دووبارە بەکاردەهێندرین و دەبنە بنەمای نووسینی نوێتر. لە پەرتووکی (مێژووی وێژەی ئینگلیزی لە ساڵی ٥٠٠ تا ١٦٥٠) کە تیایدا ئارتەر کۆمپتون ریکیت تەنیا باس لە ئەدەبی تۆمارکراو دەکات (ئاماژەی زۆر نادات بە وێژەی زارەکی و فۆلکلۆری)، لەوێدا ئەم دەقە دێتە بەرچاومان: "وێژەی ئینگلیزی پۆشاکێکی ئێجگار جوانە و رەنگاورەنگە، پێکهاتووە لە چەندان توخم و بەش و رەگەز. بۆ نموونە: پێکهاتەی سێلت Celt پڕە لە خەیاڵ. بەڵام عەشق و ئەڤین دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی تیوتون Teuton (ناوی کۆنی ئینگلیزی دێرین)، هەروەها شیکاتەی خۆشی و کەیفخۆشی دەگەڕێتەوە سەر توخمی فەرەنسی. توخمی جیددیەت و رەشبینی دەگەڕێتەوە سەر بەشی ئیسکەندەناڤی. بەڵام گەشبینی و رووخۆشی لەسەرچاوەی ئیتاڵی وەرگیراوە. ئەمە جگەلە سەرچاوەی کلاسیکی. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەوا ئەم پۆشاکە پینەیەکی بێنرخە. بە پێچەوانە، ئەمە پارچەیەکی هوونەریی نرخبەرز و بێوێنەیە، بە رەنجی شانی داهێنەری

لێهاتوو و بەهرەمەند وای لێهاتووە ببێ بە یەک کیانی گونجاو و قەبارەیەکی یەکگرتوو. ئەمە گشتی وەکو ئەدەبی ئینگلیزی رەسەن دەژمێردرێ، بە بەرهەمی شارستانییەتی گەلی ئانگلۆساکسۆن (واتا گەلی ئینگلیزی رەسەن) دەژمێردرێ". (٢)

لەم دەقەی سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، وێژەی ئینگلیزی نموونەیەکی باشە بۆ دیاردەی دەقاوێزان. ئاماژە بە وێژەی کۆن و بەرهەمی گەلی بێگانە دەدات. نموونەی ئاشکرا هەیە: تەنیا لە شکسپیر، نموونەی سێلت دەبینین لە تراژیدیای (شا لیر) کەوا لە پەرتووکی (شاهەکانی بەریتانیا) وەرگیراوە، لە نووسینی جیۆفری ئۆڤ مۆنماوتە. هاملێت میری دانیمارک دەگەڕێتەوە سەر وێژەی ئەسکەندەناڤی.

جیۆفری چۆسەر (١٣٤٠؟- ١٤٠٠) رۆمانی (رۆز)ی لە ئەدەبی فەرەنسییەوە وەرگرتووە، ئەویش لە شاعیری کۆنی فەرەنسی (گویلام). چیرۆکی رۆبن هوود، چ لە شیعر و چ لە نووسیندا دەگەڕێتەوە سەر ململانێی نێوان ئانگلۆساکسۆن و فەرەنسییە نۆرماندییەکان. واتا بە بۆچوونی ریکیت، نووسراوی کۆن رێگا خۆشدەکات بۆ نووسینی نوێتر یاخود باشترکردنی دەقی رابردوو.

**بۆچوونی ریکیت ئاماژە بە کۆکردنەوەی ئەزموونی هونەری دەدات، بە شێوازێک وەکو ئاماژەپێدانی میشێل فۆکۆ بە پرۆسەی ئارکیۆلۆجیای مەعریفی و زانستی داهێنەران، بە تایبەت ئەوانەی لە بواری ئەدەب و شیعردا ئافراندن دەکەن، لە کەسانی ئاسایی جودا دەکرێنەوە لە رووی توانایی لە بەکارهێنانی سەرچاوەی کۆن، یاخود زیندووکردنەوەی تێکستی کۆن بە شێوازی نوێ**

وێژەی ئینگلیزی لەم دیاردەیەدا بە تەنیا نییە. وێژەی زیندوو سوود وەردەگرێ لە دەقاوێزان، وەکو ئاماژەپێدان بەبەرهەمی کەلەپوور و دەربڕاوی رابردوو past utterances مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی نەتەوەکانی دەکات. جیهان وەکو تێکستێکی هاوبەش، وەکو مۆڵکی گشت مرۆڤایەتی. تێکستی نوێ رێگا و زەمینە بۆ خۆشکراوە بە هۆی تێکستی کۆنترەوە، دووبارەدروستکردن و دووبارە گێڕانەوەی بیرۆکەی نەگۆڕدراو، بیرۆکەی نەمرە بە شێوازی

شیاوتر. بۆچوونی ریکیت ئاماژە بە کۆکردنەوەی ئەزموونی هونەری دەدات، بە شێوازێک وەکو ئاماژەپێدانی میشێل فۆکۆ بە پرۆسەی ئارکیۆلۆجیای مەعریفی و زانستی داهێنەران، بە تایبەت ئەوانەی لە بواری ئەدەب و شیعردا ئافراندن دەکەن، لە کەسانی ئاسایی جودا دەکرێنەوە لە رووی توانایی لە بەکارهێنانی سەرچاوەی کۆن، یاخود زیندووکردنەوەی تێکستی کۆن بە شێوازی نوێ. ئەگەر پرەنسیپی (دۆناودۆن/ التناسخ) لە ئاستی رۆح وجوودی نییە، ئەوەتا لەسەر ئاستی هونەر و داهێنان خۆی تاقیدەکاتەوە لە لەدایکبوونی تێکستی تازە لەنێو رەحمی تێکستی رابردوو و دەربڕاوی کۆن. نموونەی دیار هەیە لە وێژەی ئینگلیزی وەکو: بەکارهێنانی ئەفسانەی کۆن و دووبارەگێڕانەوەی چیرۆکی رابردوو بە دیدەکرێ لە دەقی رۆمانێکی ئاپۆکالیپسی بە ناونیشانی (هەستانەوەی کراکن) The Kraken Wakes کەوا لە ساڵی ١٩٥٣ رۆماننووس جۆن ویندهام (١٩٠٣-١٩٦٩) بڵاوی کردەوە. ئەم رۆمانە بناغەی ئەفسانەویی هەیە. لەسەر بنەمای دەقی کۆنتر و جیاوازتر دروستکراوە. ئەوەیش قەسیدەی کراکن The Kraken کە لە ساڵی ١٨٣٠ ئالفرێد تێنیستۆن (١٨٠٩-١٨٩٢) لەسەر بنەمای ئەفسانەی کراکن کە ئەفسانەیەکی ئیسکەندەناڤییە نووسراوە. هەروەها تێنیستۆن لەهەمان تێکستدا سوودی وەرگرتووە لە وتاری ئایەتەکانی رۆژی حەشر لە پەرتووکی بینین The Book of Revelation لە پەیمانی نوێی، لەو کتێبەدا یۆحەنناى نێردراو باس لە رووداوەکانی کۆتایی زەمان دەکا، ئەمانەش دووبارە دەبنەوە لە تێکستی تێنیستۆن و تێکستی جۆن ویندهام. جگەلە قەرزکردنی وشە و فرێزە و رستە و ناو و شوێن و کات و کەش و هەوای گێڕانەوە، بیرۆکەی ئاپۆکالیپس و دەوری کراکن لەوێدا، دووبارە لەدایک دەبێتەوە. بە بۆچوونی ویلبەر سکۆت Wilber Scott لە کتێبی (Five Approaches to Literary Criticism ) دۆزینەوەی ئارکیتایپی چیرۆک زۆر پێویستە بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی تێکست؛ بە خوێندنەوەی قووڵ و تێروتەسەل، تێکست وردە وردە ئاشکرا دەبێ و ناسنامەکەی دەردەکەوێ بۆ خوێنەری خاوەن خەسڵەتی Writerly Text ( دەقێ نووسەرانە: تێکستی تایبەت داوا لە خوێنەر دەکا بەشداری بکات لە پرۆسەی بەخشینی مانا، واتا و ناسنامە بە دەق. زاراوەی رۆلان بارت).

دەقاوێزان وەکو پرۆسەی وەرگرتن و بەرهەمهێنانی هونەری، پێویستی بە ئاستێکی بەرزی وەرگری تێکستە Recipient ، ئەگەرنا پرۆسەی گێڕانەوە (بۆ نموونە) یاخود پرۆسەی (راگەیاندن/پەخشی تێکست Text Transmission) شکست و سەرنەکەوتوو دەبێ، دەگاتە ئاستێکی سادە، نزیکە لە ئاستی گوێڕاگرتن لە هەقایەتی ئاسایی لەلایەن بیستەری سادە. بێگومان، ئەم ئاستە هەنگاوی یەکەمە لە پیکهێنانی سەلیقەی ئەدەبی، بەڵام پێویستە وەرگری بەرهەمی هونەری لەم ئاستە بچێتە دەرەوە و پلەی گرانی هەڵسەنگاندنی تێکستواڵ بەرزبکاتەوە.

لەدەرئەنجامی گرینگی دەقاویزان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری میتۆد و جۆر و پرنسیپ و پراکتیزەی وێژەیی و ئیپستمۆلۆژی، هەمان بیروڕای جولیا کریستیڤا دووبارە دەکەینەوە کە لەساڵی ١٩٦٩ لە کتێبی (سیمیۆتیک) ئاشکرای دەکات: (هەموو تێکستێک شێوەی مۆزاییکی نموونە هێنانەوە Citation و هەموو تێکستێک هەڵمژینی تێکستی دیکەیە و گۆڕینی دەقێکی پێشووترە." ئەمەش دەرهاویشتەی بیرۆکەی (پاش بوونیادگەری) یە poststructuralist ، کەوا ئاماژەبەدەر یاخود نیشانەبدەر Signifier تەنها توانای ئەوەیان هەیە ئاماژە بدەن و نیشانە بدەن بە ئاماژەبدەری دیکە و نیشانەبدەری دیکە چونکە زمان دەکرێ بگۆڕدرێت بۆ زمانێکی دیکە، دەکرێ وەربگیرێ، دەکرێ لاسایی بکرێ، بەڵام ناکرێ بەسەریدا بازبدەی یاخود پێشێلی بکەی. وشە، مانای خۆی بەدەست دەهێنێ نەک بە ڕێگای ئاماژەکردن بە بابەتی ئامادە لە مێشکی بەکارهێنەری زمان، بەڵام بە ڕێگای باری نەپساوی پرۆسەی ئاشکراکردن و بەخشینی دەلالەت Signification، بۆ نموونە: وشەی (خۆشەویستی) نیشانەی قەبارەیەکی بایۆلۆجی بەدەر لە زمان یاخود بابەتێکی سایکۆلۆجی، بەڵام لە وتاری وێژەیی و هونەریدا، ئاماژە بە شێوە و شێوەزاری شیعرەکانی شەکسپیر، لەگەڵ زنجیرەیەکی دوور و درێژ لە داهێنەرانی کۆن وەکو تروبادور Troubadours کەوا لە باشووری فەرەنسا لە سەردەمی کۆندا، گۆرانی و چیرۆکی خۆشەویستییان دەگوت، یاخود بەکارهێنانی ئەم وشەیە یادی زنجیرەیەکی دیکە زیندوو دەکاتەوە کەوا لە سەردەمی شاعیری کۆن دەستپێدەکات تاکو دەگاتە بەرهەمی باندی مۆسیقاژەنی بەریتانی بەناوبانگ (بیتلز The Beatles) لە کۆتاییدا، بەدیدی رەخنەگری گەورە جولیا کریستیڤا، دەقاوێزان بێپایانە و بێڕادەیە لەبەر ئەوەی سنووری راڤەکردن وەکو سنووری خەیاڵ، واتا بێسنوورە (بڕوانە کتێبی رۆیا یەعقووبی، پەنجا دەستەواژە و تیۆری پەیوەندیدار بە پۆستمۆدێرنیزم، تەهران، رهنما انتشارات، سال ١٣٨٥). کریستیڤا زۆر گرینگی دەداتە گواستنەوە/گۆڕین، نەک لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی رەسەن. پرۆسەی گۆڕین و گواستنەوە گرنگترە، چونکە داهێنانی تێکستی نوێ، تێکستێکی گۆڕدراو، پرۆسەیەکی گرینگە هەروەها بایەخدەدرێ بە پرۆسەی گونجاندنی ئەم تێکستانە لەگەڵ کۆنتێکستی هاوچەرخ، چونکە ئارکیتایپی تێکست هەردەم لەبەر دەستە. بەڵام دۆزینەوەی کۆنتێکستی گونجاو کەوا پرسیاری بەردەوام بوروژێنێ، بایەخدارترە.

## پەراوێزەکان:

(١) M.H.Abrahams: glossary of literary terms لاپەڕە ٢٨٥.
هەروەهازانیاری زیاتری تێدایە لەم بارەیەوە)
(٢)Macmillan) Deconstruction: A User's Guide. ٢٠٠٠) لاپەڕە ١٣٢.

## سەرچاوەکان:


* HBJ)M.H.Abrahams , A Glossary of Literary Terms, ١٩٩٣)
* Basil Blackwell) Toril Moi, The Kristeva Reades. ١٩٨٦)
* Methuen,) The Critical Idiom: Drama & The dramatic, Fondon ١٩٧٩)
* Macmillan) Nicholas Royle. Deconstruction: A User's Guide. ٢٠٠٠)
* Macmillan) Wilber Scott. Five Approaches to Literary Critic ١٩٦٢)
* Arthur Compton Rickett. English Literature from ٥٠٠-١٦٥٠. London) ١٩٥٠)

# زمانی جەستە،
# بەشێکی زیندووە لە زمانی گێڕانەوە

حەمەفەریق حەسەن

نازانم بۆچی ئێمەی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانی کورد، بەو ڕادەیە لە زمانی جەستەدا کۆڵین؟ خۆ هەمووومان ئەو ڕاستییە دەزانین، کە بەشی هەرە گرینگی پێوەندی، گوتوبێژ، گۆڕینەوەی سۆزو هاودەردی لەنێوان بەرەی مرۆڤدا، لە ڕێی ئاماژە و جووڵەی ئەندامانی جەستەوەیە. زمانی جەستە زانیاریی پتر لەسەر کارەکتەر بەدەستەوە دەدات هەتا زمانی وشە. زمانێکی ڕوونتر، ڕەوانبێژتر و کورتتریشە. کەواتە کاریگەریشی لەسەر کەسی بەرانبەر پترە. کلیلی کەسیەتی تاکیش، بەڕادەی یەکەم، لە جووڵە و ئاماژەکانی چاویدایە. مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی جەستەیەوە، ڕاستگۆتر و پتریش گوزارشت لە خۆی بکات، تاکو بە گفتوگۆی زارەکی.

هەرچی زمانی جەستەیە، کەمتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی خزمایەتی و برادەرایەتی و باوەگۆدانەوەی (مجاملة) درۆوە. چونکە جەستە دووڕوویی و ماستاوکردن و ڕووپامایی ساختە بۆ بەرانبەر ناکات. جەستە زمانێکی ڕاستگۆی هەیە.

ئێمە کاتێک ڕووبەڕوو لەگەڵ ئاشنایەکدا ڕادەوەستین و دەکەوینە گفتوگۆ، جەستەمان پتری پێیە بۆ دەربڕین و وتن هەتا قسەکانمان. ئەوەی وا جەستە بەو جوڵە و ئاماژە بێدەنگانەی خۆی دەریدەبڕێت، ڕاستیی ناخی ورووژاوی خۆمانە، نەک ئەوەی وشەکان دەیگەیەنن. وێڕای ئەوەی، بڕێک جاران، ئەو وشە گۆکراوانەی، کە ئێمە بەشوێن یەکدا دەریاندەپەڕێنین، وەک

نێوەڕۆک شپرزەن و پڕیشن لە هەڵەی زمان، لەکاتێکدا زمانی جەستە بەهەڵەدا ناچێت. لێرەدا دێڕە شیعرێکی فۆلکلۆریم بیردێتەوە، کە دەڵێت: ((بەدەم جوێنم پێ دەدا، بە چاو پێمدەڵێ وەرە!)) جار هەیە مرۆڤ بە سەیرکردنێکی بەرامبەرەکەی زۆر شتتی پێدەڵێت. ئەوە چاوە ئەوەندە زمانی پاراوە.

مرۆڤ لە شێوەی وەستان، دانیشتن و جووڵەی جەستەیدا؛ لە چرچولۆچی هەنیەیدا، لە پێکدادانی روویدا، لە ئاماژەی دەست و لێو و چاوانیدا، دەتوانێت زۆر نهێنیمان بۆ بدرکێنێت و بە جوانییش گوزارشت لە خۆی بکات. ئایا دەستی نووقاوە و بە مستەکۆڵە بووە، یان کراوەیە و ئاوەڵا، هێمن و ریلاکسە، یان گرژە؟ بە چ ئاراستەیەک پەنجەکانی دەستی دەجووڵێنێ؟ هەڕەشە دەکات و پەنجەی شایەتمانی رادەوەشێنێ؟ وەک جنێو بەکاریاندەهێنێت، یان جوڵەی پەنجەکانی ئاسایی، هارمۆنی و نەرمونیانە؟ هەندێک جاران مرۆڤ خۆنەویستانە، بە پەنجەکانی جمێنی وەها دەدات، رەنگە لە رووی نەیەت، یان پڕکێشی نەکات بەزار دەریبڕێت.

**ئایا ئەو مرۆڤەی دەتەوێ بیناسی،**
**یان بیخوێنییەوە، ئارام لەسەر کورسییەکەی**
**دانیشتووە و پاڵی لێداوەتەوە، یان تەنیا**
**نیوەی سمتی لەسەر کورسییەکەیەتی،**
**وەک عودەی کوڕی سەددام حسێن؟ دەستەکانی**
**لەسەر باڵەکانی کورسییەکەن، یان شۆڕی**
**کردوونەتەوە؟ کراونەتەوە یان کردوونی**
**بە مشت؟ ئەدی لاقەکانی چلۆن داناوە؟**
**جووتی کردوون یان تاقوفیق رایگرتوون؟**
**ئایا لە دۆخی کرژی و ئامادەباشیدایە و لەوەدایە**
**بتەقێتەوە و بۆ بەرانبەرەکەی هەڵسێتەوە؟**

ئایا ئەو مرۆڤەی دەتەوێ بیناسی، یان بیخوێنییەوە، ئارام لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە و پاڵی لێداوەتەوە، یان تەنیا نیوەی سمتی لەسەر کورسییەکەیەتی، وەک عودەی کوڕی سەددام حسێن؟ دەستەکانی لەسەر باڵەکانی کورسییەکەن، یان شۆڕی کردوونەتەوە؟ کراونەتەوە یان کردوونی بە مشت؟ ئەدی لاقەکانی چلۆن داناوە؟ جووتی کردوون یان تاقوفیق رایگرتوون؟ ئایا لە دۆخی کرژی و ئامادەباشیدایە و لەوەدایە بتەقێتەوە و بۆ بەرانبەرەکەی هەڵسێتەوە؟

یان باسکەکانی لەسەر سینەی تێکپەڕاندووە و خۆی کلۆمداوە، وەک ئەوەی پێمان بڵێت، لەم پرسە گرینگەدا، کە ئێوە بەجیددی گەنگەشەی دەکەن، منی تێدا نیم و ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە.
تۆنی دەنگی هێمنە، یان گڕ و بەرزە؟ لە تافی قسەکردندا خێرایە، پەلەپەل دەوێت، تووشی هەڵەی زمان دەبێت و تێکەڵی دەکات، یان ڕەوان گوزارشتدەکات؟ وەختێک قسان دەکات رووی لێتە و چاوی بڕیوەتە چاوت، یان کاتێک قسەت لەگەڵدا دەکات چاوی داخستووە، یان چاوی بڕێوەتە جێیەکی دیکە و رووی لێ وەرگێڕاوی؟



بەهەرحاڵ، ئەگەر هاتو جووڵەی جەستە و قسەکانی تاک، دژبەیەک بوون، ئەوە سوور بزانە، جووڵەی جەستەی، قسەی ناخیەتی و حیساب بۆ زمانی جەستەی بکە، نەک بۆ ئەوەی وا زارەکی دەیڵێت. واتە کاتێک باوەڕ بە قسەکانی بکە، کە لەگەڵ جووڵەی جەستەیدا هاوئاهەنگ بوون. ئەوەندە هەیە، مرۆڤ هەتا پتر بچێتە نێو تەمەنەوە، بە گرانتر جووڵە و ئاماژەکانی دەخوێنرێنەوە. وەلی مەرج نییە هەموو نووسەرێکیش لە زمانی جەستە حاڵی ببێت، ئەوە بۆیە وەک پێویست لە چیرۆکی کوردیدا بەگەڕنەخراوە.
هەموو ئەو ئاماژانەی پێشتر باسمکردن و زۆری دیکەیش، کە بەسەر یەکەوە زمانی جەستە پێکدێنن، شەرم لە کەس ناکات و هیچ نهێنییەک لەلای خۆی ناشارێتەوە. وەلێ لەم رووەوە دەتوانم بڵێم، چیرۆکی کوردی بەگشتی، پەی بەم زمانە رەوانە نەبردووە و لە دەقەکاندا بەرچاوت ناکەوێت.

با نموونەیەک بهێنمەوە. مرۆڤ زارەکی دەتوانێت بڵێت: (من تینووم نییە) وەلێ کاتێک سەرنجی زمانی وشک و لێوی وشکهەڵاتووی ئەو کەسەت دا، درۆکەیت بۆ ئاشکرا دەبێت. یان کاتێک یەکێک دەڵێت: (گەرمام نییە) بەڵام وەختێ دڵۆپی ئارەقەت بینی تک تک بە لاجانگیدا دادەخزێت، بۆت ڕووندەبێتەوە، کە درۆ لەگەڵ خۆی و لەگەڵ تۆیشدا دەکات.
تۆ دەتوانیت لە ڕێی جووڵەی جەستەوە بەرانبەرەکەت بخوێنییەوە و لە مەرام و مگێزیشی تێبگەیت. یان بە جووڵەی جەستەدا ئەو نامەیەی بۆتی دەنێرێت بیخوێنییەوە. لە ڕاستیدا نەک هەر ڕەوتوڕۆین و جووڵە، بەڵکو ڕاوەستانیش بە شێوەکەیدا دەخوێنرێتەوە و شرۆڤەی بۆ دەکرێت.

جەستەی مرۆڤ گرنگترین و لەپێشترین فیگەرە، یان کەرەسە و ئیکۆنە بۆ گوزارشت و گێڕانەوەی کۆمیدیا و نوکتە. ئایا تۆ سەرنجی (چارلی چاپلن)ت داوە چۆن بەتەنیا لە ڕێی هەڵسوکەوت و جووڵەی جەستەیەوە، حیکایەتمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەمخاتە قاقای پێکەنین؟ خۆ ئەو لە فیلمەکاندا گوتوبێژی نییە. ئەگەرچی ئەو، وەک ئەکتەرێک لە سەردەمی سینەمای بێدەنگدا دەرکەوتووە، وەلێ ئەو بە جووڵەی جەستەی خۆی، ڕەوانتر لە زمانی گوتوبێژی ئاسایی ڕووداو و حیکایەتمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەگەر بهاتایە و ئەکتەری ناوبراو بە زمان ئەو حیکایەتانەی بگێڕایەتەوە، هەم ئەو کاریگەرییە بەهێزەی لەسەر بینەر نەدەبوو، هەمیش بۆ غەیری ئینگیلیز پێویستی بە وەرگێران (سەبتایتڵ) دەبوو. بەڵام زمانی جەستە جیهانییە و هەموو لایەک، بە کەڕ و لاڵەکانیشەوە، لێی حاڵی دەبن.



**ئایا تۆ سەرنجی (چارڵی چاپڵن)ت داوە چۆن بەتەنیا لە ڕێی هەڵسوکەوت و جووڵەی جەستەیەوە، حیکایەتمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەمخاتە قاقای پێکەنین؟ خۆ ئەو لە فیلمەکاندا گوتوبێژی نییە. ئەگەرچی ئەو، وەک ئەکتەرێک لە سەردەمی سینەمای بێدەنگدا دەرکەوتووە، وەلێ ئەو بە جووڵەی جەستەی خۆی، ڕەوانتر لە زمانی گوتوبێژی ئاسایی ڕووداو و حیکایەتمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەگەر بهاتایە و ئەکتەری ناوبراو بە زمان ئەو حیکایەتانەی بگێڕایەتەوە، هەم ئەو کاریگەرییە بەهێزەی لەسەر بینەر نەدەبوو**

سەما، زمان و نمایشی جەستەیە لەوپەڕی ڕەوانبێژی، وزە، چالاکی و درەوشانەوەی خۆیدا. جەستە لە ڕێی سەماوە، دەکارێ لە هەموو جۆرە دەسەڵاتێک یاخی ببێت و گوزارشت لە ئازادی و خۆشەویستی و جەنگ و... تاد بکات. ڕەنگە نهێنییەکی گرینگم نەدرکاندبێت ئەگەر بڵێم، زۆرێک لە سەماو هەڵپەڕکێی کوردی، بەرلەوەی سەمابن، مانۆری سەربازی و ئامادەکارین بۆ جەنگ و بەرەوڕووبوونەوە.

هەروەک جەستە دەتوانێت بەهۆی جووڵە و ئاماژەوە، بەزمانی خۆی، کە ڕەوانترە لە زمانی گێڕانەوە و زمانی شیعر، مەزنترین دراماو کارەسات بگێڕێتەوە. لە تافی سەمادا، ئەندامانی جەستە، دەست و پێیەکان و کەمەر، ڕۆحسووکانە دەسووڕێن و دەجووڵێن و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێن، وەلێ ڕۆح لە قووڵایی دەروونەوە دەپەیڤێ. دەشێ هەندنێک جاران سەما، جا بە تاک بێت یان بە کۆ، نامەیەکی سۆفییانەی نوورانی بە بینەران بگەیەنێت. یان بێهوودەیی ژیان بدات بەبا. دیارە سەمایش تەکنیکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئەندامانی ئەو جەستە حاڵ لێهاتووە، لە هەڕەتی خۆیدا، بە هاوئاهەنگی و هاریکاری لەتەک یەکدا رایدەپەڕێنن.



# مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی « دوو رشتە»دا

حەیدەر عەبدوڵڵا

نازانم بۆچی راگەیاندنی کوردی لە ئاست مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس ئەوەندە بێ باکە، نازانم بۆچی لە باس و خواسی ئەودا هێندە خامۆش و کڕ و کپە! خۆ ئەو تەنها مەلا نەبوو، بەڵکوو نووسەر، لێکۆڵەر، وەرگێر و لێکدەرەوەی دیوانە کلاسیکییەکان بوو. ئەو کارەی ئەو کردی هیچ مەلا و رۆشنبیرێک ناتوانێ خۆی لە قەرەبدات، ئەو نزیکەی سەد کتێبی بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی بۆ ئێمە کردە دیاری، شاکارە جوانەکانی ئەو ئێستا وەک مانگ دەدرەوشێنەوە، ئەگەر ئەو مەلا منەوەرە نەبوایە چییمان کردبا بۆ لێکدانەوەی شیعرەکانی مەولەوی و مەحوی و نالی و بێخود ...تد. بەڵێ ئەو مەلا بوو، بەڵام چ مەلایەک، شەو و رۆژ خەریکی نووسین بوو، بەردەوام سەرقاڵی تەدریس بوو. تاکو مرد خامەی بە برشتی لە سەر تێنووس هەڵنەگرت، وەک فریشتەیەک، وەک پارچە نوورێک رووناکی دەدا، عەقڵ و هۆشێکی فراوانی هەبوو زۆر بە پاکی خزمەتی ئایین و نەتەوەکەی دەکرد، زانستی ئەو عاریف و رۆشنبیرە وەک ئاوی کارێز وابوو بە سروشتی خۆی هەڵدەقووڵی و دەوربەری خۆی تێرئاو دەکرد، کورەکانیشی وا رێنمایی کردبوو کە لە خزمەتکردنی ئەدەب و رێنووس و زمانی کوردیدا بۆ ساتێکیش چەتوونی و رژدی نەنوێن.

ئەرێ گەلۆ بۆچی وەک وەفایەک شوێنێک، فەرمانگەک، پەرتووکخانەیەک بە نێوی ئەو کەڵە نووسەرە ناکەیت؟ تاکەی ئەو داهێنەر و ماندوونەناس و عاریفە گەورانەی کورد لە یاد بکرێن، تاکەی سپڵەیی و بێ ئەمەکی لە نێوماندا چرۆکانی چەکەرە بکەن؟

بابێمە سەر کرۆکی باسەکەم، لەم ڕۆژانەدا بە ڕێکەوت لە کتێبخانەکەمدا دەستم بە سەر کتێبی (دوو رشتە)ی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس هەڵنگووی، دوای تێڕامان و خوێندنەوەی، تەواو مەست و حەیران بووم. ئەم کتێبەی مامۆستا هەر چەند فەرهەنگێکی عەرەبی کوردییە، بەڵام لە پاڵیدا کۆمەڵێک زانیاری بە سوود بە شێوەی هۆنراوە دەرخراون. هەر لە سەرەتای کتێبەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات و دەفەرمووێ:

**عەرزم ئەوەیە ئەی نەوەی مەردان * نەتەوەی پاکی نەژادی کـــوردان**
**ئێمە گەلێکی خاوەن حەسەبین * برای ئایینی گەلی عەرەبیـــــــن**
**هەموو نیشتەجێی یەک نیشتیمانین * ئەبێ زمانی یەکتر بزانـــــــین**
**بۆم هۆنیەوە بە شێوەی ئەدەب * دوو رشتەی لوغەت بۆ کورد و عەرەب**
**هیوام وەهایە کە خاوەن سوودبێ * چرای ڕووناکی ڕێگەی مەقسوود بێ**
**خاوەن بەهابێ لای پیرو گەنجان * هەر وەک دوو رشتەی یاقووت و مەرجان**

لێرەدا مامۆستا ئامۆژگاری هاوزمانەکانی دەکات، بە نەوەی مەردان و پاک نەژاد بانگیان دەکات و پێیان دەڵێ مادەم ئێمە هەموومان نیشتەجێی یەک خاک و ئاوین پێوستە زمانی یەکتر فێر بین، چونکە نەزانینی زمانی یەکتر کۆسپێکی گەورەیە لە ڕێگەی پێکگەیشتن و تێکگەیشتن ، عەرەب گەر دۆستە یان دووژمن دواجار زمان دەبێتە پردێک بۆ دایەلۆگی نێوانمان.

ئەوەندەی من سەرنجم دابێت کوردی ڕۆژهەڵاتی فارسی دەزانێ، کوردی باکوور تورکییەکی ڕەوان دەزانێ، کوردی ڕۆژئاواش عەرەبی بەباشی دەزانێ، بەڵام بە داخەوە کوردی باشوور بە تایبەت وەچە و نەوەی نوێ هیچ شتێک لە زمانی عەرەبی نازانێ! پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێ: ( من زاد لسانا زاد انسانا)، زمانی عەرەبیش یەکێکە لە زمانە هەرە زیندووەکانی دنیا، ڕۆشنبیرانی خۆرئاواش هەر لە زووەوە دانیان بەم هەقیقەتە داهێناوە و مێژ ساڵە گوتویانە زمانی عەرەبی زمانی مەعریفەیە، دەی کەواتە بەخۆ دوورە پەرێزگرتن لێی و دژایەتی کردنی هەرخۆمان زیانبار دەبین و بەس.

مامۆستا عەبدولکەریم لەو فەرهەنگەدا نەهاتووە تەنها وشە بە وشە مانا بکات، بەڵکوو لە پاڵ هەر وشەیەکدا سێبەری واقیعی وشەکەش دەردەخات، بۆ نموونە:

**(صحفی) مانای ڕۆژنامەنووسە * گەر ئازاد نەبی گەل لێی مەئیووسە**
**(حریف) هاوپیشە (زمیل) هاوئیشە* ئینسانی بێ ئیش دڵ پڕ تەشویشە**

بروانە لە پاڵ ماناکردنی وشەی رۆژنامەنووس، بەهای رۆژنامەنووسیشی دەرخستووە، رۆژنامەنووس دەبێ ئازاد و ئازابێت، دەنا گەل و نیشتیمان لێی بێئومێد دەبێ، کەواتە بابای رۆژنامەنووس تەنها لە کەش و هەوای ئازاددا دەتوانێ گوزارشت لە هەقیقەت بکات، گەر وانەبوو هەموو راستیەکان سەر نگووم دەکاتەوە.

دواتر لە رۆخ ماناکردنی (حەریف) و (زمیل) دەردی بێکاری دەردەخات و دڵی بێکار بە تەشویش و ئاڵۆزکاو وەسف دەکات. دیارە لە پێش ئەویش مەلای گەورە مرۆڤی کارنەکەر و تەمبەڵی سەرزەنشت کردوە و بۆ کارکردن و دارابوون رێنوێنی کردوون، هەروەک دەڵێ:

**ئەوەی دونیای نەبێ دینی زەعیفە * مەلابێ یا شیخ بێ یا خەلیفە**
**مەداری دین و دونیا هەر غینایە * ئەو حەدیسەی فەقر و فخر ئیفتیرایە**

کەواتە خۆ گۆشەگیرکردن بە پاساوی خواپەرستی و مانەوە تەنها لە مزگەوت و خۆ خەریکاندن تەنها بە پەرستش لە گۆشە نیگای هەریەک لەم دوو زانا مەزنەی کورد جێگەیان نابێتەوە.
مامۆستای مودەریس لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

**(إستقلال) مەعنای سەربەخۆییە * غەیری ئازادی رەنجەڕۆییە**

ئازادی و سەربەخۆبوون بەچکەی یەک دایکن ناکرێ و نالوێ لە یەکتریان جیابکەینەوە، ئەستەمە بەبێ سەربەخۆبوون ئازادی مانا فراوانەکەی خۆی بەرجەستە بکات، وشەی رەنجەڕۆیی، واتا: سەرفکردنی توانست و توانا بەبێ هیچ بەهایەک و بەرامبەرێک، بێگومان لە ئازادییدا دەنگە قەتیسماوەکان دێنە گۆ و هاوارە خەماویەکان گوێیان بۆ دەگیرێ.

لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبە دێتە سەر باسکردنی مەسەلەیەکی جوگرافیی و لە پشت ماناکردنی زاراوەکان زانیارییێکی باش و پر سوودمان دەسگیردەکات:

**(مشرق) خۆرهەڵات (شمال) باکوورە * (مغرب) خۆرنشین (جنوب) باشوورە**
**کاتی رووتکردە نوختەی خۆرنشین * لای راست باکوورە و چەپ باشوور یەقین**

لێرەدا زۆر بەسادەیی روون دەبێتەوە کە هەر کاتێ مرۆڤ لە هەرشوێنی و جێگەیەک بوو دەتوانێ ئەمە بۆ خۆی بکاتە پێوەر، راستەوخۆ رووبکاتە خۆرئاوا، ئیتر لای راستی دەبێتە باکوور و لای چەپیشی دەبێتە باشوور، بەمەش هەموو حیسابە گەردوونیەکانی بۆ سانا دەبێت. لە شوێنێکی تر لە دوای ماناکردنی وشە عەرەبییەکە وەک سەماوەر دەکەوێتە جۆش و خرۆش و خۆشەویستی بۆ وڵات و بیارە دەردەبرێت و بە وشەی ناسک و پەتی خەست وخووڵی دەکات و دەڵێ:

**(نسيمی سحر) شنەی بەربەیان * نەشئەی ئەبەخشێ بە دڵ و بە گیان**
**تایبەت نەسیمی چەمی بیارە * کاتـــــــــی بەهاران دنیا گوڵزارە**
**بولبول مەست دەکا لە سەر چڵانە * دڵ سەربەست ئەکا لە ناو گوڵانە**

هەرکەسێک کتێبەکانی مامۆستا بخوێنێتەوە راستەوخۆ هەست بە چێژی ئەدەبی دەکات، بۆن و بەرامەی ئەدەب خۆی دەخزێنێتە نێو ناخ و دەماغی، زۆرەبەی کتێبەکانی پڕن لە شیعر و هۆنراوە، بەتایبەتی کتێبەکانی (رێگای بەهەشت) و (سەنا و سکاڵا) و ( بەهار و گوڵزار) و (بارانی رەحمەت) و (ئاوی سەعادەت) و ...تاد. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت نازناوی شیعری مامۆستا عەبدولکەریم (نامی)یە.

مامۆستا دوای ئەوەی لە دوو رشتەدا باسی مانگە عەرەبییەکان دەکات و مانایان دەکات، ئینجا بە شێوەیەکی زۆر ناسک و جوان و بە ئەدەبێکی دڵگیر مانگە کوردییەکان بە دوای یەکدا ریز دەکات، ئەمە هۆشی کەسێکی وەک مامۆستای نامییە پەیی بەم وردەکاریانە دەبات و بە هۆنراوە پێشکەشی نەوەی نوێی کوردی دەکات، تاکو وەک ناوی خۆیان لە بەری بکەن:
**نەورۆز و، گوڵان، مانگی جۆزەردان * پوشپەر، خەرمانان، گەلاوێژی جوان**
**رەزبەر، گەڵارێز، سەرماوەز بەنام * بەفرانبار، رێبەند، رەشەمێ ئەنجام**

چەند جێگەی دڵخۆشی بوو هەموو فەرمانگە حکوومی و ئەهلییەکان ئەو دوو دێرە هۆنراوەیان هەڵواسیبا، بۆئەوەی لە کاتی پرسیار لێکردنیان زمانیان تەتەڵە نەکات و نەبێتە تەڵەی تەقیو، وەک ئەو کەسەیان لێ نێ کاتێ پرسیاریان لێ کرد ئەم مانگە چ مانگێکی کوردییە؟ گوتی: چیی بۆ کوردیش ناوی مانگەکانی هەیە!

لەم کتێبەی مامۆستا ناو و زاراوەی زۆر گرینگت بەرچاو دەکەون، لە شوێنێک وێنا و بەراوردی نێوان (نفس) و (عقل) و (علم) دەکات، بەم جۆرەی خوارەوە:
**ئەگەر بتەوێ وێنەیەکی جوان * بۆ نەفس و عەقڵ و بۆ عیلمی ئینسان**
**(نفس) وەک شووشەی ئاوێنە وایە* (عقل) رووناکی بەسەر ئەودایە**
**(علم) بە وێنەی ئەو وێنە وایە * کە لە ناو مینای ئاوینەدایە**

ئەمە چ راڤەیەکی ناسک و جوانە، شووشەی ئاوێنەیەک بخە بەرچاوت ، رووناکییەک بەسەر ئاوێنەوە هەیە، لە ناو مینای ئاوێنەکەش دا وێنەک دەردەکەوێت، ئەمە یانی نەفس و عەقڵ و عیلم.

لە شوێنێکی دیکەدا باسی خۆ بە زلزانین و خاکەڕای مرۆڤ دەکات و دەڵێ:

**(تواضع) مەعنای خۆ دانەواندن * لە بەر پیاوەتی نەک خۆ شکاندن**
**(تکبر) فیزە (غرور) بایی بوون* هەرکەس بایی بێت ئەروا سەرنگوون**

کەسانێک هەن تەوازع و نەرمونیانی مرۆڤەکان دەقۆزنەوە و سوکایەتی پێ دەکەن، بۆیە مامۆستا لە ماناکردنی وشەی (تەوازوع)، ئەمە بەسەنگینی و پیاوەتی لێکدەداتەوە، چونکە مرۆڤ بە تەوازووع بەرز و شکۆدار دەبێت و بە فیز و یاخیبوونیشن خاپوور و وێران دەبێت.

# له نێوان (دوکتۆر گلاس) و (تاوان و سزادا)
## رامانێک له رەوایەتی کردەی کوشتن و ئەرکی مۆراڵ

ئارام شێخ وەسانی

١

له رۆماندا زۆرجار بیرۆکه و فیکر و تەنانەت تەکنیک و ستایلی هاوشێوه دووباره دەبنەوه. بیرورا سەبارەت بەم بابەته دوو لایەنەیه، بەشێک خەڵک بەرهەمەکان به داهێنان ناو نابەن و بەڵکوو بەلاسایکردنەوه ئەژماری دەکەن، بەشێکیش له خەڵک و نووسەران بڕوایان وایه که کێڵگەی ئەدەب موڵکی هیچ کەسێک نییه و دەکرێت به ستایلی یەکتر و به فیکری یەکتر کاریگەربین و شتی جیاواز بەهۆی ئەو کاریگەر بوونه بخوڵقێنین. بەدیدی من تێفیکرینی کۆمەڵەی دووەم تەندروستتره، وەلێ دەبێت ئەوەش رەچاو بکرێت که زۆر بەرهەمی ئەدەبی هەیه دەقاودەق لەهەموو رووبەکەوه کۆپییه، ئێمه قسەمان لەسەر ئەو جۆره نییه بەڵکوو مەبەستمان کاریگەربوونه. رۆمانی (تاوان و سزا)ی دیستۆفیسکی یەکێک له شاکاره هەره جوانەکانی ئەو نووسەره و دنیای رۆمان. نووسەر به روونی لەم رۆمانەدا ئیش لەسەر چەند پرسێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی و فەلسەفی دەکات. پرسی کوشتنی پیرەژنێکی سوخۆر گرێیەکی گەورەیی رۆمانەکەیه. رەوایەتی بەخشین به کوشتن و دواتر جەختکردنەوه لەسەر ئەوەی ئەو کوشتنه هەڵەیه نەک تاوان، بازنەیەکی فیکری لای هەموو بخوێنێک دروست دەکات. راسکۆلینکۆفی پاڵەوانی (تاوان و سزا) گومانێک لای هەمووان چێ دەکا ئەویش

ئەوەیە: ئایا دەکرێت هەندێک مرۆڤ بەهۆی نامۆڕاڵی لە ئەخلاقیان یاخود بەهۆی ڕێزنەگرتن لەسروشت و جوانی ژیان حوکمی ئەوەیان بەسەردا بدرێت کە بمرن بەبێ ئەوەی ئەو مردنە هیچ دەروونێک ئازار بدات؟ ڕەنگە کارەکتەری راسکۆلینکۆف و فیکری ڕەوایەتی بەخشین بەکوشتن لە ( تاوان و سزا) نەگەیشتبێتە کۆتایی، بەڵکو ئەوە تەنها سەرەتایەک بێت بۆ وروژان و نووسینگەلێکی دیکە لەو بارەیەوە، بەتایبەت شیکردنەوەی کۆدە ئەخلاقییەکانی ئەم بابەتە، هەیمەنەو ئەهمیەتێکی باڵای هەیە.



یالمار سۆدێرباری

## ٢

کاتێک دیستۆفیسکی لەساڵی ١٨٨١ کۆچی دوایی دەکات، نووسینەکانی ناوبانگی زیاتر و شرۆڤە و خوێندنەوەی جیهانی لەخۆیان کۆدەکەنەوە. ئەدەبی کۆمەڵگەی سویدی وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا لەبابەتی شیکاری فیکر و شیکردنەوەی ئەدەب، خاوەنی نووسەری هەڵکەوتوون. نووسەر هەیە تەواوکەری نووسەرێکی دیکەیە. بنووس هەیە لەژێر کاریگەری جۆرە ئایدیا و تێرامانێکی سنووردار بەرهەمی باڵا دەئافرێنێت. (یالمار سۆدێرباری) نووسەرێکی سویدییە، ئەو تەمەنی دوانزە ساڵان بوو کاتێک دیستۆفیسکی کۆچی دوایکرد. چواردە ساڵ پاش مردنی دیستۆفیسکی، واتا لەساڵی ١٩٠٥ ڕۆمانێکی بڵاوکردەوە بەناوی (دوکتۆر گلاس)، ئەم ڕۆمانە بەیەکێک لەکارە هەرە بەپێزەکانی نووسەر ئەژمار دەکرێت کە لە کۆمەڵگای سویدی و بەشێکی ئەورووپاش دەنگدانەوەی هەبوو. ئەم ڕۆمانە بەهەمان بیرۆکەی کاریگەربوون، بە

بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی (ڕەوایەتی بەخشین بە کوشتن) دەستپێدەکات. بیرۆکەی کارەکە زۆر نزیکە لە بیرۆکە و ڕامانی دیستۆفیسکی، ئەوەش بەشاراوەیی نەماوەتەوە بەڵکوو ئەو کاریگەر بوونە لای نووسەر جێگەی شەرم و شاردنەوە نییە و خۆی ئەوە ئاشکرا دەکات کە کاریگەر بووە بە کارەکتەری ڕاسکۆلینکۆفی (تاوان و سزا). نووسەر ئەو ڕامان و شرۆڤە گەورەیەی کە رۆمانی (تاوان و سزا) لەخۆی دەگرێ وەک پاڵپشتییەک بۆ کارەکەی بەکاریدەهێنێت. لێرەوە بابەتی کاریگەربوون بەتەواوی دەسەلمێت.

**(یالمار سۆدێرباری) نووسەرێکی سویدییە، ئەو تەمەنی دوانزە ساڵان بوو کاتێک دیستۆفیسکی کۆچی دوایکرد. چواردە ساڵ پاش مردنی دیستۆفیسکی, واتا لەساڵی ١٩٠٥ ڕۆمانێکی بڵاوکردەوە بەناوی (دوکتۆر گلاس)، ئەم ڕۆمانە بەیەکێک لەکارە هەرە بەپێزەکانی نووسەر ئەژمار دەکرێت کە لە کۆمەڵگای سویدی و بەشێکی ئەورووپاش دەنگدانەوەی هەبوو. ئەم ڕۆمانە بەهەمان بیرۆکەی کاریگەربوون, بە بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی (ڕەوایەتی بەخشین بە کوشتن) دەستپێدەکات**

ئەوەی گرینگە شێواز و زمانی نووسینە. دەکرێت ئێمە لە بیرۆکەو ڕامان کاریگەربین بە یەکتر بەڵام بابەتی لێهاتووی زمان و دەربڕین کارێکی ئەستەمە. ئەوەش بەو مانایەی کە دەبێت بنووس خاوەنی زمان و شێوازی خۆی بێت بۆ دەربڕین و گەیاندنی فیکرەکان. یالمار لەناو کۆمەڵگەی سویدی گەورە بووە. کاریگەرە بە ژینگەیەکی جیاواز لە ڕوانگەی سەدە و دەورووبەر. ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە دەکرێ تێرامان و بیرکردنەوە کاریگەربن بەڵام نەشیاوە زمان و شێوازی دەربڕین کۆپی بکرێت.

## ٣

دوکتۆر گلاس پاڵەوانی ڕۆمانەکە بیرۆکەی کوشتنی قەشەیەک لەناخیدا ڕۆژ دوای ڕۆژ دنەی دەدات. کوشتن بە هەموو ڕەهەندێکییەوە تراژیدیایە، وەلی لای دکتۆر گلاسی (یالمار) و ڕاسکۆلینکۆفی (دیستۆفیسکی) هەوڵێک هەیە بۆ شاردنەوەی ڕەهەندە تراژیدیەکانی کوشتن.

له (تاوان و سزا)دا پاڵەوان پیرەژنێکی سووخۆر دەکوژێت رەوایەتی کوشتنەکەش بۆ خوێنەر روونده‌کاتەوە. دوکتۆر گلاس له رێگەی پیشەی دوکتۆرییەوە به خێزانی قەشه (گریگۆریوس) ئاشنا دەبێت. دواتر بەهۆی ئەوەی دەبێتە پزیشکی خێزانی ئەو ماڵه ئەوا زۆرینەی نهێنییەکانی ئەو ماڵه دەزانێت، دوکتۆر دەزانێت کە قەشە ئافرەتێکی زۆر بە تەمەن لەخۆی بچووکتری کردۆتە هاوسەری خۆی و بەردەوام ئازاری دەدا. ئەو چاودێری ئەو ئازارانە دەکات، وێرای ئەوەی کە عەشقێکی نووستووش له دڵیدا بەخەبەردێت بەرامبەر بە خاتوونی قەشەکە. ئیتر رووداوەکان بەردەوام دەبن تاوەکوو دوکتۆر دەگاتە ئەو بڕوایەی کە بۆ ئەوەی بەو عەشقەی بگات دەبێت قەشه بکوژێت. لەگەڵ بیرکردنەوە و رامان و دایەلۆگێکی فراوانی نێوان خودی دوکتۆر و دەروونی دوکتۆر، ئەو بڕیارە جێ بەجێ دەکات و بەهۆی حەبێکی کوژەرەوە قەشە دەکوژێت، لە کۆتاییشدا ئەو ئامانجەی بێبەها مایەوە و هەرگیز خاتوونی قەشە نەبووە واقیعێک لە ژیانی ئەودا و لەم کارەدا هیچی بۆ نەمایەوە. ئەوە گرێی سەرەکی رۆمانەکەیە زۆر بەکورتی. لێرەوە یەکسەر دەتوانین قسە لەسەر زۆرێک میتۆدی هاوبەش بکەین لەنێوان ئەم کارەی (یالمار) و (دیستۆفیسکی). هەروەها بۆ نووسەرانی کورد ئەوە باشترین نموونەی کاریگەربوونی ئەدەبە بەئەدەبێکی دیکە، بەبێ ئەوەی کەس بڵێت یەڵمار دزی ئەدەبی کردووە. بەداخەوە له کوردستان ئەگەر نووسەرێک کاریگەر بێت بە نووسەرێکی دیکە و فیکر و بیروڕای کەمێک درێژەدان و ئیشکردن بوو بەئاراستەی فیکری هاوشێوە، ئەوا تۆمەتی جۆراوجۆر و ناپەسەندی ئاراستە دەکرێت، کە لەدنیادا ئەوشتانە بەم تەرزەی لای خۆمان نییە.



دیستۆفیسکی

# له ڕۆمانی (تاوان و سزا) بابەتی کوشتن و مۆڕاڵی کوشتن بە بابەتێکی ئیمانی دەبەسترێتەوە. بەڵام لە ڕۆمانی (دوکتۆر گلاس)دا تێگەیشتن لە مۆڕاڵ لە ڕوانگەی کەسەکان، دەبێتە بنەما بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە کردەی کوشتن

## ٤

بۆ ئەوەی قسە بکەین لەسەر ڕەوایەتی بەخشین بە کوشتن دەبێت بەر لە هەر بیرکردنەوەیەک ئاخفتن لەبارەی مۆراڵەوە بکەین. لێرەوە بە چەند پرسیارێک باسەکە دەوروژێ، ئایا کردەی کوشتن بەگشتی کردەیەکی نامۆڕاڵییە؟ یاخود دەکرێت هەندێک جۆر کوشتن هەبن لەپێناو گێڕانەوەی مۆڕاڵدا؟ ئایا خودی مۆڕاڵ ئەوە دەهێنێت کە بکرێتە بەهانەی سەندنەوەی ڕۆح لە مرۆڤێک کە تۆ پێت نەبەخشیووە؟ ئەگەر بە کورتی وەڵامی هەر پرسیارێک لەوانە بدەینەوە دەگەینە چەند ڕاستییەک وەلێ ناگەیینە وەڵامی بنبەست بۆ ئەم پرسیارانە، چونکی ئەو بابەتانە تا ئێستاش بەکراوەیی ماونەتەوە. هەروەها ئەوەی تائێستا وتراوە لەبارەی مۆڕاڵی ئەو جۆرە کوشتنەی کە لە ڕۆمانی (تاوان و سزا و دوکتۆر گلاس)دا هەیە شتێکی یەکلاکەرەوە نییە جگە لە بیروڕایەک کە دەکرێت پەسەند بێت یاخود ناپەسەند. لە ڕۆمانی تاوان و سزا بابەتی کوشتن و مۆڕاڵی کوشتن بە بابەتێکی ئیمانی دەبەسترێتەوە. بەڵام لە ڕۆمانی دوکتۆر گلاسدا تێگەیشتن لە مۆڕاڵ لە ڕوانگەی کەسەکان، دەبێتە بنەما بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە کردەی کوشتن، ئەمە وێڕای ئەوەی دوکتۆر گلاسیش ناتوانێت لەبەر هەندێ بابەتی ئیمانی هەڵبێت بەڵام بەبۆچوونی گلاس، یاسا ڕێگری تەواو لەو کارە دەکات بەهەر بەهانەیەک بێت، بەڵام ئەو دەڵێت (هیچ مرۆڤێکی بەویژدان لێ ناگەڕێ یاسا بڕیار لەسەر شێوازی ڕەفتاری بدات).لا ١٠٤ ئەگەرچی لە ڕۆمانەکەی ( یالمار) بە کەمی بابەتی ویژدان و ئیمان بەرباسدراوە، بەڵام ئەگەر بە ڕستەیەکیش بێت هاوڕابوونی خۆی دەرخستووە لە گفتوگۆ ئیمانییەکەی راسکۆلینکۆف. ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاق بەگشتی یەکێکە لە بابەتە ئاڵۆز و سەرنجکێشەکانی دنیای نووسین. لە فیکری یالماردا ئەخلاق لە ڕەوشێکی ناجێگر دایە. ئەوەش بەو مانایەی کە لەکاتی کردەی کوشتنی کەسێک جۆرە مۆڕاڵکمان هەیە و لەکاتێکی دیکەدا مۆڕاڵکی تر. هەروەک دەڵێت (مۆڕاڵ لە ڕەوشێکی بزۆزدایە، مۆڕاڵ هەتا لەو ساتە وەختە خێرایانەی ئێمە لە دنیادا دەژین ڕووبەڕووی گۆڕانکاری دیار بۆتەوە)، هەر لەهەمان لاپەڕدا بیروڕاکانی نووسەر سەبارەت بە مۆڕاڵ تۆختر دەبن و دەڵێ: (مۆڕاڵ تێڕوانینی خەڵکانی ترە لەبارەی ئەوەوە کەچی ڕاستە) لا ١٠٥.

**لە فیکری یالماردا ئەخلاق لە رەوشێکی ناجێگر دایە. ئەوەش بەو مانایەی کە لەکاتی کردەی کوشتنی کەسێک جۆرە مۆڕاڵکمان هەیە و لەکاتێکی دیکەدا مۆڕاڵکی تر. هەروەک دەڵێت(مۆڕاڵ لە رەوشێکی بزۆزدایە, مۆڕاڵ هەتا لەو ساتە وەختە خێرایانەی ئێمە لە دنیادا دەژین رووبەڕووی گۆڕانکاری دیار بۆتەوە)**

نووسەر بەباشی تەوزیفی بابەتی مۆڕاڵ دەکات لەپێناو رەوایەتی بەخشین بەکردەی کوشتن. ئەم وتەیەی سەرەوە مانای ئەوەیە کە مۆڕاڵی کردەی کوشتنی قەشەیەکی ستەمکار بەسەر ئافرەتێکەوە مۆڕاڵکی درووستە. لەلایەکی دیکەوە نووسەر بەڕوونی مۆڕاڵ وەک پاڵپشتیەک بۆکردەکە بەکار دەهێنێت. دەکرێت ئێمە بەهۆی ئەو رێپێدانە مۆڕاڵیانەی خۆمان چی بە باش دەزانین بیکەین. وەلێ ئەوەی بەگرینگی دەمێنیتەوە ئەوەیە ئایا ئەوە تاچەند راستە کە مرۆڤ ئەوەندە خۆویست بێت مانای مۆڕاڵ لەخۆیدا کۆتای پێبهێنیت. ئەو بابەتە فیکرییەی زۆر بەباشی لای نووسەر جێگەی گومان و گفتووگۆیە. نووسەر گفتوگۆیەکی دروستکردووە لە نێوان پاڵەوان و دەروونی پاڵەوان. بەردەوام بیرکردنەوەی پاڵەوان بۆ کوشتنی قەشە بیرکردنەوەیەکی دایەلۆگئامێزە، هەر بەو هۆیەشەوە دەگاتە بڕوای ئەوەی کە کردەی کوشتنی قەشە بۆ بەدیهاتن و لادانی ستەم لەسەر ژیانی کەسێکی دیکە کردەیەکی ئەخلاقی رەوایە. نووسەر خۆی ئەوە ناشارێتەوە کە نایەوێت پاڵەوانەکەی وەک پاڵەوانەکەی دیستۆفیسکی لەدوای کردەی کوشتنەکەوە بکەوێتە ژێر تارمای و عەزابی بیرکردنەوە لەو تاوانە، تەنانەت لە رۆمانی دوکتۆر گلاسدا ناوی راسکۆلینکۆف هاتووە. جیاوازییەکە ئەوەیە کە دەکرێ مرۆڤێکی جیاوازتر لە پاڵەوانی (تاوان وسزا) هەبێت و بەقەناعەتەوە کردەی کوشتن ئەنجامبدات و ترسیشی لە خەون و تەلیسمی بیرکردنەوەی دوای کوشتنەکە نەبێت. لە رۆمانی (دوکتۆر گلاس) نووسەر ئەوە رادەگەیەنێت کە ژیانی مرۆڤایەتی بەدەر نییە لە بیرۆکەی تێنەگەیشتن لەدنیا و ئەو رایدەگەیەنێت (ئەی ژیان من تێت ناگەم).ئەوەی زۆر بەلای منەوە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە نووسەر لەپاڵ ئەم چیرۆکەدا بەهای ئەخلاق کەمدەکاتەوە و بێ باوەڕی خۆی لەمەڕ ئەخلاق و داونەریت دەردەبڕێت.

## ٥

له رۆمانی (دوکتۆر گلاس)، عەشق و خۆشەویستی وەک کەرەستەی سەرەکی ئەنجامدانی کردەی کوشتنەکە دەبینرێن. رۆماننووس له سەرەتاوه کارەکتەرەکەی بەجۆرێک نیشاندەدات که کێشەی ئەوینی هەیه. ئەو ئەگەرچی پێشتر ئەزموونێکی راستەقینەی عەشقی نییه، که چی لەناکاوێکدا وەک عاشقێکی تاک لایەنه دەکەوێتە بیرکردنەوه، پاڵەوانی رۆمانەکە دەڵێت (هیچ شتێک وەک ئەوە مرۆڤ سووک و بچووک ناکاتەوە که سوڕ بزانێت کەس عاشقی نییه)لا ٧٥.

## بابەتێکی دیکەی گرینگ لەرۆمانی دوکتۆر گلاس قسەکردنه لەبارەی بەختەوەری، گەڕان و بەرباسدانی بەختەوەری و بەستنەوەی به بابەتی خۆشەویستی و خۆشگوزەرانی ژیان واتاگەلێکی زۆر دەگەیەنێت. نووسەر لەبارەی بەختەوەرییەوە دەڵێت:(بەختەوەری دەرئەنجامی شتێکە که هەرکەسێک لەهەلومەرجێکی خۆیدا، زێدە خواستراوە بۆی)

ئەو تەرزە تێرامانە له عیشق مرۆڤ هاندەدات بۆ ئەوەی خولیا و مەیلی بکەوێتە گەڕان بۆدۆزینەوەی حاڵەتێک له عاشقبوون. ئەو وتەیه رەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی پاڵەوانی رۆمانەکەیه که کەس عاشقی نییه، زۆرجار مرۆڤ که کەوتە حاڵەتی خۆ به کەمزانین ئەوا پەنا دەباتە بەربیرکردنەوەی جۆراوجۆر. ئەوەی جێگەی سەرنجە لای من وەک خوێنەرێک جۆرێک له بێمانایییە (ئەبسێردتی)، ئەم بێمانایییە له ژیان و رەنگدانەوەی له ئەدەبدا لەسەردەمی نووسەرە مەزنەکانی قوتابخانەی ئەبسێرد که به رابەرایەتی (ئەلبیرت کامۆ وسارتەر و ساموێل بێکت , یوژین یونیسکۆ..تاد) دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. لێرەدا تەنها ویستم بڵێم کوشتنی قەشە لەپێناو خۆشەویستیەکی تاک لایەن و ناگەرەنتی جۆرێکە له بێمانایی. وەلێ ئەوە له دیوێکی چیرۆکەکەوە، بەڵام گەر له دیوی مۆراڵ و بیرکردنەوە نەریتخوازییەکان، ئەوا بێمانایی نییە بەڵکوو بەجێگەیاندنی ئەرکێکی ژیانە. لێرەشدا بەهەمان شێوەی بەراوردکاری رابردوو جارێکی دیکە کارەکتەری راسکۆلینکۆف و دوکتۆر گلاس دەکەونەوە بەروادکاری.

راسکۆلینکۆف لەپێناو ئیمان و دادوەری و مۆڕاڵدا کردەوەی کوشتنەکە ئەنجامدەدات، کەچی لای گلاس کوشتن لەپێناو عەشقێکی شەرمنانەی تێکشکاوە و بێئەنجامە، ئەوەش خاڵی جەوهەری جیاوازییەکانە کە راسکۆلینکۆف سزادەدرێت وەک جۆرێک لە عەدالەت، بەڵام دوکتۆر گلاس بەبێ هیچ سزایەک دەمێنیتەوە. بابەتێکی دیکەی گرینگ لەرۆمانی دوکتۆر گلاس قسەکردنە لەبارەی بەختەوەری، گەڕان و بەرباسدانی بەختەوەری و بەستنەوەی بە بابەتی خۆشەویستی و خۆشگوزەرانی ژیان واتاگەلێکی زۆر دەگەیەنێت. نووسەر لەبارەی بەختەوەرییەوە دەڵێت: (بەختەوەری دەرەنجامی شتێکە کە هەرکەسێک لە هەلومەرجێکی خۆیدا، زێدە خواستراوە بۆی).لا ٨٨

هەروەها لە تێرامان و وردبوونەوەیەکی تردا لەبارەی بەختەوەرییەوە دوکتۆر دەڵیت: ( رەنگبێ بەختەوەرییە قووڵەکە دواجار لەو وەهمەدا بێت کە مرۆڤ بەدوای بەختەوەریدا نەگەڕێت).لا ٨٩ ئەم دوو تێرامانە لەبارەی بەختەوەری کلیلن بۆ کردنەوەی باسێکی مەزن سەبارەت بە بەختەوەری، دواجار ئێمە کە کردەوەیەک ئەنجامدەدەین دابەشدەبین بۆ دوالیزمییەکی رەها، کە بەختەوەری و بەدبەختییە , هەوڵی پلەیەکی ئێمەش گەڕانە بەدوای بەختەوەرییەکدا کە نازانین چۆنە. هەروەها کێشەی کوشتنی قەشە لە (دکتۆر گلاس) و کوشتنی پیرەژنەکە لە (تاوان و سزا)دا هەوڵە بۆ دۆزینەوەی بەختەوەرییەکی شاراوە و دەروونی.

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم سەبارەت بە وەرگێڕی کوردی رۆمانەکەیە. رۆمانەکە لەلایەن (دلاوەر قەرەداغی)ی ئەدەبدۆست، لەسویدییەوە بەکوردی کراوە. من تا رادەیەکی زۆر لە وەرگێرانەکە و زمانی وەرگێڕ رازیم. هەروەها بەردەوام ئارەزوو دەکەم ئەو وەرگێڕانانە بخوێنمەوە کە ئەدیبەکان ئەنجامی دەدەن، چونکە دڵنیا دەبم لە جوانی زمان و جوانی وشەکان.

## سەرچاوەکان:

١.رۆمانی (تاوان و سزا) وەرگێڕانی لە فارسییەوە/رەووف بێگەرد/دەزگای سەردەم

٢.رۆمانی (دوکتۆر گلاس) وەرگێڕانی لە سویدییەوە / دلاوەر قەرەداغی/دەزگای ئاراس/٢٠٠٩.

# گومانی هەڵوەشاندنەوە، هەڵوەشاندنەوەی گومان

ستاری پیرداود

چەمکی گومان یەکێکە لەو چەمکانەی کە سەرجەم تیۆرێزە مەعریفی و هزری و فەلسەفییەکان بە درێژایی مێژوو کاریان پێکردووە و بەکاریانهێناوە بۆ گەڕان بە شوێن هەڵگرتنەوەی ئەو کایە و رایەڵ و مانایانەی کە گەرەکیان بووە، وەلێ ئێمە لەبەر زۆری دوورنەکەوتنەوەمان لە ناوەخنی ناونیشانی بابەتەکەمانەوە، شۆڕنابینەوە بۆ یەکەم هەنگاوی چەکەرەکردن و نەشونمای ئەم چەمکە، تەنیا دەچێتە نێو ئەو فەزایەی کە نزیکدەبێتەوە لەگەڵ جەوهەری باسەکەمان کە ئەویش پەیوەستە بەو گومانە میتۆدییەی کە دریدا سوودی لێ وەرگرتووە بۆ دامەزراندن و بەرهەمهێنانی بیرۆکەی چەمک و گوتاری جیاوازی، چونکە ئەم چەمکە دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ هەوێنی ستراتیژییەتەکەی دریدا کە (هەڵوەشاندنەوەگەرایی)ە. دەکرێ لەم روئیایەی ئەرستۆوە شۆڕببینەوە بۆ نێو ناوەخنی ئەم باسەمان کاتێ دەڵێت: (ئەوانەی لە دەسپێکدا بەبێ گومان دەست بە توێژینەوەی زانستی دەکەن، چەشنی کەسانێکن کە کاتێ بە رێگەدا دەڕۆن و نازانن کامە رێگە بگرنە بەر) (١) ئەوەی لێرەدا ئێمە مەبەستمانە گومانی میتۆدییە، نەوەک گومانێکی رەهاییانەی کە ئەو پۆلە هزرمەندانەی کە بەناوی (یەقینییەکان) ناسرابوون، بەوەی کە روئیایان وابوو بەوەی کە دەکارێ مەعریفیەکەی رەها و دروست بەرهەم بهێنرێت، هاوکات دژ بەو گروپەش پۆلێکیتر لە رۆشەنهزران هەبوون کە بڕوایان بەو جۆرە یەقینیەتە نەبوو، بەوەی کە بە شێوگێکی رەها و چەسپاو بڕیار دەربکرێت کە ئەوانیش بە

(گومانکارەکان) ناوزەدکرابوون، وەلێ ئەوەی لێرەدا لە دووتۆی باسەکەی ئێمەدا جێگەی بۆ دەبێتەوە و نزیکە لەو گومانە میتۆدییەی کە دریدا وەریگرتووە لە پێناو ئەوەی کە وەک سێ هزرمەندە مامۆستاکەی (مارکس، نیچە، فرۆید) وەک سێ رۆشەنهزری گومانکار لە رێگەی ستراتیژیەتە گومانکاریەکانیانەوە گوتاری جیاوازیان بەرهەمهێنا، هاوکات دریداش ویستی لە رێگەی گومانێکی میتۆدیانەوە گوتاری جیاوازی بەرهەمبێنێت و گەشە پێبدات، بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەم جیاوازگەراییەوە تیر لە گوتاری لۆگۆسی خۆرئاوای بدات و تێکی بشکێنێ.
گومانی میتۆدی، ئەو گومانەیە کە بە پێچەوانەی گومانی رەها کە (خاوەنەکەی بە گومانەوە دەست پێدەکات و بە گومانیشەوە کۆتایی دێت، ئەم جۆرە گومانەش گومانێکی بێمانا و مەبەست و تەمبەڵانەیە و رێگرە لە بەردەم بیرکردنەوەدا) (٢)، بەڵکو گومانێکە خاوەن و فەلسەفەکارەکەی بە ویستی خۆی شۆڕدەبێتەوە بۆ هەناوی گوتار، لە پێناو دۆزینەوەی مانا و کایە حەشاردراوەکان، ئەو جۆرە گومانە خاوەن گومانکار ئازاد دەکات لەوەی کە لە کوێوە دەست پێدەکات و لە کوێوە کۆتایی پێدێنێت و ئازادیشە لەوەی کە چۆن چۆنی دەست دەکات بە شکاندن و رماندنی ستراکتۆرەکان و نیەتەکانی بەرامبەر، دیارە لەم پنتەوە لە ستراتیژیەتی دریدا و هەڵوەشاندنەوەگراییەکەیەوە نزیک و هاوکۆک دەبێتەوە، ئەو گومانە میتۆدییەی کە زۆر لە فەیلەسوفانی گریکی وەک (سوکرات، ئەرستۆ، دیکارت، ..... تاد) پەیڕەویان دەکرد.
(سوکرات کاتێ دیالۆگی لەگەڵ هۆشمەند و بیریانی سەردەمی خۆی دەکرد پەیڕەوی لەم گومانە میتۆدییە دەکرد تاوەکو لە سایەی ئەم شێوازەی گومانەوە بتوانێت هەڵەکان ئاشکرابکات و ریسوایان بکات و راستییەکانیش جێگرتربکات) (٣)، لە لایەکیترەوە (ئەرستۆ)ی هزرمەندیش جەخت لەسەر ئەم جۆرەی گومانە میتۆدییە دەکاتەوە، بەوەی کە رێگەیەکی زۆر گونجاوە بۆ ئەوەی توێژەر لە میانەی گەڕان بە شوێن ئامانجەکانی ئەم هەنگاوە دەست پێبکات، چونکە ئەرستۆ لە میانەی بەرهەمەکەی بەناوی (مێتافیزیکیا)دا، جەخت لەسەر ئەم جۆرە دەکاتەوە و روئیاشی وایە کە (ئەو مەعریفەی لە دوای گومانەوە دێت زۆر لە راستییەوە نزیکە) (٤)
هاوکات (دیکارت)ی فەیلەسوفیش لە دووتۆی زۆرێک لە بەرهەمەکانیدا ئاماژەی بەم چەشنە گومانە میتۆدییە کردووە، روئیای وایە کە ئامراز و فاکتەرێکە لەبەردەم هزرمەند و توێژەر بۆ ئەوەی لە میانەی کردە راڤە و شیکارییەکانیدا بە شوێن شکاندنی دەمامک و دیوارەکاندا هەڵبەستێ، بۆ ئەوەی هیچ مانا و رایەڵیەکی مەعریفیانە بە شێوگێکی رەهایانە هەڵنەگرینەوە، بۆ زیاتر رۆشنایی لەسەر ئەم روئیا فەلسەفیەی دیکارتەوە، دەکرێ ئاماژە بەو نموونەیە بدەین کاتێ دیکارت لە دووتۆی نامەیەکی بۆ هاورێێکی رەوانە کردبوو (ئەگەر سەبەتەیەک سێوت هەبوو هەندێکیان بۆگەن بوون ئەوا ئیدیکەیشیان بۆگەن دەکرد چی دەکەیت تاوەکو ئەم سێوە بۆگەنانە فرێبدەیت و سێوە ساغەکانیش بهێڵیتەوە؟ هیچ رێگایەک نییە تەنها بەتاڵکردنی هەموو سەبەتەکە نەبێت لە سێو دواتر پشکنینی یەکە بە یەکەی سێوەکان تاوەکو سێوە ساغەکان یەکە یەکە بخەیتەوە نێو سەبەتەکە و سێوە بۆگەناکانیش فرێبدەیتە دوور) (٥)

## سوكرات كاتێ دیالۆگی لەگەڵ هۆشمەند و بیریانی سەردەمی خۆی دەكرد پەیڕەوی لەم گومانە میتۆدییە دەكرد تاوەكو لە سایەی ئەم شێوازەی گومانەوە بتوانێت هەڵەكان ئاشكرابكات و ریسویان بكات و راستییەكانیش جێگرتربكات

ئەگەر سەیری گەڕان و شۆڕبوونەوەكانی دریدای فەیلەسوف بكەین لە میانەی هەڵوەشاندنەوەی كۆدەكانی گوتاری میتافیزیكای خۆرئاواییەوە، ئەوە جۆرێك لە كاریگەری ئەو گومانە میتۆدییە هەڵدەگرینەوە، كە دەكارێ دریدای هزرمەند سوودی لەو روئیا فەلسەفیانەی (ئەرستۆ و سوكرات و دیكارت) وەرگرتبێ لە بابەت تەماشكردنەكانیان بۆ ئەم جۆرە گومانە، وەلێ لە تەك ئەم سێ مامۆستایەوە سوودی لە گومانە مەعریفیەكانی (ماركس، نیچە، فرۆید) كە وەك پۆل ریكۆر لە میانەی خوێندنەوەكانیدا ئاماژە بەو سێ فەیلەسوف دەكات بەوەی كە لە رێگەی پرۆە گومانەكانیان گەورەترین ریفۆرمیان بەسەر نەمەتی مەعریفی و هزری و فەلسەفی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی داهێنا، كە بریتین لە (ماركس، نیچە، فرۆید)، (ئەو سێ فەلسەفەی بە پرۆژەی گومان گەورەتین گۆڕانیان لە عەقڵی فەلسەفی بەرپاكرد)(٦) ئەگەر شۆڕببینەوە بۆ نێو كارەكانی هەریەك لەو سێ فەیلەسوفە، ئەوە بەرجەستە دەكەین كە رێگەی چەمك و راسەڵەی گومانەوە توانیان رەهەندی جیاوازی بەرهەمبهێنن و پرۆسێسە فەلسەفییەكانیان پێ فراوانتربكەن و ئیدامە بە كردەكانیان بدەن. كەواتە لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو راستییە كەوا (ئەو گومانەی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە، گومانێك نییە بە تەنیا لە پێناو خودی گوماندا بێت، وەكو ئەو گومانە رەهایەی گومانكارەكانی نێو مێژووی فەلسەفە بەرهەمیان هێنا ئەو گومانە گومانی (ئەمبریكۆس و مۆنتانی) نییە، گومانێكی میتۆدییە)(٧)، بەڵكو زیاتر گومانێكە خۆی لەنێو هەناوی گومانێكی مەعریفیانە هەڵدەگرێتەوە، گومانێكە هەمیشە بە شوێن خوڵقاندنی جۆرێك لە تۆی فیكر و فەلسەفە دەگەڕێت، بۆ ئەوەی دواجار فەزایەكی كراوە و فرەدیو بسازێنێ، بەمەش دەرگا ڤاڵادەكات لەبەردەم پرۆسێسی راڤە و خوێندەوەی جیاواز، ئەمەش دەبێنە هەناوێكی جدییانە بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەیەكەی تۆكمە و فەزایەكی فەلسەفییانە. گومانی میتۆدی، ئەو گومانەیە كە هەمیشە بە شوێن حەقیقەتەكاندا وێڵە، وەك كاشیفەیەك بە شوێن كایە پەراوێزخراوەكاندا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی مانایان پێبداتەوە و بیانهێنێتەوە هەناسەدان، ئەوە گومانێكە مەعریفیانەیە، مەعریفەی لا

هەیە کە لە دواوەی پەیڤ و ستراکتۆرێک و گوتارێکی نمایشکراو دونیایەک درز و نیەت و ئامانجی دواخراو هەیە (دەبێ خوێنەر هەمیشە گومانی هەبێ لەوەی دەشێ لە دێرەکانی هەر دەقێکدا مانایەکی نهێنیی شاردراوە هەبێ)(٨) لە ساتێک لە ساتەکان کە گوتارخوان بۆی رێکبکەوێت ئامانجی خۆی دەپێکێت ئەمەش دواجار بە قازانجی خاوەن ئایدۆلۆژیای باڵانوما دەکەوێتەوە و دەبێتە مایەی قەبەترکردنی قەبارەی ئیمبراتۆریەت. نیەتی دریدا لە هێنان و بەکارهێنانی ئەو گومانە ئەپستیمییەدا، کە وەک چەمکێک دەیهێنێ بۆ ئەوەی لە نزیکترین ساتدا، ستراکۆرییەتی سێنترالیزمییەتی لۆگۆسییەتی خۆئراوایی لەباریەک هەڵبوەشێنێتەوە و کەشفی رایەڵ و نیەتە شارەواکانیان بکات کە لە دواوەی دەمامکەکانیان رواندوە، لەپێناو بەرز راگرتنی باڵایی و سەروەریەتی خۆی و پەراوێزخستنی جەستەی ئەوی بەرامبەر. هاوکات لە میانەی خوێندنەوەکانی دریدا لە سەرجەم رەوتە نوێیەکانی نێو هەناوی فینۆمینۆلۆژیای هاوچەرخ بە رێگەی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە راستەوخۆ دەست دەکات بە دۆزینەوەی دەمامک و نهێنییەکان و شکاندن و هەڵوەشناندنەوەیان لەپێناو بەرجەستەکردنی مانای نوێ و دۆزینەوەی کایەی پەراوێزکراو. بە پێچەوانەی پرۆسێسی هیرمۆنۆتیکاوە کە دەست دەکات بە کردەی نەهێنی سڕەوە و کەمردنەوەی گومان ئەو روئیایەی کە پێیوایە (بۆچونێک هەیە کە هرمنیۆتیک بە نهێنی سڕەوە و کەمبوونەوەی گومان دەزانێ)(٩).



**ژاک دریدا**

## شکاندنی تەوتەمییەتی دەق و خوێندنەوەی تارماییەکان :

وا دادەنرێت کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتە و رەگەزەکانی دوای بوونیادگەری (Post-Trtucturaliseme)، تەنانەت ئەگەر وەک یەکێک لە هاوواتا و دەستەواژەکانی رەوتی دوای بوونیادگەری هەژماری بۆ نەکرێت، هەروەک لە سادەترین تاریفی هەڵوەشاندنەوە وەک بەجێهێنانێکی میتۆدی (رەوتێکە لە رەوتەکانی دوای بوونیادگەری لە نێو رەخنەی ئەدەبیدا هات و کاریگەرییەکی سەرسامیشی لای پێشڕەوانی هەڵوەشێنەر وەک: ج.هیلیس میلەر، پۆڵ دیمان، جیفری هارتمان، هارلۆد بلۆم) لەسەر ئاستی تیۆرێزەیی و پراکتیزەییەوە بە جێهێشتووە) (١٠) یا دەشێ بە دیوێکیتر بێژین: هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەو رەوتە نوێیەیە کە بە شوێن راڤەی نوێ و مانای ئەو دیو پەیڤەکانی دەق دەگەڕێت لە میانەی ستراتیژییەتی خوێندنەوەی دەق کار دەکان (لەو دۆخەدا لەپێناو گەیشتن بۆ مانایەکی کۆتاگی و تەواو بۆ هەر دەقێک) (١١)

لێرەدا مەبەستمان لە مانای کۆتاگی و تەواو ئەوە نییە کە ئەم ستراتیژییەتە بە شوێن هەڵگرتنەوەی ئەوەدا کۆششەکانی خۆی بدات، بەوەی کە کۆتاگی بۆ مانا بەرهەمبێنێ و فەزای دەق لەبەردەم تاکمانایی دابهێڵێتەوە، بەڵکو بەو واتایەی کە گەڕانەکانی ئەم ستراتیژییەتە لە پێناو مانایەکی راستەقینە و تەواو دوور لە ماکیاژەکانی نووسەری دەق.

دریدا هیچ دەقێک وەک کوتلەیەکی یەک تەولین و یەک ستایل نابینێ، بەڵکو روئیای وایە کە لە هەموو دەقێکدا تەنانەت لە دەقە کلاسیکییە زۆر تەقلیدیەکانیشدا، کردە و وزەیەکی بەگوورِ هەیە، لە هەمان کاتدا هەر ئەو تەوژمە بە گوورەیە کە هەڵدەستێ بە هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی دەقەکەش، بەواتە بەردەوام ئەو تێکستەی کە توانای بەگڕکەتن و جووڵە و دایەلۆگی هەیە، هاوکات هەر ئەو دەق و تێکستەشە کە هەمان جووڵە و توانا سەراپای ئەو دەقە هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەک دریدا دەڵێت:

(ئەوەی لای من لە خوێندنەوەکاندا گرینگە، بریتییە لە سەقامگیربوون و شوێنگرتن لە بوونیادی بەیەک نەبەستراوی دەق و دۆزینەوەیی ئەو پەشێوی و دژایەتیانەی لە دەقەکەدا هەیە، دەق لە میانی ئەو بوونیادە ناجۆرەوە خۆی دەخوێنێتەوە و لە هەمان کاتدا خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە) (١٢)

## دریدا هیچ دەقێک وەک کوتلەیەکی یەک تەولین و یەک ستایل نابینێ، بەڵکو روئیای وایە کە لە هەموو دەقێکدا تەنانەت لە دەقە کلاسیکییە زۆر تەقلیدیەکانیشدا، کردە و وزەیەکی بەگوورِ هەیە، لە هەمان کاتدا هەر ئەو تەوژمە بە گوورِەیە کە هەڵدەستێ بە هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی دەقەکەش

هەمیشە دریدا لە ساتی کردەی خوێندنەوەی دەقەکان بە یارمەتی دەق خۆی بە شوێن ئەم ئامانج و هەدەفە دەگەڕێت بەوەی کە دەق بێ پاسیف بکات، ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەم پرۆسێسە (نەک وێرانکردنی دەق، بەڵکو وێرانکردنی ئاماژەی واتایی و ئاراستەی ئاخاوتەتەوەری دەقە)(١٤)، ئەوە روون و ئاشکرایە دریدا بۆخۆی هیچ واتایەکی روون و دیارکراو بۆ کردەی هەڵوەشاندنەوە (تفکیک) ئاماژە پێنادات، چونکە (پێی وایە هەرمانایەک ببەخشیتە ئەم چەمە خودی ئەو مانایە بۆی هەیە لێکهەڵوەشێنرێت)(١٤) یان لە میانەی دایەلۆگەکانیدا ئەو راستییە دەخاتە روو کە مەبەست لە هەڵوەشاندنەوەی هەر دەقێک بە واتای وێرانەیی و کاوڵکاری نییە، تەنانەت بەو مەبەستەش کارناکات کە پرەنسیپەکان لەناوببات و تێکیان بشکێنێ، بۆ ئەو مەبەستەی کە واتادار نییە، بۆیە زیاتر بەو واتایە دەگەێنەوە کە هەولوەشنادنەوە (لە کاوڵکردن دوورە و لە راڤەکردن و توێکاری (تحلیل) یەوە نزیکترە)(١٥) ئەمە دەکرێ بە دیوێکیتر لێکی بدەینەوە، کاتێ هەڵوەشاندنەوە خەریکی کردە هەڵکۆڵین و کەرتکردنەکانیەتی لە میانەی پرۆسێسی خوێندنەوە دەقدا، لەهەر هەنگاوێکی پارچەیەکی ئاماژە بۆکراوی لێ دەترازێ و ون دەبێت و پرەنسیپییەتی دەقەکە تێکدەشکێ، بەمەش مەرز و کۆنکریتییەتی دەق هەنگاوێک بۆ فرەدیدگایی و فرەدیوی خۆی ڤاڵدەکات، دواجار ئەمەش رێگە خۆشدەکات لە بەردەم سەهمە دیدگاکانی تاکی خوێنەر بۆ بەگڕخستنی ئالییەتی تەئویلکردنی دەق، ئەمەش بەو مەبەستەی کە وازیکردنی خوێنەر لە تەک هەڵگرتنەوەی ئەو مانایانەی کە لە دەرەوەی فەزای گشتی نووسەری دەق رووان و نەشونمایان کردووە وەک دریدا دەڵێت :(خوێندنەوەی دەق بەردەوام دەبێ بە پەیوەندگەلێکی تایبەتی بگات کە نووسەر باسی لێوەنەکردون، پەیوەندگەلێکی نێوان ئەو شتەی کە ئەو لە زمانێک کە بەکاری هێناوە و خواستویەتی و ئەو شتەی کە نەیخواستووە)(١٦) بەردەوام پێویستە لە نێو ستراتیژیەتی

هەڵوەشاندنەوەی دەقدا، تاکی هەڵوەشێنەر بە شوێن تایبەتمەندێتی نووسەری دەق نەگەڕێت، بەڵکو پێویستە زیاتر بە شوێن گەڕان و پشکنینی ئەو رایەڵ و کایانەی کە نووسەری دەق بەرجەستەی کردوون لە تەک ئەو کایانەی کە بەرجەستەی نەکردوون بەیەکەوە گرێبدرێن و رۆشنایان بخرێتە سەر، چونکە دەق تەنیا پەیوەست نییە بە تەنیا ئاماژە دەلالییەکانی نووسەر، بەڵکو لە دیوەکەی تردا پەیوەستە بە روئیاکانی تاکی خوێنەر و هەر بە ئامادەیی ئەویشە کە کرانەوەیی و جاویدانییەتی خۆی رادەگەیەنێ، ئەوەش بەو پێییەی (پرۆسەی خوێندنەوە زیاتر بریتییە لە هەڤپەیڤینێکی دیالێکتییانە لەنێوان سەرجەم رایەڵە پرسیارەکانی نێو هەناو و دەق و رایەڵ و وەڵامدانەوە و روئیاکانی تاکی خوێنەر)(١٧) دریدا وا بەباش دەزانێ کە (خوێندنەوەی دەق بەوەی کە بەرهەمی مانایەکە کە ناتواندرێ بەیەکەوە کۆیان بکەینەوە (non-totalisable)، لەسەر ئەو وێناکردنەیە، نیشانەی زمانەوانی لە دوارۆژدا دەبێتە بابەتێکی هەمیشە پەشۆکاو و شپرزە (confusion) لە نێوان مانای مەرجەعی (referentiel) و مانای مەجازی (figure)دا. ئەوکات خوێنەر ناتوانێ بەسەر دەقدا زاڵبێت، چونکە ئەو دەقە رێگە نادات بەوە: ئایە (ئەوکات) دەتوانین دەق وەک خۆی بخوێنینەوە(١٨) هەمیشە ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە لە پێناو کراوەیی دەق تێکۆشاوە و بە شوێن جاویدانییەتی دەق گەڕاوە، تەنانەت لە هەوڵی ئەوش دابووە کە فەزای دەق لە پرۆسێسە داخراو و کوژێنەرەکانی خوێندنەوەی تاکڕەهەندانە رزگار بکات و بەرەو کرانەوەیەکی فرەمانا و فرەرەهەند هەنگاو پێبدا، دریدا بەپێی لێکدانەوەی (ئەمبێرتۆ ئیکۆ) دەیەوێت مومارەسەی (زیاتری فەلسەفە بکات لەوەی رەخنە) بەگژ ئەو دەقانە دادەچێتەوە کەوا خۆی نیشاندەدات کەوا پەیوەستە بە مەدلولێکی دیار و کۆتاگی و روون و ئاشکرا.(١٩)

**هەڵوەشاندنەوە خاوەنی واتای نێگەتیڤ نییە، بەڵکو بە جۆرە پرۆسێسێکی راڤەیی دەژمێردرێ. کەچی پەیڤی وێرانکاری هایدگەریی کە لە دووتۆی بەرهەماکانی نیچە و هایدگەر بەرکارهاتوون، لە رووی پرەنسێسیەتی خۆیەوە خاوەن واتایەکی نێگەتیڤە**

ستراتيژييەتی گوتاری هەڵوەشاندنەوەگەرایی دریدایی هەمیشە لەژێر ئەو نیەتەوە پراکسێسەکانی خۆی هەڵگرتۆتەوە، بەوەی کە چ لەلایەنی فەلسەفی بێت یا لایەنی ئبستیمییەوە، بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابووە کە ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات، بەوەی کە (سێنترالیزمی لۆگۆسی خۆرئاوا تەنیا و تەنیا وازییەکی زمانەوانییە بۆ ئاستی شارستانییەت بەرزبۆتەوە)(٢٠) لە دووتوێ کتێبەکەی دریدا (نووسین و جیاوازی) ئەو راستییە هەڵدەگرینەوە بەوەی کە ئەم دەستەواژەیە ستراتیژیەتێکی جیوەییە، ئەویش بە حوکمی ئەو دانپیانانەی خۆیەوە کاتێ ئاماژە بەوە دەکات کە (هەڵوەشاندنەوە Decomstruction) نە رەخنەیە وە نە میتۆدە و نە کردە و پرۆسیسێکیشە)(٢١)، تەنانەت پێداگری ئەوەش دەکات کە تەنانەت شیکردنەوەش نییە، تا بە هۆی گەڕانەوە بۆ پێکهاتە رووت و سادە و نائەکتیڤەکەیەوە پێکهاتە و رایەڵەکانی بوونیاد رووە و ئەو ئاکامە ئاراستەی بکات کە هەڵی وەشێنێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوەشەوە رەهەندی شیکاری خۆشی بە جۆرێک لە جۆرەکانی گوێرایەڵ و ملکەچی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە دەبێت، هەروەها لەبەر ئەو فاکتەرەش ناتوانین بڵێین هەڵوەشاندنەوەگەرایی رەخنەیە، چونکە بە هیچ جۆرێک نایەوێت لە نێوان هەناوی پرۆسێسەکانی بڕیار وەرگرتن یا حوکمدان لە دووتوێ دەقدا رەنگڕێژی ستراتیژییەتەکەی خۆی هەڵگەرێتەوە بەڵکو دریدا روئیاکانی خۆی لەو نیەتەوە رەنگرێژدەکات سەبارەت بە دەستەواژەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی (شتێکە لە هەڵوەشاندنەوە کە (هەڵدەوەشێتەوە)(٢٢) یان دەکارێ لە دیوێکی ترەوە وا روئیاکانمان هەڵبگرینەوە بەوەی کە (هەڵوەشاندنەوە هەوڵێک بووە بۆ راستکردنەوەی ئەم خاڵە لاوازەی بوونیادگەری بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەبستمۆلۆژییە)(٢٣) دریدا سەبارەت بە ناوزەدکردنی (هەڵوەشاندنەوەگەرایی) وەک ستراتیژییەتێک، ئەوە دەخاتە بەرچاو کە ئەو زەمینلەرزە هاژێنەرەی کە خستویەتییە بەرباس و هەناوی فەلسەفە، ناکرێت وەک گوتارێکی تاکرەهەندی بۆ خوێندنەوە و راڤەکردنی دونیاگەری ئەدەبن بخرێتە روو، بۆیە وەک خۆی دەڵێت : (روانگەی ئەو بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئەدەبی زیاتر لەوەی (خاوەن) رەوشتناسی بێ (گەڵاڵەیەکی ستراتیژیک)ە، و زیاتر لەوەی قوتابخانە، یان تیۆری رەخنە بێ، ستراتیژی یان روانگەیەکە بۆ ئەدەب)(٢٤)، یان بە واتایەکی تر و روونتر دەکرێ بڵێین: (هەڵوەشاندنەوە میتۆد نییە، هەروەک تیۆرێک نیە بۆ ئەدەب، بەڵکو ستراتیژیەتێکە بۆ خوێندنەوە)(٢٥) لە دوو توێ ئەم باسەماندا کاتێ شۆڕدەبینەوە بۆ بەرجەستەکردنی چەمکی هەڵوەشاندنەوە، وەک چەشنێک لە بەهای ستراتیژیەتگوتاری و هەڵگرتنەوەی ماهیەتی پراکسێسەکردنی هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەک ستراتیژییەتێک دەکارێ بێژین: بریتیە لە کرداری راڤەکردنی دژکاری نێو بوونیادی چەمکە هزرییەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی شێواز و رێگای کارکردنیان لە پێکهاتنی شێوازە هزری و ئایدۆلۆژیی و فەلسەفیەکاندا(٢٦) لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی کە روئیامان هاوتاریب بکەین لەگەڵ ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، بەوەی کە ئەو هەڵوەشاندنەوەی کە دریدا مەبەستییەتی و دەیەوێت نمایشی پێبدات ئەوە هەڵوەشنادنەوەیەیە کە خاوەنی جۆرە

واتايەکی ئاکتيڤ و ئەرێنييە، نەوەک بە پێچەوانەوە هەڵگری جۆرە تايبەتمەندیەکی نەرێنەييە، ئەم جۆرە تێگەيشتنەشمان لەوەوە بۆ کەشف بووە، بەوەی کاتێ دەگەڕێينەوە بۆ سەرەتای دەست پێکردنەکانی دريدا لە ميانەی پرۆسەی ستراتيژيەتەکەی، بەتايبەت کاتێ لەو بيرۆکەی (وێرانکاری) هايدگەرەوە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد، وەلێ دواتر دريدا لە وردبوونەوەی ئەو چەمکەوە هەڵوەشاندنەوەی بەديهێنا (٢٧)، تەنانەت دريدا روئيای وايە کە (ئێستاکە ئيتر هەڵوەشاندنەوە خاوەنی واتای نێگەتيڤ نييە، بەڵکو بە جۆرە پرۆسێسێکی راڤەيی دەژمێردرێ. کەچی پەيڤی وێرانکاری هايدگەريی کە لە دووتۆی بەرهەماکانی نيچە و هايدگەر بەرکارهاتوون، لە رووی پرەنسێسيەتی خۆيەوە خاوەن واتايەکی نێگەتيڤە) (٢٨)

## کاتێک چەمکێکی هاوتای (مەدلوولێکی باڵادەست) دەخولقێنێ و دەستدەکات بە نەشونماپێدانی، ئەوە لە پێناو ئەوەيە کە بە شێوەيەکی راستەوخۆ دەست بکات بە هاڕينی ماهيەتی کولتووری (ئەو)ی بەرامبەر و لە کارخستنی ئالييەتی مانای بەرهەمهێمن

هەميشە ستراتيژييەتی هەڵوەشاندنەوە لە لای دريدادا بەو نيەتە پراکسێسەکانی خۆی هەڵدەگرێتەوە کە هەڵبستێت بەو ستراتيژييەتە کە نيازيەتی ستراکتۆرييەتی دەقەکان بڕوخێنێ و لەباريەکی هەڵوەشێنێتەوە و وردوخاش و بەش بەشيان بکات، هەربۆيە دريدا گوتی: من وا دانانێم بەوەی کە دەق جا هەر دەقێک وەک کۆمەڵێکی هاوکۆک وابەستەيی بەيەکەوە، دەقێکی وابەستەيی و هاوکۆک نييە، لە هەموو دەقێکدا، تەنانەت لە دەقە ميتافيزيکييە زۆر تەقليدييەکانيش، هێزی کار لە هەمان کاتدا بەهێزترين هەڵوەشاندنەوەيە بۆ دەق. (٢٩) ئەم ستراتيژيەتە وەک ئەوەی تێيگەيشتووين ستراتيژييەتەکە بە شوێن هێرش کردنێکی بوونيادە ناوەکيەکانە، جا هەر بوونيادێک بێت، تەنانەت هێرش دەکاتە سەر فەزای ترادسيۆنە دامودەزگاييەکان، وەک پەروەردەيی و کۆمەلايەتی و ئابووری و راميارى و ئاينی و کولتوورييەکان. کريتۆڤەر نۆريس لە بەرهەمەکەيدا (هەڵوەشاندنەوەگەرايی) لەنێو تانوپۆيەکی خوێندنەوەيدا، ئاماژە بۆ زۆر رايەڵ و تايبەتمەندێتی ستراتيژيەتی هەڵوەشاندنەوەگەرايی دەکات، لەوەی کە لە توانای ئەو ستراتيژييەتە دايە کە وەک ئالييەتێکی ئاکتيڤ هەناوی

ئیمبراتۆریەتی فەلسەفەی کلاسیک هەڵبکۆڵێت و دەمامکە کۆدرێژەکان تێکبشکێنی و تەمە گومانییەکان بڕەوێنێتەوە و پەردە لەسەر ئەو کایانەی کە گومان لێنەکراون هەڵبداتەوە و بیانخاتە بەرچاو، چونکە ئەو ستراتیژییەتە بە حوکمی ئەو رایەڵە هزری و فەلسەفیانەی کە بەخۆیەوە هەڵیگرتووە تواناداره بەوەی کە کە بگاتە هەموو شوێنێک بۆ بەشوێن گەڕانی حەقیقەتەکان، بە تایبەت ئەو حەقیقەتانەی کە ئەدەب لە رێگەی سیحرییەتی زمان و ئەندێشە قووڵەکانیدا سڕیان دەکات و بە رەنگێکی تر دەیانخاتەوە ژێر دەست و وێنای راستەقینەیان دەشارێتەوە. هاوکات لە تەک ئەو رایەڵە فەلسەفییانەی کە هەڵوەشاندرنەوەگەرایی بەخۆیەوە هەڵیگرتووە، دەستیکردووە بە شێوەیەکی زیرەکانە سەرجەم رایەڵە تیۆرێزە دارێژراوەکانی رەوتە رەخنەیییەکانی تری هێناوە و سوودی لێوەرگرتووە بۆ داتاشین و بەرهەمهێنانی کایەی نوێ، بۆ ئەوەی لە زووترین سات ئەو ئامانجەی کە نیازمەندییەتی بپێکێ کە ئەویش سەهملێدانە لە تەوتەمیەتی باوەڕەدۆگماکانی نێو فەلسەفەی لۆگۆسی خۆرئاوای. بۆ نموونە سوود وەرگرتن لە قوتابخانە رەخنەیییەکانی بوونیادگەری بەتایبەت هەوڵەکانی سۆسێر (دریدا بنەما و خاڵی دەستپێکردنی ستراتیژییە پێکهاتە هەڵوەشێییەکەی خۆی لەم قوتابخانە رەخنەیییەوە هەڵێنجا) (٣٠) ئەوەتا دریدا لە رێگەی رایەڵە رەخنەیییەکانی لە (کۆرسە گشتیەکانی زمانناسی) یانەی (فردینان دو سۆسۆر) (١٨٥٧-١٩١٣)ەوە، (بەردی بناغەی یەکێک لە روانگە فەلسەفییە سەرەکییەکانی پێکهاتە هەڵوەشێنی لێ وەردەگرێ )(٣٢) بۆ نموونە کاتێ دی سۆسێر ئاماژە بەوە دەکات کە (مانا لە زماندا لە رێگای جیاوازییەکانی نێو نیشانە زمانییەکانەوە دەستنیشاندەکرێ) (٣٢) دریدا دێت ئەو ئاماژە سۆسێرییە وەردەگرێ بۆ ئەوەی چەمکی جیاوازی لێ بتاشێ و هەڵبگرێتەوە، کە یەکێکە لە رایەڵە سەرەکییەکانی نێو ستراتیژیەتەکەی، کە لە رێگەی ئەم چەمکەوە واژە دژەکانی نێو نەمەتە فەلسەفییەکان لە بەرامبەر یەکدادەنێ و کەشفی جیاوازیەکانیان دەکات و بوونیادەکان لە بەرێک هەڵدەوەشێنێتەوە، بەواتە دریدا لە رێگەی ستراتیژییەتەکەیەوە بە شێوەیەکی پراکسێسەییەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە (زومان سیستەمێکە لە سەر بناغەی جیاوازیەکان دامەزراوە)(٣٣) یەکێک لە هەنگاوەکانی نێو ستراتیژییەتگوتاری هەڵوەشاندنەوەگەرایی بریتییە لە دۆزینەوە و دەستیشانکردنی شوێن جێگەی دوانە لێکدژەکان گۆڕینیانە، لە ساتەوەختێکدا کە گوتاری جیاوازی (differance) بەدی دێ و دەست دەکات بە نمایشکردنەوە، (دریدا بە دوو مانا چەمکی جیاوازی بەکار دەبات: یەکەم: بە مانای جیاوازبوون، دەقەکان لێک جیاوازن یان ماناکانی دەقێک لێک جیاوازن. دووەم: بەمانای بەدواخستنەوەی مانا، واتە کە دەقێک دەخوێندرێتەوە ماناکەی بەردەوام بە دوادەخرێ و خوێندوەی جاری یەکەم هانمان دەدات بۆ خوێندنەوەی جاری دووەم) (٣٤) ئەو فەلسەفەیەی کە دریدا نیازمەندییەتی کە ترادسیۆنەکانی لەبەر یەک هەڵبوەشێنێتەوە لە دەسپێکی خولقانی فەلسەفەی میتافیزیکی خۆرئاواییەوە تا ساتەوەختی ئەمێستاکە، کە لە دووتۆی تانوپۆیەکی هەڵەهەڵگر و دژگر هاتۆتە دامەزراندن، بەوەی کە مەدلولێکی

بالادەست (transcendentak signified) لە هەناوی فەلسەفەکەی خۆیدا جێگەی بۆ کراوەتەوە و هیچ توانایەکی تر بۆی نییە ئەم تایبەتمەندیەتە بە خۆی بدات، هەم وەک داهێنانێکی لەم جۆرە چەمکەیە، هەم وەک پرۆسێسەکردنێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەیمەتە لۆگۆسیەکەی، دریدا کاتێ هەست بە نەبوونی ئەم چەمەکە بالادەستییەتە و ئەم هەژموونە مێتافیزیکییە لۆگستییە دەکات، هەست بە ترسێکی کوشندە دەکات بۆ سەر پانتایی کولتوورە پەراوێزخراوەکان، چونکە کاتێک چەمکێکی هاوتای (مەدلوولێکی بالادەست) دەخولقێنێ و دەستدەکات بە نەشونماپێدانی، ئەوە لە پێناو ئەوەیە کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەست بکات بە هاڕینی ماهیەتی کولتووری (ئەو)ی بەرامبەر و لە کارخستنی ئالییەتی مانای بەرهەمهێمن، چونکە کاتێ (ئەم مەدلوولە بالادەستە هەر کە سەرهەڵبدا دوا مانا بەرهەم دێنێ) (٣٥) بەو واتایە هەموو رایەڵەکان بۆ نێو خۆی بگەرێنێتەوە و تەنیا ئەوی خۆرئاوایی بۆی هەیە کە مانا بەرهەم بێنێت و هیچ کەناڵێکیتر بۆی نییە کەم ئەم کردەیە پراکسێسە بکات و مانا بەرهەمبێنێ، تەنانەت دەستدەکات بە خولقاندنی فەزایەک کە تیایدا دڵنیایی ببەخشێتەوە بۆ تاکەکانی بەوەی کە تەنیا ئەوان خاوەن بوون و خاوەن مانان، تەنانەت سێنترالییەتی مانا و چەمک بەرهەمهێنەرن، دریدا گوتەنی (میتافیزیکی رۆژئاوایی کۆمەڵک زارەوەی بەرهەم هێنانی کە وەک ناوەند (یان چەق) ئەرکی خۆیان بەئەستۆ گرتووە: خوا، عەقڵ، رەگەز، بوون، رۆح، هەقیقەت، مرۆڤایەتی، ئەزەل، ئەبەد، خود و چەندایەتی دیکە لەم جۆرە) (٣٦) بەو واتایە هەموو ئەم چەمکانە لە تێڕوانینی فەلسەفەی سێنترالیەتی خۆرئاوایی دەکارێ وەک چەشنە مدلوولێکی بالادەست و ترانسێندنتالی رەفتار بکەن و هەناسە بە خۆ بدەن.

**ئەم فەلسەفە تاکرەهەندییەتەی خۆرئاوا بۆ ئەوەی جۆرە تەمتومانێکی هزری و فەلسەفی رەنگرێژ بکات و کایەکان دەمامکپۆش بکات و هەقیقەت لە دیدی (ئەو)ی بەرامبەر و کەناربوونی رۆژهەڵاتی بشارێتەوە، دێت بە کۆمەڵێک وازی کۆتهەڵگر و ماسکپۆش لەنێو رایەڵەکانی زمان و چەمکەکان دەچێنێ، بەو مەبەستەی لە ئانوساتێکدا ژەهریەتی خۆی بڕێژێ و بابەتەکان سەراو ژێر بکات و وەک ئەوەی خۆی هەیە وا نمایش نەکات و بەجۆرێکی تر نەشونمای پێ بدات**

دریدا ئەم نیەتە فەلسەفەییەی خۆرئاوا وا لێکدەداتەوە بەوەی کە، هەمیشە لە رێگەی

وازییێکی زمانییانەی ماسکپۆش دەیەوێت قەناعەتێک لای روئیای بەرامبەر دروست بکات بەوەی کە تەنیا ئەو لە توانایدا هەیە کە کایەکان بەرجەستە بکات و وەک ژێرخانێک ئارەزووەکانی لەسەر پراکسێسیە بکات، دریدا ئەم مەیلە خۆرئاواییە بۆ چێکردنی دوامەنزڵگا و دوا هەقیقەت و دوا سێنترالیزم ناودەنێ لۆگۆسێنتەریزم (logocentrism)، دواجار دریدا لە دووتوێ شۆڕبوونەوەکانی بۆ نێو مەنزومەی فەلسەفەی مێتافیزیکیای خۆرئاوا، دەگاتە ئەو هەقیقەتەی کە سەرتاپای فەلسەفەی خۆرئاوا هەر لە (ئەفلاتوون)ەوە تا دەگاتە ئەمێستاکە، (رۆژانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ تەنانەت هایدگر و لیڤی شتراوس هەروەها سۆسێریش)(٣٧) هەڵگری جۆرێک لە دژەکردەیی و دژەوازیی چەمکگەرین، بە واتا دریدا بەم ئاکامە دەگا کە مێتافیزیکی رۆژئاوایی لەسەر بناغەی (سیستمێکی دوو کارکردە) یان (دژوازییە چەمکییەکان) دامەزراوە (٣٨)

بە واتایەکی تر ئەم فەلسەفە تاکڕەهەندییەتەی خۆرئاوا بۆ ئەوەی جۆرە تەمتومانێکی هزری و فەلسەفی رەنگڕێژ بکات و کایەکان دەمامکپۆش بکات و هەقیقەت لە دیدی (ئەو)ی بەرامبەر و کەناربوونی رۆژهەڵاتی بشارێتەوە، دێت بە کۆمەڵێک وازی کۆتهەڵگر و ماسکپۆش لەنێو رایەڵەکانی زمان و چەمکەکان دەچێنێ، بەو مەبەستەی لە ئانوساتێکدا ژەهریەتی خۆی برێژێ و بابەتەکان سەراو ژێر بکات و وەک ئەوەی خۆی هەیە وا نمایش نەکات و بەجۆرێکی تر نەشونمای پێ بدات. بۆ نموونە بۆ هەر چەمکێک دژە چەمکێکی تر و مانای تری بۆ دروستکردووە، وەک: (جەستە / رۆح)، (ئامادە / نائامادە)، (وەهم/ هەقیقەت)، (خودا / خود)، (چاکە / خراپە)، (مرۆڤ / ئاژەڵ)، (ئاخاوتن / نووسین)، (من / ئەو)، (چەق / کەنار)، (خۆرئاوا / خۆرهەلات) .... تاد.

ئەوەی لێرەدا جێگەی نەنگییە لە دیدی دریداوە ئەوەیە کە ئەم فەلسەفە مێتافیزیکەی خۆرئاوا گە لەوەی کە دژە گەمەیی لەهەناوی کایە و چەمکەکان ڕواندووە بەوەش نەوەستاوە هەڵساوە بە چەشنەگەمەیەکی تری فێڵکاری تر ئەویش پراکسێسەکردنی جۆرە لاسەنگی و ناتەوازنێک لەنێوان چەمکەکان، بەوەی کە چەمکەکان لە چەمکەکەی تر باڵادەست تر و پایە بڵندترە، بە واتا دەیەوێت هەقیقەت و پایە بڵندی و تەندروستی بە لۆگۆسێنترالیزمێتی خۆی بدات و ناهەقیقەتی و پایەنزمی و ناتەندروستی بە (ئەو)ی کەنار لە دیدی خۆیەوە بدات، ئەم جۆرە پراکسیسە کردنە تێکچڕژاوە زمانیەی خۆرئاوا فەزا لەبەردەم دریدا و ستراتیژییەکەی دروست دەکات بۆ ئەوەی دەمامکەکان ورد و خاش بکات و هەڵکۆڵینێک لەنێو فەلسەفەی مێتافیزیکی لێبدات و رەهەندەکان هەڵبوەشێنێتەوە و دووبارە وەک خۆی رەنگرێژیان بکاتەوە، هەقیقەتەکانی ئەودیوی ماسکەکان ئاشکرا بکات و راستی و دروستی چەمکەکان بەیان بکات، وەلێ ئەوەی لێرەدا دریدا تووڕە دەکا سەبارەت بە دژە گەمەی چەمکەکان ئەوەیە کە ئەم فەلسەفە مێتافیزیکییە خۆرئاواییە هەقیقەت بە چەمکی ئاخاوتن دەدات و ناهەقیقەت بە

چەمکی نووسین، بە واتایەکی تر ئاخاوتن وەک سێنتەرێک و نووسینیش وەک سێبەرێک نمایش پێدەدات، کە دریدا ناوی دەنێت فۆنۆسێنتەریزم (phonocenterism). دریدا بۆ درێژەی ئەم پرسە لە دوو تۆی بەرهەمێکی بەناوی گراماتۆلۆژیا (of grammatology) جێگەی بۆ دەکاتەوە و راڤەیەکی وردی بۆ دەکا.

## گرینگی بایەخی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە لە خوێندنەوەی دەقەکانەوەیە، چالاکییە سەرەکییەکانیشی چالاکی خوێندنەوەیە، تەئویل نییە وەک ئەوەی لە هیرمنیۆتیکادا هەیە، و شیکارکردنیش نییە وەک ئەوەی لە سیمبۆلۆژیادا هەیە

هزرمەندانی هەڵوەشێنەری نێو قوتابخانەی (ێیڵ)ی ئەمریکییەوە، کاتێ دەیانەوێ لەنێو مومارەسەکردنێک ستراتیژییانەتی هەڵوەشاندنەوەگەراییانە بوونیادی دەق و ئەجواکانی هەڵوەشێننەوە، راستەوخۆ لە دەروازەیەکی گریمانییەوە هەنگاو دەنێن بەوەی کە دەق فەزایەکی فرەڕەهەند و فرەڕاڤەیە ئەمەش بۆ ئەوەی کە لە سەرەم زاویەکانی دەق شۆڕبوونەوە بسازێنن و دالەکان راڤەبکەن و ماناکنی ئەودیو پەیڤەکان هەڵبگرنەوە و خوێندنەوەیەکی ئازادانەیان بۆ بەئەنجام بگەیەنن، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی کە (دەبێ خوێنەر هەمیشە گومانی هەبێ لەوەی دەشێ لە دێرەکانی هەر دەقێکدا مانایەکی نهێنی شاردراوە هەبێ)(٣٩) هاوکات ئەم هەنگاوەش لە پای ئەوەی (لە مەبەست و خواستی خاوەن گوتاری بەرامبەر یاخود نێو دەق بگەیەنێ و لەو شت و کایە نەبینراوانە حاڵێ بین کە خاوەن گوتار لە نێو جەستەی دەق درکاندویەتی یاخود ویستویەتی بیان درکێنێ)(٤٠) لەنێو ئەو مومارەسەکردنەشییەوە دوای ئەو هەنگاوەی سەرەوە، هەنگاوی تر رێکدەخا ئەویش کەشفکردنی کایە دووانەلێکدژەکانە کە لەنێو رایەڵەکانی دەق رەنگڕێژکراون ئینجا دوای دۆزینەوەیان و بەرجەستەکردنیان، دەست دەکەن بە پرۆسێسی ئاوەژووکردنەوەی ئەو دوانە لێکدژانە، بۆ ئەوەی دەمامکەکان تێک بشکێنن و ماناکان ئازاد بکرێن و رووی راستەقینەی کایەکان بخرێنە روو، دواجار ئەم هەنگاوەش بەجۆرێک لە جۆرەکان دەبێتە رەوینەوەی ئەم تەمتومانە گریمانییەی کە فەلسەفەی میتافیزیکیا بۆمانی رەنگڕێژکردبوو و لە هەناوی چەمکەکانی رواندبوو تەنانەت یەک دیوی بە چەمکەکان بەخشیبوو، بەوەی کە تەنیا دەکرێ لە یەک دیووە لە دەق و کارەکان

بڕوانرێت وەلێ ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەو تاک ڕەهەندیەتییەی تێکشکاند و دووری خستەوە، دەکرێ لە دوو توێی چەند خاڵێک ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوەگەراییانەی دەق خوێندنەوەی بوونیادی دەق بەرباس بدەین:

١. وازەند بکرێ کە بوونیادی دەق دەکارێ خوێندنەوەی فرە ڕەهەند و فرە ڕاڤەی بۆ بکرێ چونکە ستراکتۆریەتی دەق هەڵگری تۆی جیاوازییە.

٢. گەڕان بەشوێن ئەو رایەڵانەی کە دانەری دەق تیایدا تووشی جۆرێک لە شڵەژان و خلیسکانی هزری و زمانی هاتووە.

٣. دۆزینەوەی کایە دژ هەڵگرەکان یان دووانە لێکدژەکان کە لە هەناوی دەقدا رواون.

٤. راڤەکردنی کایە دژهەڵگرەکان و هێنانە دوانیان.

٥. پراکسێسەکردنی پرۆسەی ئاوەژوو کردنەوەی کایە دژهەڵگرەکان و دووانەلێکدژەکان.

٦. ورد و خاش کردنی ماسکەکانی ئەو کایە دووانەلێکدژانە .

٧. هەڵگرتنەوەی ماناکانی تری ئەو دیو پەیڤە دوانەلێکدژەکان لە ساتی ئاوەژووکردنەوەیان.

٨. رواندنەوەی ئەو تەمتومانەی کە لەوەو پێشوو فەزای روانینەکانی گرتبوو.

٩. بڕواکردن بەو مانا و روئیا و پرسانەی کە لە دواوەی ئەم هەنگاوانەی سەرەوە بەرجەستە دەبن و دەبنە مایەی چێبونی فەزایەکی تر و جیهانبینیەکی تر.

١٠. ڕێگەگرتن لەبەردەم چێبوونی هەر هەنگاوێک کە دەبێتە مایەی دروست بوونەوەی ئەم تەمتومانە تێکچرژاوە هزری و فەلسەفییانە.

ئەم چەند خاڵەی سەرەوە دەکرێ وەک ئەداکردنی لایەنێک لەلایەنەکانی کرد و ستراتیژیەتی خوێندنەوەی دەق سەیر بکەین، نەوەک وەک گشتاندنێک و سنورداركردنی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوەگەراییانە لە دوو تۆی ئەم چەند خاڵانە، لە کۆتاییدا لە دەرئەنجامی ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە دریدا و ستراتیژییەتەکەی لە هەناوی مێژووی فەلسەفە و تیۆرێزەی رەخنەی ئەدەبییەوە بە ئەنجامیان گەیاندووە و خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە دەگەینە ئەوەی کە بێژین: (گرینگی بایەخی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە لە خوێندنەوەی دەقەکانەوەیە، چالاکییە سەرەکییەکانیشی چالاکی خوێندنەوەیە، تەئویل نییە وەک ئەوەی لە هیرمنیۆتیکادا هەیە، و شیکارکردنیش نییە وەک ئەوەی لە سیمبۆلۆژیادا هەیە) (٤١)

## پەراویزەکان:

(١) اسس الفلسفه، د.توفیق الطویل، القاهره، ١٩٧٦.
(٢) گومانی ئەپستمۆلۆژی، رێبین رەسول ئیسماعیل، گۆڤاری کاروان، ژ ١٤٨ ، ئابی ساڵی ٢٠٠٠، ل ٦٦.
(٣) س.پ: ل ٦٦.
(٤) س.پ: ل ٦٦.
(٥) س.پ: ل ٦٧.
(٦) رەخنەگرتن لە مۆدێرنێتی، نیهاد جامی، چ١، سەنتەری رووناکبیری هەتاو، کوردستان، ٢٠٠٦، ل ١٨٢.
(٧) ژاک دریدا — نووسین، جیاوازی، تێکەوت، رێبین رەسول ئیسماعیل، گۆڤاری رامان، ژ (٩٥)، خولی دووەم، ساڵی نۆیەم، نیسان، ٢٠٠٥،:ل ٨١.
(٨) فی اثر المعرفه الخفیه، امبرتو ایکو، ت:رعد محمد مهدی، مجله افاق عربیه، عدد ٤، السنه ١٩٩٢.
(٩) هرمنیۆتیک:زیندووبوونەوەی مانا یان کەمبوونەوەی گومان، پۆل ریکۆ، پەیمان، گۆڤاری بیری نوێ، ژ ٢٢، ل ٣٢.
(١٠) مصطلحات النقد العربی السیماءوی، الاشکالیه والاول و الامتداد٢٠٠٣—٢٠٠٤.
(١١) المصطلحات الادبیه الحدیثه:ص١٥ .
(١٢) شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە (دەق و رەخنە) ، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠١،ل ٣٠.
(١٣) پێکهاتە و راڤەی دەق، بابک ئەحمەدی، و.مەسعوود بابایی، کتێبی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥.
(١٤) سۆفێستەکان لە ستایشی فەلسەفەی کەمایەتیدا، رێبوار سیوەیلی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
(١٥) ساختار و تاویل متن، بابک احمدی، چاپ نهم، کتاب سوم، شالوده شکنی متن، فصل دوازده، میتافیزیک حظور: دریدا، تهران، ١٣٨٦.
(١٦) پێکهاتە و راڤەی دەق: ل ٢٦.
(١٧) ستراتیژییەتی گوتاری هیرمنیۆتیکا، ستاری پیرداودی، گۆڤاری رامان، ژ ٦٣، ٢٠٠١.
(١٨) اشکالیه المصطلح فی الخطاب النقدی العربی الجدید، د.یوسف وغلیسی، منشورات الاختلاف، الدار العربیه للعلوم ناشروون، جزائر، ٢٠٠٨.
(١٩) التاویل بین السیمیائیات و التفکیکیه، ترجمه و تقدیم: سعید بنکرتد، المراکز الثقافی العربقی، الدار البیظاء، بیروت، ٢٠٠٠.

(٢٠) ژاک دریدا- نووسین، جیاوازی، جێکەوت:ل ٨٣.
(٢١) الكتابه و الاختلاف، جاک دریدا، ت کاظم جهاد، دار توبقال، المغرب/ ١٩٨٨.
(٢٢) الكتابه و الاختلاف.
(٢٣) میکانیزمی هەڵوەشاندنەوە، ئا. ئازاد خدر، گۆڤاری رامان، ژ ٣٨، ١٩٩٩.
(٢٤) رەخنەی ئەدەبی قوتابخانەکانی – پێشەکییەک بۆ تیۆری، چارلز بریسلێر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧
(٢٥) ستراتیجیات القراو: التاصل والاجراء النقدی، بسام قطوس، اربد-الاردن،١٩٩٨ .
(٢٦) ژاد دریدا – نووسین، جیاوازی، جێکەوت، ل ٨٣. هەروەها (جاک دریدا.. بڕوام بە کۆتایی فەلسەفە نییە، و: رێبین رەسول ئیسماعیل، گۆڤاری پێشکەوتن،ژ ٧٤– ١٩٩٨).
(٢٧) ساختار و تاویل متن: ل ٤٣٧.
(٢٨) ساختار و تاویل متن: ل ٤٣٧.
(٢٩) مصطلحات النقد العربی السیماءوی، الاشکالیه والاول و الامتداد.
(٣٠) رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی – پێشەکیەک بۆ تێۆری:ل١٤٤ ..
(٣١) رەخنەی ئەدەبی و قۆتابخانەکانی – پێشەکیەک بۆ تێۆری: ل١٤٤..
(٣٢) س.پ:ل ١٤٩..
(٣٣) س.پ:ل ١٤٩
(٣٤) تیۆری هەڵوەشاندنەوە، بەختیار سەجادی، گۆڤاری رامان، ژ ٦٥، ٢٠٠١..
(٣٥) رەخنەی ئەدەبی قوتابخانەکانی – پێشەکیەک بۆ تیۆری: ل١٥٠ هەروەها بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (معرفه الاخر مدخل الی المناهج النقدیه الحدیثه، عبدالله ابراهیم واخرون، المکز الثقافی العربی، بیروت، ١٩٩٠).
(٣٦) رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی – پێشەکییەک بۆ تیۆری : ل١٥٢.
(٢٧) الخطیئه والتفکیر من البنیویه الی التشریحیه (قراوه نقدیه لنمذوج معاصر)، د. عبدالله محمد الغذامی، الهیئه المصریه العامه للکتاب،٢٠٠٦،..
(٣٨) رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی – پێشەکییەک بۆ تیۆری: ل ١٥٣..
(٣٩) اثر لمعرفه الخفیه، امبرتو ایکو، ت: رعد محمد مهدی، مجله افاق عربیه، عدد٤، السنه ١٩٩٢،ص٤٥..
(٤٠) فینۆمینۆلۆژیای ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە، ستاری پیرداودی، گۆڤاری کاروان، ژ ١٤٨، ئابی ٢٠٠٠،.
(٤١) الهرمینوطیقا و الفلسفه نحو مشروع عقل تاویلی، عبدالغنی باره، الدار العربیه للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، بیروت، ٢٠٠٨.

# خوێندنەوە وەک چارەسەر

د. فەیسەڵ عارەب بلّباس

## «کتێبخانە نەخۆشخانەی مێشکە» نەناسراوێک

ئەمڕۆ سەر بەهەر کتێبخانەیەکدا بگری دەیان کتێبی ڕەنگاوڕەنگ، بە زمانە زیندووەکانی جیهانت دەکەوێتە بەرچاو، کە زۆر ڕێگەی جیاواز بۆ چارەکردنی گرفتە جیاجیاکانی ژیان نیشان دەدەن، هەر لەباسکردنی گرفتە تەندروستییەکان و چۆنییەتی چارەکردن و خۆپاراستن لێیان تا دەگاتە ڕێگەکانی کردنەوەی گرێکوێرەکانی ژیان، چ لە ڕووی دەروونی و کەسایەتی و ئابووری و جەستەیییەوە بێ، یان لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان. ئەوانە زۆربەیان بە کتێبی «یارمەتیدەری خود Self-help Books» ناودەبرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوانەدا نووسین و تێکستی دیکەی ئەدەبیش هەن کە مرۆڤ بە خوێندنەوەیان جۆرە ئارامی و دڵنەوایی و سێبووری و ئاسوودەییەکی گیانی و دەروونیان لێ دەبینێ. بەوەش دەچنە خانەی چارەکردنەوە. ئەم جۆرە تێکست و کتێبانە بۆ چارەسازی یان هاوکاریکردن لە چارەسەری نەخۆشیان بەکاردەهێنرێن و بەو ڕێگەی چارەکردنەش دەگوترێ «خوێندنەوەی چارەسازی». بیرۆکەی چارەکردنی گرفتە تەندروستی و دەروونییەکان بە خوێندنەوەی کتێبان، وەنەبێ شتێکی تازە بێ، بەڵکو لەگەڵ پەیدابوونی یەکەم کتێبخانە لەلایەن یۆنانییەکانەوە سەری هەڵداوە. «ئەرستۆ» بڕوای بە خوێندنەوە بۆ چارەسەری هەبووە، ڕۆمانەکانیش لەکۆنەوە هەستیان بەو پەیوەندیە کردبوو کە لەنێوان خوێندنەوە و پزیشکێتیدا هەیە. خوێندنەوە بۆ

چارەکردنی دەردان، کە ناوە زانستیەکەی Bibliotherapy یە، بریتییە لەخوێندنەوەی کتێب و تێکستان بۆ خۆچاکردنەوە، یان یەکلاییکردنەوەی گرفتەکان. هەرچەندە ئەمە پتر بەو کتێبانە دەگوترێ کە لەجۆری یارمەتیدەری خودن، بەڵام هەر جۆرە کتێب و نووسینێک، شیعر، چیرۆک، رۆمان، پەخشان...تاد دەکرێ بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنرێن. «خوێندنەوەی چارەسازی» پرۆسەیەکی داینامیکییە کە لە رێی لاپەڕە نووسراوەکانەوە دەتوانین بە نووسەر بگەین. کە تۆ نووسینی یەکێک دەخوێنییەوە، جۆرە گفتوگۆ و «دایەلۆگێک» لەنێوان خۆت و نووسەردا دروست دەکەی. ئەوەی کە دەیخوێنییەوە لە دیدی شارەزایی و بەسەرهات و ئەزموونەکانی خۆتەوە بەکاریان دێنی، بەمەش دەبیتە بەشێک لە نووسینەکە.
خوێندنەوەی چارەسازی، وەک «یەکێتیی ئەمریکایی بۆ کتێبخانەکان» پێناسەی دەکا، بریتییە لە: «بەکارهێنانی دەق و تێکستی هەڵبژێردراو بۆ خوێندنەوە، کە وەکو یاریدەدەرێک وایە بۆ ئەو چارەسەرییە پزیشکییە یان سایکۆلۆجییەی کە بەکاریدێنی، لەهەمان کاتیشدا رێنیشاندەرە بۆ چارەکردنی گرفتە کەسییەکان». هەر کەسێکی کە خوێندنەوە بەتەواوی کاری تێکردبێ و تێیدا توابێتەوە، لەهێز و توانای وشەی نووسراو دەگا. خوێندنەوەی چارەسازیش بریتییە لە پراکتیک، هونەر، زانستی وەرگرتنی ئەو هێز و توانایە و سەپاندنی بەشێوەیەکی بنیاتنەرانە بەسەر ژیانی خۆیدا.

**لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، یەکەم کتێبخانەی ناو نەخۆشخانە پەیدابوو، دوایی وایلێهات لەزۆربەی ویلایەتەکان ئەو خزمەتگوزارییە دەستەبەر کرا. دواتریش پرۆگرامێکی زۆر سەرکەوتووی کتێب خوێندنەوە، بە سپۆنسەری یەکێتیی ئەمریکایی بۆ کتێبخانەکان، لەناو هێزەچەکدارەکانی بەشداربووی هەردوو شەڕی جیهانی، بەڕێوەچوو. ئەم خزمەتگوزارییە بۆ ئەوە بوو کە وا لە سەربازەکان بکا لەگەڵ ناخۆشییەکانی شەڕ خۆیان رابێنن.**

«ئادوین ئالستۆ»ی دەروونناس بەم شێوەیە باسی خوێندنەوەی چارەسازی دەکا: «ئەمڕۆ لە جیهاندا گەلێک نووسین هەیە کە بۆ هەموو خاوەن پێداویستی و چێژوەرگرێک دەگونجێن. زۆر بە ئاسانیش دەست دەکەون و نرخەکانیشیان گران نییە و لە هەموو شوێنێکیش هەن. کتێبی باش و بەکەڵک وەک گفتوگۆیەکی سەرپێیی یان پەیوەندیەکی کورتخایەن و ئەزموونێکی رەمەکی نییە، بەڵکو دەکرێ چەندان جار بگەڕێیەوە سەری و بەهەمان شێوە و توانای جارانی دەمێنێتەوە. وشەی نووسراو هەموو کەسێک دەتوانێ وەریگرێ یان بەسەریدا تێپەڕێ و بەجێی بێڵێ، وەکو وشەی گوتراو توند و رەق نییە و بەو شێوەیەش تووشی دڵەڕاوکێ و هەڵچوونت ناکات وەک ئەوەی لە وشەی گوتراودا دەبینرێ. لەبەر ئەوە زۆر کەس دەتوانن بەکەمترین بەرگری لە کتێبان نزیک ببنەوە. لەلای زۆر کەسان وشەی نووسراو جۆرە دەسەڵات و بڕوایەکی لە رادەبەدەری هەیە.



لە سەدەی نۆزدەمدا لە ئەمریکا، هەندێک کتێب نەک هەر بۆ فێرکردن بەکارهاتن، بەڵکو وەکو ئامرازێکیش بەکارهێنران بۆ بنیاتنانی کەسایەتی (کاراکتەر) و بەهای ئەرێنی لەناو قوتابیاندا. بیرۆکەکە لەوەوە هاتبوو کە هەڵگێڕ و وەرگێڕکردنی کەسایەتی و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی خود، کە لە ڕێی خوێندنەوەوە پەیدادەبێ، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەفتاری دروست لەلای ئەو کەسانە لە ئایندەدا. هەر لەوێ و لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، یەکەم کتێبخانەی ناو نەخۆشخانە پەیدابوو، دوایی وایلێهات لەزۆربەی ویلایەتەکان ئەو خزمەتگوزارییە دەستەبەر کرا. دواتریش پرۆگرامێکی زۆر سەرکەوتووی کتێب خوێندنەوە، بە سپۆنسەری یەکێتیی ئەمریکایی بۆ کتێبخانەکان، لەناو هێزەچەکدارەکانی بەشداربووی هەردوو شەڕی جیهانی، بەڕێوەچوو. ئەم خزمەتگوزارییە بۆ ئەوە بوو کە وا لە سەربازەکان بکا لەگەڵ ناخۆشییەکانی شەڕ خۆیان رابێنن. دواییش پرۆگرامەکە بۆ کاتی دوای وەستانی شەڕ درێژ کرایەوە بۆ ئەوەی یارمەتی و هاوکاری بریندار و پەککەوتەکانی شەڕ بکات و رایان بێنێ، لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵ. ئەمە وایکرد ژمارەیەکی زۆر لە شارەزا و راوێژکار و پسپۆڕ لەو بوارە پەیدابن، ئەوانیش وایان کرد کە کتێب خوێندنەوە نەک هەر لەناو کتێبخانەکاندا، بەڵکو لەناو ماڵ و پۆلەکانی خوێندن و لەبواری پزیشکیشدا بەکاربهێنرێ.

**ئێستا لە دنیادا بەکارهێنانی کتێبان بۆ چاکبوونەوە لە دەردان، زۆر باو بووە و زۆربەی خەڵکیش ئەوە دەزانن کە کتێبی باش کاریگەریەکی هێمنکەر و ئاسوودەبەخشی هەیە و لەوانەیە وەک ئامرازێکیش بۆ خۆدزینەوە و هەڵاتن لەکێشان یان خۆرۆشنبیرکردن و ئیلهام پێدان و تێگەیشتن بەکاربێت. دەروونناس و خاوەن پیشەتەندروستییەکان کتێب بەکاردێنن بۆ یارمەتیدانی خەڵک، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە بتوانن خۆیان لەگەڵ گرفتەکانیان رابێنن**

لە ساڵەکانی ١٩٧٠ و دواتر، زۆر لەوانەی بە کاری کتێبخانانەوە خەریک بوون Librarian، گرنگیان بە خوێندنەوەی چارەسازی دا، بەڵام کە تەکنۆلۆجیا پەرەی سەند و بایەخی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو نزمی چوو، ئەم جۆرە خوێندنەوەیەش بەرەو کزی رۆیشت. ئەمڕۆکە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان ئەوەندە گران بوون کە خەریکە خەڵک بایەخ پتر بە باجواکانی (بدیل = ئەلتەرناتیڤ) چارەسەری دەدەن، چونکە کەمتر پارەی تێدەچێ و ماوەیەکی کورتتریش دەخایەنێ، هەندێکیش پێیان وایە گەڕانەوەیەکە بۆ سرووشت. لەبەر ئەوەی خوێندنەوەی چارەسازیش دەتوانێ زانیاریەکی نووسراو بداتە دەست نەخۆشان، کە پێشتر لە رێی چارەسەری دەروونییەوە دەکرا، بۆیە خەریکە جارێکی دیکەش پەنا دەبرێتەوە بەر ئەم رێگەچارەیە.

«ئورسولا لاگوین» کە شارەزایەکی ئەم بوارەیە دەڵێ: ئێمە بۆیە دەخوێنییەوە تا بزانین ئێمە کێین، خەڵکی دیکە چۆن، چ بە راست بێ یان بە خەیاڵ، بیردەکەنەوە و هەست دەکەن، چونکە ئەوە بۆ ئێمە رێخۆشکەرێکی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی تێبگەین ئێمە چین و لە ئایندەشدا دەبینە چی».

بەکارهێنانی کتێب خوێندنەوە بۆ چارەسەری، بەشێوەی جیاواز لەلایەن زانا و پزیشک و دەروونناس و کۆمەڵناس و پەریستار و باوان و مامۆستا و خاوەن کتێبخانان بەکارهاتووە و لێکدراوەتەوە. لە راستیشدا جۆرە لێڵی و تێکەڵییەک هەیە لەنێوان خوێندنەوەی رێپیشاندەر و خوێندنەوەی چارەسازیدا.

هەردوو زانا «رایۆردان» و «ویلسن» لە ساڵی ١٩٨٩دا چاوگێڕانێکیان بەناو نووسیناندا کرد و کاریگەریی خوێندنەوەی چارەسازیان لێکدایەوە، دەرکەوت کە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئەنجامی تێکەڵاویان نیشانداوە سەبارەت بە کاریگەریی خوێندنەوەی چارەسازی وەک رێگەیەکی سەربەخۆ بۆ چارەکردنی نەخۆشی و گرفتەکان. ئەوان وایان بۆ دەرکەوت کە ئەم جۆرە خوێندنەوەیە، واپێدەچێ پتر لەمەوە سەرکەوێ ئەگەر وەکو یاریدەدەرێکی چارەکردنە پزیشکییەکان بەکاربهێنرێ. لەگەڵ ئەوەشدا وادیارە بایەخی ئەم رێگەچارەیە لەم ساڵانەی دواییدا خەریکە سەرهەڵدەداتەوە. ئەوەش بە زۆری پێدەچێ رەنگدانەوەی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتی و خێزانیانە بێ کە لە ئەمریکا پەرەیان سەندووە، وەک: جیابوونەوەی ژن و مێرد و نامۆبوونی لاوان و فشاری گرووپەکان، لەگەڵ ئەلکهوول و دەرمانە هۆشبەرەکان.

هەر ئەم دوو زانایە پێیان وایە کە ئەو تەقینەوەیەی لە پرۆگرامەکانی یارمەتیدانی خودەوە لەو دە ساڵەی دواییدا روویداوە، بووەتە هۆی زۆرتربوونی بەکارهێنانی خوێندنەوەی چارەسازی لەسەر شێوەی یارمەتیدانی خود.

ئێستا لە دنیادا بەکارهێنانی کتێبان بۆ چاکبوونەوە لە دەردان، زۆر باو بووە و زۆربەی خەڵکیش ئەوە دەزانن کە کتێبی باش کاریگەریەکی هێمنکەر و ئاسوودەبەخشی هەیە و لەوانەیە وەک ئامرازێکیش بۆ خۆدزینەوە و هەڵاتن لەکێشان یان خۆرۆشنبیرکردن و ئیلهام

پێدان و تێگەیشتن بەکاربێت. دەروونناس و خاوەن پیشەتەندروستییەکان کتێب بەکاردێنن بۆ یارمەتیدانی خەڵک، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە بتوانن خۆیان لەگەڵ گرفتەکانیان رابێنن. زۆرێکیش لە خوێنەرانی ئاسایی کتێبان دەخوێننەوە بۆ ئەوەی تێکەولێکە (مامەڵە) لەگەڵ کێشەکانی وەک: گەشەکردن و گەورەبوون بکەن و مامۆستا و خاوەن کتێبخانەکانیش رێ بۆ خوێندکاران خۆش دەکەن تا لە رێی خوێندنەوەوە لە قەیرانە کەسیەکانیان دەربازبن.
بەتێگەیشتن لەوەی کە «خوێندنەوەی چارەسازی» پرۆسەیەکی چالاکە و لە خوێندنەوەی رۆژانە دەچێتە دەرێ و لە رووی بەکارهێنانییەوە دەکرێتە دوو کرداری سەرەکی:
یەکەم: وەکو هونەر: بەکارهێنانە ناپزیشکییەکەی خوێندنەوە، وەکو هونەرێک دەست نیشان دەکرێ کە لەژێر ئەو ناوەوە خوێندنەوەکە بە خوێندنەوەیەکی رێنیشاندەر یان تایبەت بۆ یارمەتیدانی خود دادەنرێ. بەکارهێنانە ناپزیشکییەکانی ئەم هونەرە وەکو مامۆستا و خاوەن کتێبخانەکان بەوردی تێکستی هەڵبژێردراو بۆ کەسانی دیارکراو دەست نیشان دەکەن بۆ زاڵوون بەسەر گرفتەکانیان، بۆ نموونە: لەوانەیە یەکێک لە خاوەن کتێبخانەکان بۆ منداڵێکی کە دایک و باوکی لێکجودابوونەوە، رۆمانێک هەڵبژێرێ کە هەمان سەربردەی بۆ دەگێڕێتەوە.
دووەم: وەکو زانست: لەم رووەوە ئەو چارەسازییە ئاڕاستەکراوە، نەک هەر تەنیا هەڵبژاردنی کتێبانە، بەڵکو پلانێکی ورد و زانیاریی پزیشکیی دەوێ و دەبێ لایەنی دەروونیی تێدا رەچاو بکرێ. لێرەدا پزیشک و پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هۆش و دەروون، سەرەتا جۆری نەخۆشییەکە دەست نیشان دەکەن، ئەوجا ئەم جۆرە کتێب و دەقانەی بۆ دیاری دەکەن کە تێیاندا باسی دەرد و گرفتە تەندروستییەکان دەکەن. بۆ نموونە: چارەسازی دەروونی کتێبێک بۆ نەخۆشەکە هەڵدەبژێری کە یارمەتی چارەسازیەکەی بدا، چ لەگەڵی بخوێنێتەوە یان وەکو ئەرکێکی ماڵەوە بەسەریدا بسەپێنێ.

## خوێندنەوەی چارەسازی دەکرێ بۆ ئەوانە بەکاربهێنرێ:

١. بۆ پەیداکردنی بیرۆکەیەک لەسەر خۆیان.
٢. بۆ تێگەیشتن لە حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ.
٣. بۆ پەیداکردنی بڕوابەخۆبوون و خۆبەهەند زانین.
٤. بۆ دۆزینەوەی رێگە بۆ ئەو کەسانەی کە بێجگە لەخۆیان، بایەخ بە هیدیکەش دەدەن.
٥. بۆ لابردنی ئەو پەستانە دەروونی و سۆزداریانەی کە دەکەونە سەر مرۆڤ.
٦. بۆ ئەوەی نیشانی ئەو کەسە بدا کە ئەو بارەی تێی کەوتووە یان ئەو گرفتە و نەساغییەی تووشی بووە بەتەنیا هی ئەو نییە.
٧. بۆ ئەوەی نیشانی کەسەکە بدا کە پتر لە چارەسەریەک هەیە بۆ گرفتەکەی.
٨. بۆ ئەوەی یارمەتی کەسەکە بدا تا ئازادانە و سەربەستانە باسی گرفتەی بکا.

٩. بۆ هاریکاریکردنی کەسەکە بۆ دانانی پلانێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکەی، پێش ئەوەی دەست بە چارەسەریەکە بکا.

پێویستە چارەساز ئەوەی لەبەر چاو بێ کە ئەو رێگەچارەیە تەنیا دیاریکردنێکی سەرپێیی چەند دەق و کتێبێک نییە بۆ خوێندنەوە، بەڵکو بریتییە لە کۆرسێکی تۆکمە کە پلانێکی وردی پێدەوێ.

کێیە ئەوەی خوێندنەوە وەک چارەکردن دەست نیشان دەکات؟ ئەو کەسە چ مامۆستا بێ یان خاوەن کتێبخانە یان دەروونناسێکی پیشەکار... پێویستە بزانێ کە خوێندنەوەی چارەسازی دەبێ زۆر بەوردی تێکەولێکەی لەگەڵدا بکرێ و هەموو کەسێکیش ئەو توانا و شارەزاییەی نییە کە ببێتە چارەساز بەخوێندنەوە. زانایانی ئەم بوارە پێیان باشە ئەو کەسە لەگەڵ یەکێکی دیکە لەدەرەوەی پیشەکەی خۆی هاوکاری بکا. بۆ نموونە: ئەگەر مامۆستای زمان بێ، پێویستە لەگەڵ خاوەن کتێبخانەی قوتابخانەکەی یان راوێژکارێک یان دەروونناسێکی قوتابخانەکە ئەو کارە پێکەوە ئەنجام بدەن. ئەم هاوکاریکردنەش بۆ ئەوەیە کە پرۆسەکە بە راستی رابگیرێ و بەتەنیا یەکێک تێیدا بەرپرس نەبێ. ئەو کەسانەش بۆ ئەو پیشەیە باشن کە پشوودرێژن و لە باسکردنی کێشەکان سینگیان فراوانە و زوو ماندوو نابن.

## سەرچاوەکان:

www.wikipedia.com
www.minddisorders.com
www.bibliotherapy.co.uk

# خودا لەسێبەری خەیاڵێکدا

## هەتاو

بریا دوو قاچم دەبوو تا
لەم بەر بێ توانایی ئێستامەوە
تا ئەو بەر ئەوجی خەیاڵ هەڵیاندەگرتم
لەوێ لەو پێدەشتی رەهاییەدا وەک کاریلەیەکی بزێو
هەرچی تولە رێی قاچاخی خەونە
ئەزموونم دەکرد
دەمم لە هەرچی گوڵەگەنمی حەزە دەداو
رۆحی قەرسیلم بەدوای بێ حیکمەتی ئەم هەموو
بێباکیەیدا دەپشکنی
بەقامەتی نا ئەندازەیی
داهۆڵەکانا هەڵدەکێشام، بەڵکوو خودایە
بەتەمای بزەیەک لێویان بکەوێتە جووڵە
خرمە خرمەجلەکانیانم دەجوی تا بزانم
وەک من شەرم لە گازەرای پشتیانەوە
دەچۆڕێتە تاریکییەکانیانەوە

وەختێک لە رووتبونەوەی خۆیان دەڕوانن؟!
بریا دووباڵت پێدەبەخشیم خودا
هەر هێندە لە بازگە کۆنەکانی واقیعەوە
دەربازمکەنە سەر زەمینە شینەکانی خەیاڵ
هەر هێندە دەستم بگاتە داوێنی ئاسمان
هەورەکان فێردەکەم لەبری ئاو شەراب ببارێنن
تاکو زەوی لەبری مرۆڤ پڕبێت لە رەز
لەبری بیابان کێڵگەی جۆ شینبکات
لەبری زالوو قەوزەی سور درووست بکات گۆم..
هەر هێندە رێم لە خەرابستانی فریشتە بکەوێت
هەموویان رادەهێنم شەوان بەبێ باڵ
لەگەڵ بادا پیاسەبکەن
بەڵکو مانگ بتوانێت حەرامەکانیان ببینێ و
لە حەیبەتی ئەو هەموو رەنگە زمانی
بە ئایەتی چێژێکەوە بپرژێ هەزاران گەردیلە مانگی تر دروست ببێ
بە باران دەڵێم دەستێک لە تەڕبوونی خۆی بدات
کوا بزانم وەک من پڕدەبێت لە بۆن
ئەو کاتەی بەهێمنی دەست لە رۆحی ئاوێنەکە دەدەم و
ژوورەکەم پڕەبێت لە هەناسەی مۆری شەوبۆیەکی
رووت کە ئاگر لە مەستبوونییەوە بڵێسە دەکات؟!
خودایا گوناهت ناگات هەڵگرتنی
ئەم گۆزەڵە بێوەیانەی حەز
لێرەوە تا ماڵی تەڕی کانی و هێنانەوەیان هەروا بەتینووییەتی ؟!
پژاندنی ئەو هەموو دانی جوانییە لێرە و لە راکردنی ئەو هەموو کۆتری ئیشتیاقە بە برسێتی؟!
سەرێکم ئەوێ هێندەی خەیاڵەکانی خۆم
ئەم کاسە بچووکە جێی ئەو گشت مووروی ورد و درشتەی
گوناهی تێدا نابێتەوە
ئاخر ئەم هەموو پرسیارە گەر نەکرێت
چۆن دەکرێت

ئەم ڕێگایە گەر نەبینرێت ..چۆن دەبڕێت
بەهێڵەکانی درێژی زەویدا هەڵکێشم
ڕێم لە شوێن پێی ژیان دەکەوێت
یان بە هێڵی پانیدا بخشێم دەگەمەوە یەکەم
پیاسەی تاریکی مەرگ
کامیان پێش ئەویتریان هاتوون
مەرگ یان ژیان؟!
کامەیان زووتر ئیمانی هێنا و کامیان هێشتا کە عاسیە لە عەقیدەکانی بوون؟!
گوناهە خودایە
مەهێڵە بەم هەموو هیچیەوە
لە خەرەندی ژیانەوە هاژەبکەمە خوارێ و
بکەومە چنگی مەرگەوە
تەنها سەرێکم پێیە و چەندەها پرس
هیچم پێنییە جگە لە خۆم کە هێشتا
بۆنی نانی گەرمی بەیانییەکی ساردم لێدێ
دڵم پڕە لە خۆم لە ژنێک
لەوبەر تەنهاییەوە چاکی هەڵکردووە و
بێئۆقرەیی کۆدەکاتەوە
ژنێک لە چۆڵەوانی خۆیدا وەکو شمشاڵ
حەسرەت بە کونیلەکانی ڕۆحیا هاژەدەکا و کەچی پێی دەڵێن:
عەجەب میلۆدییەکە ئەم هاژەیە !!
مەهێڵە بمرم خودایە تا لە ڕووتبونەوەی
خۆم وشەرمی ئاوێنەدا تەقینی دڵی هەنارێک
بۆ پایز پێناسە بکەم
بارانێک ڕاسپێرم تەڕ و وشکاییەکانم
دەستکاری بکات
مانگ والێبکەم لە بەرزایەکانمەوە هەڵبێ و لە چاڵاییەکما بنشێ
دەستی پیری بگرم و لەمبەر تەمەنەوە
بیەڕێتەوە ئەوبەر...

خودایە لە مانگەشەوێکدا مەستمکەیت و
جلەکانم پێ فڕێدەیت
باشترە بەم هەموو سیپاڵەوە بمرم
کەزاکیرەی داهۆڵێکیان نەبردەوە سەر رەگەزی خۆی
لە باراندا بمخوسێنێ و شەختە بگرم باشترە تا
لەبەر ئاگردانی ئەم ژوورەدا بسوتێم کە
بەحەسرەتی ئەم چۆڵەوانییەوە شەوێک هەر لە ئامێزی نەگرتم
خودایە سورەتێک نازڵکە بۆ حەرامکردنی ئەم چەترە درزێوانە
باران بۆ تەڕکردنی رۆحە نەبا لە بەیاری
جەستەدا ببێتە بەرد و نەبێتە گیا
ئایەتێک بنێرە تا پەلکەزێڕینە
درەنگتر بمرێت بەڵکو پێڕاگەین
ئەندامەکانی زاوزێی کرمێکی پێ بگۆڕین
کە ناتوانێت لەمبەر تا ئەوبەری حەز بخشێت
شەو وەرزی پیاسەی مانگە لە کۆلانێکی تەنگەبەری باخا
دەستکردنە لە مەمکی پرتەقاڵێکی سەوز
بۆ ئەوەی زووتر بۆنی حەزبکات
شەو فەسڵی گفتوگۆی سنەوبەرە لەگەڵ شەقام
بۆ ئەوەی بیری نەچێت چیرۆکێک
بۆ دیداری کوکوختییەکان حازربکات
بێحکمەت نییە پایز لە دڵی هەنارێکی ئاڵەوە
رووی باخ زەرد دەکات
چەند جوانە چەند میهرەبانتر دەنوێنێ
چەند هونەرمەنتر چاو دەدا
خودایە لە گوناهی ئەم پایزە خۆشبە
کە بەسیحری ئەم هەموو جوانییەوە خۆ کوژی دەکات و
هێشتا دڵی پڕە لە ترپەی رەنگ و
دەستی
بۆنی بۆساردی ژیان دەدات

پەنجەی زیاترم دەوێ
بۆ گرتنی ئەم گوناهانە بە تازەیی
بەدوو چاووە پڕنابم لە تەماشای ئەم
رووتبونەوانە بەتەڕی
دووقاچی پتەوم دەوێت هەڵمگرن تا کەنارە نارنجیەکانی گوناه
دوو باڵ پڕمکەن لەچێژی فڕین
سەرێک بەم هەموو خەیاڵەوە خوابببینێ
پڕپڕە لە گوناهی سوور
لێوانلێوە لە جوانی..!!
خودایە دڵنیام گوێت لە قوڵپەی رژانی من نەبووە
بۆیە گوێت ناوە بەم زەمزەمەی پیرۆزییەوە
من گۆرانی دەزانم میلۆدی لە رۆحی بارانەو
تێکستی جوانی ژن
تۆ دەزانی..؟!
ئەم چەقۆیە لابەرە لەسەر ملم، من گۆرانی دەناسم
دەزانێت باچەند جۆرە سەما شارەزایە
دەزانێ مانگ لە چەند کۆلانا رێگە بەسێبەری شەو دەگرێ
تێدەگات هەنار بۆ شەرم لە سووربوونی خۆی دەکات
پرتەقاڵ بۆ رازی نابێت جلەکانی فڕێدا و
مەمکی بداتە دەست باران
لە گەروویەک زیاترم دەوێ
بۆ چریکەی ئەم هۆرەی مەرگە
لە مەعبەدی ژیاندا
خودایە حیکمەت لە دووبارەبوونەوەی ئەو هەموو شەوە چییە؟
بۆچی هەمیشە لە دەرگای تاریکییەوە ئاودیووی ماڵی کات دەبێ
شەو ئەو رێبوارە تەنهایەی ماندووە و ماندووش نابێت

تا لەسەر باڵی کانییەکی دوورەدەست تاوێ وەنەوزبدا و
نانێکی رەق لە ئاوی میهرەبانی هەڵکێشێ و
لە خەیاڵێکی شەرابیدا نەرمیکات
هەرچی مێوی خەیاڵە لە منیەوە بپێچە خودایە
با قەدم گەڵا و قژم تەرز و مەمکم ترێ بگرێ
لەبری شیر شەراب دەدەمە ژیان
ساباتێک سازەکەم
بۆ ئێوارە کپەکانی تەنهایی
لقێکم دەدەمە دەست مناڵێکی عەجوول
بمکاتە جۆلانێ و چۆنی پێخۆشە بمهێنێ و بمبا
پەرداخێ: بانگکەم پێی دەڵێم لە چۆڵەوانی خۆترسێ
تەنهایی ژووانە بۆ پێکهاتنەوە لەگەڵ خۆت
دۆزینەوەی رۆحە لە مەنفای جەستە
ئاشتکردنەوەی حەرامەکانە لە گەڵ ئیمان
گۆزەیەکی بچووکم پڕم لە گوناهی گەرم
تا نەرژێمە سەردۆزەخێکی تینوو خاڵینەبمەوە
گەردنت ئازاد ناکەم هەڵمگریت خودا
گەردنت ئازاد ناکەم بمشاریتەوە
گەردنت ئازاد ناکەم بمنێژیت
دوودەست لەمن بۆ داڕنینی
ئەم هەموو لاسارییە لەجەستە
هەزار دەستم دەوێ هێندەی خودا
سەریکم دەوێ هێندەی شوشەکانی خەیاڵ پڕ و
هێندەی دەستەکانی خۆم بەتاڵ
دوو باڵم پێویستە بۆ فڕین تا ماڵی فریشتە یاقوتییەکانی ئەوبەر دۆزەخ
تامەیخانە مەستەکانی ئەو دیوو بەهەشت
قاچیشم نەدەیتێ خودا
تازە وەکو کرم دەگەڕێمەوە سەرەتای بوون
دەخشێم تا ئەوبەر سنورە زبرەکانی واقع
دەخزێم تا تونێلە جادووییەکانی خەیاڵ
تا بیرچوونەوە و تا مەست بوون.

# ده فیگەر لەنێوان خۆکوشتن و ژیاندا !

هەژار عوسمان

-١-

ئیشتیهام بە ژیان ناکرێتەوە
بەبیرم نایەتەوە کەیبوو
درکم بەوە کرد
سەد هێندەی توێکڵی لیمۆ تاڵە !!

-٢-

کوشندەیە ئەم وەهمە
عەزابە ئەم جورئەتە
پووچە ژیان
پووچە خۆکوشتن
عەبەسە ئومێد !

-٣-

بێهوودە ئەم عەتری ئومێدە
بە جلەکانمدا دەپرژێنی
بێهوودە لەبیرت کردووە
ئەی دۆست...
بۆنی مردن لەگیرفانەکانتەوە دێ !

-٤-

ئەم خەیاڵەم , هێواش...هێواش
بیر لە ساتەوەختی
لە زرمە زرم کەوتنت دەکاتەوە
ئەی دڵ !

-٥-

خۆکوشتن سەگەکانی خۆی
بەرداوەتە قاپی و دیوارەکانم
لێ من , زەهری «ئەو» کوشتن
بۆ سەگەکانی دادەنێم !!

-٦-

جیاوازی چییە ؟
تۆ بمکوژی یاخود گوللە
ئەی مەراقم !
جیاوازی چییە ؟
تۆ بمکوژی یاخود حەرف
ئەی تەنیاییم !

-٧-

تەمەنێک بەدیار نەهاتنتەوە چاوەڕێ
کزکز دەسوتێ چرای ئومێد
هێشتاکە خەبەرێ نییە لە «گۆدۆ» !

-٨-

ئازارێک لە سینەمایە
کتومت دەمخاتەوە یادی خۆکوشتنی ئەو کۆترەی
لە حیکایەتێکتدا پرسەت بۆ نەگرت
ئەی شەهرەزاد !

-٩-

سەرت مەنێ بەسەرمەوە
ژیان هێند رەتاندوومی
دەترسێم رۆژێ تۆش بەرببیتەوە نێو ئەم پەتایە !

-١٠-

مەپرسە...
شیعرم ، هیچ نییە
جگە لە غافڵگیرکردنی خۆکوشتن نەبێ !

# ئێوارەیە و ئێوارەت نیم

گوڵباخ بەهرامی

کە وەک ماسی
خەم لە سڵاوە بەفرینەکانت دەنیشێت
کات لە ئێوارەدا رادەوەستێ
من رەنگەکانی هاتنت کۆدەکەمەوە
درێژتر لە پرچی پاییز
سێبەرێک بە دوامەوەیە و
من نیت
پیاوێک شانم لێهەڵدەخا و
تۆ نیم
کەس نامناسێ
دراوسێ و
دوکان و
تاکسی !
هەڵمبگرە وەک هەڵم و جگەرە

تا لە کۆڵانی دوو لێو
دەگەڕێمەوە باوەشت و
قایم دەبم لە قفڵی جەستەتدا .

لە هەنارێکدا هێلانە دەکا «با» و
پێنج لە پەنجەکانم کەمدەکاتەوە
ناگاتە دەستم غرووری هیچ مەزەیەک ،
لە لێوتدا
کەنارێک هەیە پەمەیی دەڕوانێت
تەونی ماسی دەنێتەوە لە دڵمدا!
.......
ئێوارەیە و
ئێوارەت نیم
دەرفەتێک هەتا دەریات بم!

# پرسەنامەیەکی سادە

## ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

ئەگەر هاتن
بێتوو بۆنی لێوتان
ماچێکی سارد لە سەفەری تابووتێکمدا بەخەبەر بێنێ
لە زاری هیچ گۆڕێکدا دووریتان نادرکێندرێ!

ئەگەر هاتن هەموو بەڕێز
رازی لێبوردەیی ئەستێرە بڵێینەوە.
ئەوەی زووش هات،
هەتا دەگاتە تەعبیری ونبووی نەهاتنەوەی تۆ
چەترێک لە تامی دەریا هەڵدا
با خەونەکانی بێ وەی بێ!!

بەخێربێن بۆ پرسەی بزەیەکی بێ نسێ و
گفتوگۆی جوانەرمەرگی نیوەڕێی ئاو..

ئێستا هەموو پێکەوە
لەژێر کفنی هیلاکی «ئیسماعیل»

جلەکانتان لە ٣٣ ماچ هەڵکێشن
بە نەرمایی بزەیەکی چاو لەدووردا تێپەڕبن!
بێ هیچ کۆسپێ
لەسەر قسنەبەردی ڕۆژباشی ٣٢ساڵان
تووشی «خاتوونی بەفر» دێن، بەو نیشانە:
(بەدوو شەتڵی باران
بە چەترێکی پەنا گفتوگۆیەکی تەنیا)
هەموو پێکەوە،
بە دەنگێکی بێ گرێوە بڵێن:
-بەخێر بێی-
لەبیرتان بێ
دەستی لەسەر دڵی پیکەنین دادەنێ و
لێوەکانی تەنیاییەکی بێ پاسپۆرت ئاواڵا دەبێ.
ئێوە هەموو..
بێ ئێرەیی بردن،
لە تامی بـ بدوێن هەتا..
دەگەنە حەدیسی ئاوێنە و
هەنگاوە بێ جووتەکانی گەڕانەوەی نسێ،
هەتا دەگەنە نامە نەنووسراوەکانی ئاو..

لەبیرتان بێ «خاتوونی بەفر»
بە ئەسپایی نووسینەوەی ئەم پیتە غەمگینانە تەمرین دەکا:
ئ
ی
س
م
ا
ع
ی
ل-و
پێبەپێی سەمفۆنیای باران
لە خەونی ئاسماندا خانەنشین دەبێ...

# شتێکی تر لە ژوورەکەدایە

## رێبین ئەحمەد خدر

لە پاسەکەدا دووبارە لە کچەکە دەپرسێ : دەچینە نەخۆشخانە؟
ئاووهەوا ساردە. بەفر ناهێڵێت کەس بیربکاتەوە-دەنگی گۆرانییەکی ناخۆش.
وەک ئەوەی خۆی بدزێتەوە بەشەرمەوە « بەڵێ، دەچینە نەخۆشخانە « کچەکە وەڵام دەداتەوە.
دەفتەرێکی بچکۆلە لەنێو دەستی دا، ئەو دڵنیایە کە ئەم رێگایە هەڵەیە.
هەڵەیە، دەبوو ئێستا لە ژوورەکەی بووایە.
ژوورێک کە هاورێکان دەڵێن جنۆکەی لێ یە، جنۆکەی لێ یە و پێدەکەنن.
دووبارە خۆی نزیک دەکاتەوە لە کچەکە بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات، بەچاو پرسیارێکی تر دەکات.
زنجیرەی چیاکان و تەمێکی نیگەران، بەڵام شارێکی بچکۆلانەی جوان. شارێک کە بەردەوام ژوورەکانی خەڵوەت دێننەوە بیر، لەدەرەوەی ژوورەکانیش بیر لە هیچیتر ناکەیتەوە-جگە لەوەی هەرچی زووترە هاورێکەت یان ئەوەی کە بەرێکەوت بینیوتە بەجێی بهێڵی و لەگەڵ گۆرانییەکی خەمباردا خۆت بخزێنیتەوە کونجی ژوورەکەت، ئەو ژوورەی جنۆکەی لێ یە و —پێدەکەنیت.
«بۆچی جنۆکەی لێ یە ئەم ژوورە..بۆچی ترسناکە؟» لەسەر دیواری باڵکۆنەکە دانیشتوویت و لە هاورێکەت دەپرسی.

وەڵام دەداتەوە «چونکە ئەوەی ماوەیەک لە ژوورەکەبێت عاشق دەبێ«.
پاسەکە بەنێو کۆڵانە باریکەکاندا دەڕوات.
کچەکەی تەنیشتت تازە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە بەچاو لێت پرسیبوو.
تۆ «دەڵێی کامە؟» دوای وەڵامەکەی ئەو.
«ئەو کچەی لەگەڵ خۆمان دایە» ناوی کچەکە دەڵێت و بەشەرمەوە پێدەکەنێت.
«لەخەودا؟»
«بەڵێ لەخەودا-لە قەڕەوێڵە کەوتووە»
« ئۆە..زۆر ناخۆشە -لەقەڕەویڵە» وا هەست دەکەیت کاتێ کەوتۆتە خوارەوە.
کاتێ کەوتۆتە خوارەوە و بە ئاگاهاتووە، گریاوە.
پاسەکە وەستا. لەبەر دەرگای نەخۆشخانەکە هاتنە خوارەوە.لەیەکتر دەترسان، چونکە یەکتریتان نەدەناسی.
نەخۆشخانەیەکی سەوز. ئێوە دوو دوو —سێ سێ سەردەکەوتن بۆ نهۆمی دووەم.
« کاتێ کەوتیتە خوارەوە گریایت؟»
« نا. نازانم لەهۆش خۆم چووم».
باڵکۆنەکەی ئێمە دەیڕوانی بەسەر خانوویکدا، پیرەمێردێکی بەستەزمان بە تەنها لەوێ دەژیا- شەوان لەگەڵ رادیۆکەیدا دەنووست-گۆرانی و هەواڵ ئاوێزانی یەکتردەبوون. ئێمەش نوقمی برین و نیگەرانی. ئەوەی لە کاتی گۆرانیدا دەگریا، ئەوەی بە خەمەکانی پێدەکەنی..ئەوەی نزای دەکرد. ئەوەی بێدەنگ-ئەوەشی دەینووسی. هەموومان هاوشێوەی پیرەمێردەکە، وەک ئەویش تەنها.
لە راستیدا ژوورەکە نە جنۆکەی لێ بوو نە تارماییەکیش، ئەوەی لێی بوو شتێکی تربوو.
دواجار هەموومان گەیشتینە نهۆمی دووەمی نەخۆشخانەکە.
ژوورێکی بچووک —یەک قەڕەوێڵەی تیایە، کچێکی سپی وەک ئەوەی خۆی بە ئاوی مردن شۆردبێ دێتە پێشەوە و پێدەکەنێ.
هەڵبەتە لەگەڵ ئێمە پێدەکەنێ.» باشە بەخێرهاتن..ئیستا باشە زۆر» خۆی لادەدا و ئێمە کچی سەر قەڕەوێڵەکە دەبینین، هاوڕێیەک دەپرسێ ئەم دەفتەرە چییە لەدەستت. هیچ وەڵامێک نییە، هێشتا ئەو کچەی خۆی بەئاوی مردن شۆردووە قسەدەکات و روونی دەکاتەوە « بەڵێ..ناخۆشە..من لە دەنگی کەوتنە خوارەوەکە بە ئاگاهاتم..ئا..راست دەکەیت» گوێ دەگرێ و دەست پێدەکاتەوە « بەڵێ قاتی دووەمی قەڕەوێڵەکە..هاها..ئا..زۆر بەرزە..» تەواوی دەکات « هیچ شوێنێکی نەشکاوە».
دونیا بێدەنگ دەبێت، لەژووری نەخۆشخانەکە هەموویان دەجووڵێن و دونیاش کپ بووە. ئەوان بە تەواوی دادەبڕێن لەوەی کە خەریکە روودەدا-ئەوان بەجێدەمێنن.هەموویان دەمیان دەجووڵێ وەک جیهانی مردووان، شووشەی پەنجەرەکەش لەجێی خۆیدایە-بەڵێ دەبێ هەمووکەسێک

بزانێ ئەم پەنجەرەیە زۆر جوان شوێنی خۆی گرتووە. دکتۆرێک دەڕوا و یەکێکی تر دێت، یەکێک لە دکتۆرەکان پەشۆکاوە، وا هەست دەکەم ژوورەکە دەپێوێ. کچی سەر قەرەوێڵەکە نابینرێ-هەرگیز ئەمە نابینرێت.
«دەزانی تۆ زۆر سەیربوویت ئەوکات-چاوەکانت، نازانم. نا..تۆ لەکوێ کەوتبوویە خوارەوە؟ دڵنیایت لە ئاسمان نەبووە؟
نا ئاسمان نا...شوێنێکی تر..شوێنێک کە کەس نەیبینیوە...وانیە؟»
«هاها..تۆ تەواو شێتی..ئەوکاتەی لەسەر قەرەوێڵەکەبووم؟»
«بەڵێ«
«لەخەونمدا یەکێک دوام کەوتبوو.....تۆ نەبوویت..؟..دوامکەوتبوو و من بەدرەختێکی بەرزدا هەڵگەڕام، لەدرەختەکە کەوتمە خوارەوە-کاتێک لەخەو هەڵسام لە نەخۆشخانەبووم»
هەفتەیەک دواتر من تەواو لاوازبووم و کەوتم. شەوانە بەدیار پیرەمێرد و دونیای رادیۆکەیەوە دادەنیشتم. دەمنووسی و دەمنووسی تاوەکو لە شوێنی خۆم تێپەڕم. دەستێکم مردوو و رەش هەڵگەڕا. پێموایە وەک خۆڵەمیشی لێهات.
« هەر لەنزیک تۆبم»
«ناتوانم» دووپاتی دەکردەوە.
باران دەباری، تەواوی کۆڵانەکان ئاو گۆرانی بۆ دەوتن.
لە ژوورەکەدا کەوت، هەمووان نیگەران.
ئەو هیچ ئاگای لەخۆی نەما.
زانی ئەم ژوورە تاریک و دڵتوندە شتێکی تری لێ یە، کە هەموومان بریندار دەکا.
پێشتریش لەمنی پرسیبوو : بۆچی جنۆکەی لێ یە ئەم ژوورە..بۆچی ترسناکە؟
من وەڵامم دابووەوە :چونکە ئەوەی ماوەیەک لە ژوورەکەبێت عاشق دەبێ.

# لاسارێک لە کاروانە وێڵەکەدا

## سەلاح شوان

لە هەموو کەسێک زیاتر لاکەی سەرم دەهات. هەنگاوم دەنا و بیرم لە شوێنێکی تر بوو. دوێنێ ئێوارە زیاد لە پێویست خواردبوومەوە. لەناکاوێکدا سەیرێکی ئەم لا و ئەولای خۆمم کرد، ئەمانەی لەگەڵیاندا دەڕۆم کەسیان ناناسم، تاقە کەسێکیشیان ئاشنای من نییە، بەڵام هەموویان وەک من ماندوون و لە ڕۆیشتندا لاکەی سەریان دێ. ئەم ڕێگایە زۆر چاک شارەزام. زۆرجار بە منداڵی پێیدا ڕۆیشتووم، بەڵام خۆ هەمووی سەد ساڵێک زیاتر بەسەریدا تێنەپەڕیوە. ئیتر بۆچی نازانم بۆ کوێ دەچێ؟ دەبێ بۆ کوێ بڕۆین؟ بۆ کوێ.

– هەتیووی چەقاوەسوو دەوسبە با تووڕت نەدەنە دەرەوە.

لەبەر خۆمەوە پێکەنینێک گرتمی، ئەم کابرایە وادەزانێت لەناو عارەبانەداین. لاکەی سەریشی دێ و ئاگای لەخۆی نییە.

زڕتە زەلامێکی قەوی و قۆڵ بە قەراغی ریزەکەدا دەڕۆیشت و دەگەڕایەوە، خێرا خێراش دەیوت:

– زووکەن. پێ هەڵگرن. با نەمانگەنێ. دەی زووکەن.

– ئەرێ کاکی یاساوڵ بۆ کوێ دەچین؟ بۆ کوێ زووکەین؟

چاوێکی لێ زەق کردمەوە. وەخت بوو بم تۆقێنێت، هەرچاوێکی وەک گۆمێکی خوێنی لێ هاتبوو. پەیتا پەیتا مژی لە جگەرەکەی دەدا.

– بەخودا وا دیارە کاکی یاساوڵ بەنگ کێشە.

گەڕایەوە سەرم و بە توندی چەپۆکێکی دا بەسەر شانم و ڕایکێشامە دەرەوە بەسەرمدا نەڕانی:

- بۆ ئەوەندە چەنە بازیت کوڕە، خۆ شایەر نیت؟ ها ئەوە جگەرەکەم بزانە گووی تێدایە.

جگەرەکەی وردکرد و تووتنەکەی کردە ناولەپی، هیچی تێدا نەبوو.

- بۆ من چیم وتووە؟

- خۆی گێل دەکات.

پاڵێکی توندی پێوەنام بۆ ناو ڕیزەکە، سەرم دای بە دەموچاوی کابرایەکدا و مێزەرەکەی لەسەر کەوتە خوارەوە، تا بۆی داچەمایەوە بووە ژێر پێوە و لێی بە جێما، وتی:

- بگەینە جێ دەتدەمە مەحکەمەی شەرعی.

- ئەم کابرایە وا دەزانێت نان و نەفەقەی لەسەرمنە.

سەیرێکی کردم و بە تووڕەیەوە خەریک بوو دەم هەڵێنێتەوە، شیرەی یاساوڵەکە قڕوقەپی کرد.

- زووکەن، دەی. خۆ نەمردوون، زوو .. زوو ..وو

بیرم کردەوە، دیسان دەستم کردەوە بە وڕێنەکردن. ئێ بەڕاست دەبێ ئەم ڕێیە بۆ کوێ بچێت؟ ئەو چەمەی بە قەراغیدا دەڕۆین، ئۆف.. بەڵێ، بەڵێ.. ئێستاش لەبیرمە کابرای شوانچەند ژەندرمەیەکی حامورابی هاتن و داوای ڕانەکەیان لێ کرد بۆ شا، بەڵام شوانە قایل نەبوو هیچی لێ بفرۆشێت، چونکە بەهەزارحاڵ شیر و ماستەکەی بەشی دەکردن هیچی تریشیان نەبوو. بەسەزمانە لەسەر مەڕێک خۆی بە کوشت دا و دەستی لێ نەبووەوە بیفرۆشێت.

پڕ بەدەم قیژاندم.

- کامتان وەک ئەو شوانەی لەدەست دێت؟ کێ لە ئێوە هەیە بتوانێت وابکات؟ کامتان کامتان؟ وا دیارە ئەو هەموو خەڵکە مۆمیا کراون، ئەگینا خۆ من قوڕگم دڕا، بۆ کەسێک گوێی لێم نییە. با نەختێکی تریش هاوار بکەم. چی دەبێ با ببێت، قیروسیا.

کابرای یاساوڵ وەک پەلکە پووشێک لەناو خەڵکەکەدا دەری هێنام، وەک بەراز بەکێشی کردم بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت. منیش هیچ دەنگم نەکرد. با بزانم چی دەکات. بۆ کوێم دەبات. کابرایەکی سەرورپیش تاشراوی دەموچاو چرچ و لۆچی بڕۆپان لەناو عارەبانەیەکی شلۆقدا دانیشتبوو توێکڵە شووتییەکی ناو هەڵکۆڵراوی کردبووە سەر. وام زانی سەری گەرمەژنەی دەرکردوە و دەیەوێ فێنکی بکاتەوە، چونکە بە منداڵی هەرجارێک گەرمەژنەم دەرکردبووایە دایکم توێکڵە شووتی پێدا دەسوویم.

یاساوڵەکە کڕنۆشێکی بۆ کابرای توێکڵە شووتی لەسەر برد، وتی:

- گەورەم.. ئەم دەم لووسە ، ئاژاوەچییە.. ریز تێکدەرە.

زۆر سەیرم بەو قسەیە هات، دەبێ ئەمە گەورەم بێت؟

وەخت بوو بدەمە پرمەی پێکەنین یاساوڵەکە قیڕاندی:

- خۆ کەڕ نیت. شاهەنشای گەورەت لەتۆ دەپرسێت. ناوت چییە؟

تا ئەو ساتە بیرم لەناوی خۆم نەکردبووەوە، بەڵام بێگومان ناوم هەیە. دەستم برد ناسنامەکەم دەرکەم. یاساوڵەکە پرسی:

- ئەوە لە چی دەگەڕێیت؟
- پرسیارێکم هەبوو لەبرم چووەتەوە. ئا .. ئا، بەڕاست بۆ کوێ دەڕۆین ؟
- دەڕۆین بۆ دۆزەخ.
- دۆزەخ؟ ئێ باشە ئەی بۆ شارەکەی خۆمان بەجێ هێشتووە؟ خۆ لە دۆزەخ...

ترسام بڵێم، خۆشتربوو. کێ دەڵێ خۆش لەلای ئەمانە باشە، بۆیە خێرا وتم:

- خۆ لەدۆزەخ ناخۆشتربوو.
- کەرە .. بۆ تۆ خەوتبووی؟

قسەکەم پێ بڕی:

- نەء .. زۆرم خواردبووەوە.
- ئەی بە ژەهری مارت بێ.
- سەلامەت بیت. ئێ چی بووە؟
- ئەی نازانیت مەنگۆلییەکان دایان بەسەرماندا و شارەکەیان لێ داگیرکردین، ئێمەش هەڵاتین.
- ئێ باشە بۆ کوێ دەڕۆین؟
- وا بەرەوخوار ملمان ناوە تا خودا حەقمان دەسێنێت هەر دەڕۆین.
- بە خودا جوانە. تەواومان کرد.
- ئیتر هیچت هەیە؟
- نەء..سوپاس.

بازێکم دایە دەرەوە و ئەو کاغەزانەی بە دەستمەوە بوون بایەکە پەرش و بڵاوی کردنەوە.

- کوڕە نەکەی قسەکانم بە هەڵگێڕاوەیی بڵاوبکەیتەوە.

هەتا ڕووم تێ کرد وەڵامی بدەمەوە، زیڕەیەک لە پووزم هەڵسا. یەک گەز بەرزبوومەوە، سەگێکی رەشی گوێ پانی پاک و تەمیز، لە ژنە دەوڵەمەندێک دەچوو، کە فەرووەیەکی ڕەشی لەبەر کردبێت، زنجیرەکەی بەدەست پیاوێکی پیری سەر بە میرەکانەوە بوو. خوێن بە قاچمدا هاتە خوارەوە. کابرا بە خۆی و دەستە و دایەرەیەوە لێم هاتە پێشەوە.

- دەمی سەگەکەمت پیس کرد. یاڵلا .. برۆ پاک بیشۆ.

لەتاو ئێشی پووزم .. پێم نەختێک لەزەوی بەرز کردەوە. نەڕاندی:

- ئەوە بە پێ سڵاوم بۆ دەکەیت؟
- گەورەم سەربازیم نەکردووە.

- فیراریشه ؟ بیگرن سەری پاک بتراشن، تا دەگەینە جێ. با لێمان ون نەبێ.

پاشان پاڵێکی توندی پێوەنام بۆ لاڕێ کە، دەستێکم بەسەرمدا هێنا:

- بەخودا باشە ئیتر سەر شانەکردنیشم ناوێ.

هەر ئەوەندەم زانی لافاوی خەڵکەکە رایماڵیم، سەرنجێکی سەریانمدا . هەمووی بە توولەکەی مۆرانە لێدراو دەچوون. هەندێکیان توانیبوویان کڵاو و جامانەکانیان بگرنەوە و بینێنە بن هەنگڵیان بۆ کاتی پێویست، هەندێکیشیان پێڵاوکانیان گرێدابوو، کردبوویانە ملیانەوە. کەسیشیان دەرپێیان لەپێدانەمابوو. دەتوت رۆژی حەشرە.

منیش پێش ئەوەی بکەومەوە ناویان و راماڵم دەن، هەر پێیەکم کردە هەزار پێ و تا هێزم تێدا بوو بە پێچەوانەی ئەوانەوە ڕام کرد.

١٩٧٠ بەغدا

## ژمارە

بەخۆی و نەجمەکانی سەرشانییەوە لێم هاتە پێشەوە، بەدوو چاوی زیتەوە، کە وەک نەجمەکانی لەبەر تیشکی گەرمی خۆرەکەدا دەبریسکانەوە، نەڕانی:

- تۆ ناوت چییە؟

تیشکی خۆر بە لێشاو بەسەر ئەو حەشامەتەدا دەڕژا و لە پۆستاڵەکانیانەوە دەڕژایە خوارەوە. دەتوت دارستانێکی دارخۆڵی شارەوانییە. کەس دەنگ و جووڵەی نەبوو. هەر چەندە خۆر بە هەموو هێزێکییەوە نقوورچەی لەیەک بە یەکیان دەگرت، بەڵام دار خۆڵەکان جووڵەیان نەبوو. من ویستم پاڵێک بەدەستی خۆرەوە بنێم و تێیبگەیەنم، کە وەختی گاڵتە نییە و بەس نقوورچم لێ بگرێت، بەڵام پێش ئەوەی ئەم کارەبکەم دەنگی کابرای نەجمەدار بە ئاگای هێنامەوە. هەمان بەزمەکەی جارانە. ئەم زەلامانەی دەرەوەی ریزەکە هەموو زەردەواڵەی یەک کونن.

- کوڕە تۆ. هەی مەیموونێ بوویت، بەڵام ئێستا ئادەمیزادم.
- ئادەمیزاد

لەگەڵ ئەوەشدا، کە دڵنیابووم ئەو ئادەمیزادییە. بەدەم قاقای پێکەنینەوە، وتی:

- هەمووومان ئادەمیزادین.

کەواتە ئیتر بۆچی لێم دەپرسێت. خۆ من هێشتا ئەو جووڵەیەی، کە ویستم بیکەم نەمکردبوو، بەڵام چار چییە. هەردەبێ وەڵامێکی بۆ بدۆزمەوە. ئاها دۆزیمەوە. ئەمەی دەیوت بیڵێم: ژمارە (....)ی فلانی کوڕی فلانکەس. دەستەی ئەوەندەی تیپی ئەوەندە.

- نا .... نا، من ژمارە نیم. من لەناو زبڵخانی ژمارەکاندا ژمارە نیم. نابێ ژمارەبم. نابینی لە ریزی دار خۆڵەکان هێنرامە دەرەوە، بەرەو ژوورێکی تاریک ژمارەیەکیان خستە ملمەوە و پاڵێک بۆ ژوورەوە.

١٩٧١ بەغدا

# بەرزاییەکانی نزیک ئاسمان

ئینریکه کۆنگراینس مارتین
لە فارسییەوە: جەبار سابیر

## ١

ئیستیبان سەیرێکی خوارەوەی کرد و ئەسکەناسێکی رەنگ نارنجی بینی. لە تەپۆڵکەکەوە تا جادەکە هاتە خوارێ و دوای ئەوەی چەند هەنگاوێک چووە پێش، لە نزیک باریکە رێیەکەوە کە بە تەریبی جادەی سەرەکی کشابوو، سەیری ئەسکەناسەکەی کرد.

بە دوودڵی، ناباوەڕی، دانەوییەوە و هەڵیگرتەوە. دە، دە، دە، ئەسکەناسێکی دە سولەی بوو، ئەسکەناسێک کە پیزیتای زۆر و ریاڵی بێژماری دەهێنا. رێک چەند ریاڵ؟ نیشانەی چ سەروەتێک بوو؟ ئیستیبان ئەوەندەی نەدەزانی بتوانێت بچێتە حسابی ئەمەندە ئاڵۆزەوە، بەڵام ئەمە بۆ ئەو بەس بوو کە بزانێ ئەم ئەسکەناسە لە کاغەزێکی رەنگ سوورە و بەری چەپ و راستی ژمارەیەکی دەی لێ نووسراوە.

لە جادەکە تێپەڕی و چووە گۆڕەپانێکی پڕ لە خۆڵ و خاشاکەوە. پێینایە کۆڵانێکەوە و لەوێوە توانی بازاڕی خەڵکە دەوڵەمەندەکە ببینێ. ئەمە شاری لیما بوو، لیما، وشەکە مانایەکی نەبوو بۆی. بیری کەوتە کە مامی قسەی لە بارەی لیماوە بۆ کردبوو، وەک شارێکی گەورە، ئەوەندە گەورە کە ملیۆن و نیوێک مرۆڤی لێ دەژی.

وەستا و بیری کردەوە: شار، بازاڕی دەوڵەمەندان، تەلاری سێ چوار نهۆمی، ئۆتۆمبیلەکان، ئاپۆرای خەڵک و ئەسکەناسە نارنجییەکەیش لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا بوو. دواتر تۆزێک گەڕا،

گەیشتە سنتیس کە بەشێک بوو لە شار. خەڵکەکە هاموشۆیان بوو، لە هەموو لایەکەوە لە هەوڵوتەقلا دابوون و ئەویش بەردەوام لە نێوان ئەم هەموو جووڵەیەدا بێ جووڵە مابۆوە.

## ٢

چەند منداڵێکی هاوتەمەنی ئەو لە سەر شۆستەیەک یاریان دەکرد. ئیستیبان لە دووری چەند مەترێکەوە وەستا تا سەیری رۆیشتن و گەڕانەوەی تۆپەکە بکات. پاشان، کە ماوەیەک تێپەڕی، منالەکان رۆیشتن، جگە لە یەکێکیان کە تاڕادەیەک هاوتەمەنی ئیسیبان بوو. پانتۆڵێک و کراسێکی خاکی لە بەردابوو.

لە ئیستیبانی پرسی:

– خەڵکی ئێرەیت؟

ئیستیبان هەستی کرد قلپبۆتەوەو نەیزانی چۆن روونی بکاتەوە کە لە وەختی گەیشتنییەوە بە ئەوێ، واتا لە چەند رۆژ پێشترەوە، لەسەر تەپۆڵکەکە دەژی.

منالەکەی تر پرسی:

– خەڵکی کوێی؟

– ئەوێ، سەر تەپۆڵکەکە.

ئەو شوێنەی پیشاندا کە لێوەی هاتبوو.

– ئاگۆستینۆ؟

ئیستیبان بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، ئەوێ.

ئەم ناوە راست بوو، بەڵام ئیستیبان هەرگیز وای پێنەدەوت. کوخێک کە مامی دروستی کردبوو لە کۆڵانی هاوسێی ئاسمان هەڵکەوتبوو و تەنیا ئیستیبان بوو کە ئەمەی دەزانی.

دوای ساتێک منالەکەی تر وتی:

– من ماڵێکم نییە.

هەڵماتێکی بەزەوییەکە کێشا و بەتوندی وتی:

– تف، ماڵێکم نییە.

ئیستیبان پرسی:

– ئەی لە کوێ دەژی؟

– لە بازاڕ، ئاگام لە میوەکانە و هەندێک کاتیش دەنووم.

هاوڕێیانە خستییە سەری:

– ناوت چییە؟

– ئیستیبان.

- منیش ناوم پیدرۆیە.

پێکەوە رۆیشتن. تۆزێک پیاسەیان کرد. زیاد لە پێشتر خەڵک دەبینرا، زۆر لە پێشتر خانوو هەبوو، لەسەر شەقامەکە دەم بە دەم ئۆتۆمبیلی زیاتر دەبینرا.

ئیستیبان کە ئەسکەناسەکەی پیشانی هاورێکەی دەدا وتی:

- سەیرکە چیم دۆزیوەتەوە.

پیدرۆ لەگەڵ ئەوەی ئەسکەناسەکەی وەردەگرت پرسی:

- ئۆی، ئەوە لە کوێ دۆزیوەتەوە؟

- نزیک تەپۆڵکەکە.

- دەتەوێ چی لێبکەیت؟

- هەڵیدەگرم.

بەڵام گەر من لە جێی تۆ بوومایە، مامەڵەم پێوە دەکرد. سوێند دەخۆم.

- چ جۆرە مامەڵەیەک؟

- دەکرێ هەزار جۆرە مامەڵە بکەیت. لە ماوەی چەند رۆژێکدا، هەر یەکە لە ئێمە دەتوانین دە سوڵ زیاترمان هەبێت.

ئیستیبان بە سەرسوورمانە پرسی:

- دە سوڵە زیاتر؟

- تۆ خەڵکی لیمای؟

ئیستیبان سووربۆوە:

- نە، خەڵکی تارمام.

ئەوەی بیرکەوتە کە هاتۆتە لیما، دامێنی تەپۆڵکەکە، ناوەڕاستی تەپۆڵکەکە و سەر تەپۆڵکەکە. لەوێ بە جۆرێک شاری لە بەر پێی خۆیدا بینی بوو کە گومانی کردبوو خۆی کەوتۆتە هاوسێی ئاسمان.

پیدرۆ وتی:

- دەکرێ لە لیما زۆر مامەڵە بکەیت. بۆ نموونە گۆڤار و چیرۆکی وێنەدار بکڕی و یەکسەر بیفرۆشیتەوە. دەتوانین ئەمشەو پازدە سولەمان هەبێت.

- پازدە سولە؟

- بێئەملاو ئەولا. پازدە سولە، دوو سولە و نیو زیادەیش بۆ تۆ، دوو سولە و نیوی تر بۆ من. پێت چۆنە، ها؟

### ٣

دوو کوڕی منداڵکار دوای نانی نیوەڕ بە یەکتر گەیشتن. پیدرۆ ئیستبیانی فێرکرد چۆن خۆی بە دواوەی تراموکانەوە هەڵبواسێت و خۆی بگەیەنێتە چەقی شار، هێدی هێدی بە ناوەڕاستی شەقامەکاندا بپەڕێتەوە و لە شاردا خۆی بە نێوان ئاپۆرای خەڵکدا بکات...

گەیشتنە دەرگایەکی گەورە. حەوشەیەک، جۆرەها گۆڤاری لێبوو، پیاوان، ژنان، منداڵان، هەر جۆرە گۆڤارێکیان دەویست هەڵیاندەبژارد.

پیدرۆ لە رەفەیەک نزیک بۆوە و بەستەیەک گۆڤاری خستە بنباڵییەوە. پاشان ژماردنی و بە ئیستیبانی وت:

- پارەکەم بەرێ!

بۆ ئیستیبان دژوار بوو دەستی لە ئەسکەناسە بێتەوە. پرسی:

ڕێک دەکاتە دە سولە؟

- بەڵی، دە سولە. دە گۆڤار، دانەی سولەیەک.

ئیستیبان پارەکەی دایە پیاوێکی قەڵەو و لەگەڵ هاوڕێکەی هاتە دەرێ.

لە گۆڕەپانی سان مارتین دامەزران. لەسەر یەکێک لە دیوارە کورتەکان کە بە درێژایی چیمەنەکە کشابوون، گۆڤارەکانیان بڵاوکردەوە و کەوتنە هاوار کردن:

- گۆڤار، گۆڤار، دانەی بە سولە و نیوێک.

زۆری پێنەچوو کە تەنیا شەش گۆڤار مایەوەو باقییەکەی فرۆشرابوو. پیدرۆ بە لەخۆبایی بوونەوە وتی:

- باشە، بیر لە چی دەکەیتەوە، ها؟

- باشە، زۆرباشە...

ئیستیبان هەستی کرد کە هەقناسی بەرامبەر هاوڕێکەی، بە شەریکەکەی، بووین لێوڕێژ کردووە.

فرۆشتنی گۆڤار بەردەوامی هەبوو.

- گۆڤار، گۆڤار، دانەی بە سولە و نیوێک.

لە کاتژمێر چوار و نیودا تەنیا گۆڤارێک مابۆوە.

پیدرۆ وتی:

- ئاخ خەریکە لە تینوێتیدا ماندوەبووم. دەتوانی نانێک یا شیرینییەکم بۆ بکڕی؟

ئسیتیبان وەڵامی دایەوە:

- کێشەیەک نییە.

پیدرۆ سولەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و روونیکردەوە:

- ئەمە لە دوو سولە و نیوە قازانجەی خۆم دەدەم.

- بەڵێ، تێدەگەم.

پیدرۆ کە سەر گۆشەی شەقامەکەی پیشان دەدا وتی:

– تا سینەماکە دەچییە پێش، پاشان دەچیتە سەر شەقامی یەکەم بە دەستە راستدا، پەنجا مەتر بڕۆی دەگەیتە دوکانێکی ژاپۆنییەکان، نانێک بە ژامپۆنەوە، یا مۆزێک و تۆزێک پسکیت بکڕە.

ئیستیبان لە شەقامەکە تێپەڕی، لە تەنیش ئەو ئۆتۆمبیلانەوە تێپەڕی کە وەستابوون و بەرەو ئەو لایەی گرتە بەر کە پیدرۆ پیشانی دابوو.

پاش تۆزێک، بە پاکەتێک پسکیتەوە گەڕایەوە.

لە بەرامبەر سینەماکەوە تێپەڕی. وەستا تا سەیری ریکلامەکان بکات. پاشان بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا تێپەڕی و گەیشتە جێگایەک کە گۆڤارەکانیان لێ بڵاوکردبۆوە. بەڵام پیدرۆ شوێنەواری نەبوو. ئایا هەڵەی کردبوو؟ نا، بێگومان هەمان جێگا بوو. هەستی کرد درەنگ گەڕاوەتەوە و بێگومان پیدرۆ بە شوێن ئەودا دەگەڕێ. زەمان تێدەپەڕی و پیدرۆ و پازدە سولەکەیش. تابلۆی رۆشنایی فرۆشگاکان دادەگیرسان. خەڵکەکە بە خێراییەکی زیاتر دەڕۆیشتن. ئیستیبان، بێجووڵە، پاڵی دابۆوە بە دیوارەکەوە، پاکەتێک پسکیتی بە دەستەوە بوو، لە هەمان جێ وەستابوو. پرسی کاتژمێر چەندە. شەش و دە خولەک بوو.

واتا پیدرۆ خەڵەتاندبووی؟ ئەسکەناسە رەنگ نارنجییەکەی دزیبوو؟... ئیتر کاتژمێر بووبووە حەوت. ئیستیبان فشاری خستە سەر خۆی تا نەگری.

ماندوو لە چاوەڕوانیدا، لەگەڵ ئەوەی ددانی لە پسکیتەکە گیردەکرد، شێواو و پەریشان کەوتەڕێ، لەسەر ئاسنی دواوەی تراموایەک دانیشت تا بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆیان.

لیما یەکەمین وانەی دابووە ئیستیبان و ئەویش باش ئەمە تێگەیستبوو.

## * سەرچاوە:

ان شب مردەها بیرون امدند

داستانهای کوتا از امریکای لاتین

گزیدەو ترجمە: قاسم صنعوی، جلد دوم، چاپ چهارم، نشر گل ازین، ١٣٨٨

# جێگۆڕکێی ئەستێرەکان
## خوێندنەوەیەک بۆ کۆمەڵە شیعری (سێبەری خۆتم لێ حەرام مەکە)

گۆران ڕەسووڵ زەوقە

تابلۆکان بۆ ڕازاندنەوەی دیوارەکان نین، پابلۆ بیکاسۆ زیاتر لە مەبەستێکی لەم وتەیەیدا هەیە و زیاتر لە ئامانجێک دەپێکێ. ئەو پێیوایە جەوهەری هەموو کارێک لەوەدا نییە کە بەو جۆرەی پێی ناسراوە، بەڵکو هەمیشە شتێکی شاراوە دناڤ بەرهەمەکاندا هەیە، لە پشت هەر بۆچوونێکەوە سەرنجێک و ڕایەکی تر هەیە. بەرهەمێک چەند بۆچوونی جیاواز هەڵبگرێ، ئەوەندە باڵایی دەنوێنێ. بیکاسۆ لەم قسەیەیدا پیرۆزی دەداتە کارەکەی، ئەم پیرۆزیەش لە دوو لایەنەوە دەبینرێ. یەکێکیان وەرگرەکانە کە نابێ کارێک یان بەرهەمی کەسێک تەنیا لە قالبێکدا ببینن و تەنێ لەو ڕوانگەیەشەوە بڕیاری لەسەر بدەن. دووەمیان، کردەی پیرۆزکردن لەلایەن خودی داهێنەرەکان یاخود بکەرەکانە، ئەمەش بەو پێیەی هەمی کارەکی هونەری ئەرکە و بەرپرسیارییەتی لەگەڵدایە.

لە ئەدەبیاتدا هەمان ئەرک و هەمان بەرپرسیارییەتی وجودی هەیە، هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لە کاتێکدا دەکەوێتە خانەی مەزنییەوە کە هەڵگری پەیامێک بێت، گەهاندنا هەر پەیامێکیش ئەرکە. وەک دەزانین کۆنترین ژانری ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا شیعرە، لە هەموو سەردەم و بارێکدا شیعری کوردی دەنگی خۆی هەبووە بەڵام ئایا ئەو دەنگە دەنگێکی نووساو بووە یان لە ئاستی ڕووداوەکان و کولتووری نەتەوەییدا بووە؟ کە ئەمەش دیسانەوە هەر مانای ئەرک و وەزیفەی شیعری دگەهینی. ئەگەر ئەرکی شیعریی کوردی تەنیا پێداهەڵگوتن بێ بە

زوڵفی یار و گەردنی پڕ خاڵی و لێوە هەنگوینییەکانی، ئەوا چ پێویست ناکا لەمەودوا شیعر بنووسین، چونکە نالی و گۆران و هێمن و گەلێک شاعیری تر لە هەموو سەردەمەکاندا ئەوەیان گەلەک بە جوانی و داهێنەرانەوە بۆ نڤیسووین. دەقی باڵا خۆی لە قاوغی سۆزداری دەردەهێنێ و ڕەوتێکی هزرییانە دەگرێتە بەر. کرۆکی ئەرکی شیعریش لە نووسینەوەی ڕاستگۆییانەی ویژدان و بوونی شاعیرەوە دایە. دکارم بڵێم من لە خوێندەوەی کۆمەڵە شیعری (سێبەری خۆتم لێ حەرام مەکە)ی حەمە عەباسدا ئەو ڕاستگۆییەم بینی. ئەو وەک بڵێی نامە بۆ خودا دەنووسێ وەها خۆی دەنووسێتەوە. ئەز لە زۆربەی شیعرەکاندا ڤێ حەقیقەتە دەبینم کە شاعیر یاداشتەکانی خۆی بێ هیچ پەردەیەک نیشان دەدا.

**نوێژێ بۆ مەرگی خۆم و**
**مەرگێ بۆ نوێژی بێ دەستنوێژیتان**
**لە دەفتەری با دەنووسم**
**چوار مەشقی دەمرم و**
**بە پێوە خۆم دەنێژم .... ل ١٨**

زۆرێک لە شاعیران و نووسەران پرۆسەی نووسین وەک کردەیەکی خۆبەتاڵکردنەوە دادەنێن. گەلێک شاعیر شیعر دەکەنە هۆکارێک بۆ خاڵی بوونەوە لە نیگەرانی و بێهەدایی و بەتاڵبوونەوە لەو هزرانەی ناگەنە ئەنجام. وەلێ من پێموایە ئەو جۆرە بەتاڵبوونەوەیە لە نووسیندا بە گشتی و لە شیعردا بە تایبەتی لەو دامرکانەوەیە دەچێ کە کەسێکی گیرۆدە و موعتادی مەی یا مادده هۆشبەرەکان دوای خواردنەوەی ئەو بڕەی کە دەیەوێ، هەستی پێدەکا. لە کاتێکدا ئەو دامرکاندنەوەیە و خاڵیبوونەوەیە، کاتییە و بەدواشیدا بڕی  ماددەی زۆرتر و پڕبوونەوەیەکی خێراتر و زۆرتری نیگەرانی دادێ.

**کە ڕێگایێ دەستپێدەکا... دەستپێدەکەم**
**کە ڕێگایێ کۆتایی دێ... کۆتاییمدێ**
**گەورەترین دەستپێکردن**
**لە گەورەترین کۆتایی مارە دەکەم**
**منداڵێکیان دەبێ ناوی دەنێم مردن ..... ل ٥٠**

شاعیر لە زۆربەی شیعرەکانیدا ناتەباییەک یەخەی دەگرێ و بەجۆرێک ناچاریدەکا کە گەمەی پارادۆکسی بکا و پارادۆکس ببێتە هاوبیری. لە شیعری (تاڵنامەی باران)دا گەلێک پارادۆکس دەکەونە بەر چاو، ڕەنگە شاعیر لە بەدەنگهێنانی پرسیارگەلێکی جیاواز و لە ژاوەژاوی گەڕان بەدوای وەڵامەکانیاندا تووشی ئەو ناتەباییانە ببێ، ئەمەش بە جۆرێک کە پرسیارەکان بێ ویستی شاعیر لە دایکدەبن و کەللەی سەری پڕدەکەن لە جەنجاڵی و هاتوچۆ.

**ئەو جۆرە بەتاڵبوونەوەیە لە نووسیندا بە گشتی**
**و لە شیعردا بە تایبەتی لەو دامرکانەوەیە**
**دەچێ کە کەسێکی گیرۆدە و موعتادی مەی**
**یا مادده هۆشبەرەکان دوای خواردنەوەی ئەو بڕەی**
**کە دەیەوێ، هەستی پێدەکا. لە کاتێکدا ئەو**
**دامرکاندنەوەیە و خاڵیبوونەوەیە، کاتییە و**
**بەدواشیدا بڕی  ماددەی زۆرتر و پڕبوونەوەیەکی**
**خێراتر و زۆرتری نیگەرانی دادێ**

**زەمانی هیچە**
**تۆ لەم زەمانی هیچەدا باوکایەتیم دەکەیتەچی**
**من لەم زەمانی هیچەدا**
**چۆن بکەمە درەختێکی پرچن و**
**سێبەر لەم بەژنە دەوەنییەت بکەم.....** ل ٧٣

ژیان لە کابووسێک زێتر چی تر نییە، ئینسانەکان لەگەڵ گەورەبوونیاندا بەردەوام خەریکی فریودانی خۆیانن. بوون وەڕەسییەکە کە دەبێ بیلاوێنینەوە، ئەو کابووس و وەڕەسییەش مرۆڤ لە گەورەبووندا دەیانگاتێ بۆیە مرۆڤەکان هەمیدەم ئارەزووی گەڕانەوە بۆ منداڵی دەکەن. گەورەکان هەمیشە بەراوردی ژیانی خۆیان و زەمەنی منداڵییان دەکەن.

شاعیر لە دەقی (لە منداڵیت دەخۆمەوە) کە بۆ (کریف)ی کوڕی نووسیویەتی ئەو تامەزرۆبوونەی خۆی بۆ منداڵییەتی نیشاندەدا، ئەو هەمیشە وەکو وەهمێک دەگەڕێتەوە سەردەمی شتە بچووکەکان و زەمەنی خاوێنی ناخ و دەروون. لێ شاعیر کە لەو وەهمە بە ئاگادێ و دەکەوێتەوە ناو ئەو بوونخراپەیەیی گەورەکان، بێدەنگی وەک چەکێک بۆ بە گژداچوونەوەی نەهامەتی گەورەبوون هەڵدەبژێرێ.

**وڵات جگەرەیەکە**
**سوڵتانێک**
**دەیسووتێنێ و**
**هەڵیدەمژێ**
**لەپێ کراوەی سواڵکەران**
**تەپڵەکن بۆ سۆتەکی ........** ل ٤٣

ئەوەی کە لە شیعردا زێتر سەرنجی خوێنەر رادەکێشی ئەو وێنە شیعریانەن کە بەرهەمی ئەو هەست و ئەندێشە ئاگرینەیەیە کە شاعیر لەناویاندا دەسووتێ. سوریالییەکان وێنە بە یەکەم کەرەستەی زمانی شیعری دەزانن، ئەمەش لە کاتێکدا وێنە شیعرییەکان دەبنە دەنگێکی بەرزی دەقی شیعری و بەدوای وێنەی شیعرییشەوە هزر و زمان و فانتازیا دێن. بۆ ئەوەی بمانەوێ بیرۆکەیەک یا پەیامێکی جوان بگەیەنین پێویستمان بە وێنەیەکی جوانە. لەم کۆمەڵە شیعرانەدا گەلێک وێنەی ناوازە دەکەونە بەرچاو کە شاعیر بە ئایدیایەکی قووڵەوە ئافراندوونی، لێ ئەوەی کە وای کردووە کە ئەو وێنانە دەرکەون ئەو موزیکەیە کە لەنێو شیعرەکاندا هەیە، موزیکێک کە وشەکان و دەربڕیینەکان و پەیوەندی نێوانیان دایانڕشتووە.

**مردنت باش ئەی عاشق**
**من هاتووم بۆ گڵکۆیەکی بێ کێڵ**
**منت باش ئەی مەرگ**
**کە تا ئێستا وشەیەکم نییە بۆ تۆ ......** ل ١٤١

(یاما) خوای مەرگی هیندییەکانە، ئەو خوایە دوو رووی هەیە روویەکیان گەش و قەشەنگ، روویەکەی تر ناشیرین و ترسناک. ئەم دوو شێوەیەش دەرهاویشتەی بوون و ئەزەلییەتی راستەقینەی مردنە. مەرگ لە هەندێ کاتدا دۆست و لە هەندێ کاتیشدا دوژمن، حەقیقەتی بوونی مەرگ کە خاڵی کۆتاییە خۆی لە خۆیدا نەهامەتییەکە، لە کاتێکدا مردن وامان لێدەکا کە ئەم ژیانە نەعلەتییەمان بە هەموو مەینەتییەکانییەوە خۆش بوێت و دەستبەرداری نەبین. مرۆڤەکان هەمیشە لە هەوڵی راکردن لە مردنن، خۆفریودان و فێڵکردن لە خۆیان بە چەشنی جۆراوجۆر رێگەیەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەرگ. هەندێک بە سەفەرکردن و هەندێک بە زانست و هەندێکیش بە پەیڕەوکردنی بیروباوەڕە ئایینییەکان کە هەندێک لەو ئایینانە مژدەی ژیان و جیهانی دوایی دەدەن. بەڵام زۆرێک لە نووسەران پرۆسەی نووسین وەک جۆرێک لە رووبەڕووبوونەوەی مەرگ و هەڵاتن لێی دادەنێن. حەمە عەباس لە هەریەک لە شیعرەکانی (گۆرانییەکیش بۆ مردن، مەرگی چوار مەشقی، دڵشکان، بۆ تۆ ئەی مەرگ)دا ئەو دوو رووییە و حەقیقەتەمان پێدەڵێت کە مردن هەمیشە لە نێوان دوو رێگادا دەمانهێڵێتەوە، رێگایەک بۆ چێژ وەرگرتن لە بوون و رێگایەکیش بۆ ترس لە مەرگ.

**بەرەو... خۆشم نازانم بەرەو کوێ**
**وەک زیندەخەو لە مردن دەچم و ناچم**
**وەک سێبەری کراوەی خۆم لە مرۆڤ دەچم و ناچم**
**وەک ناخی خۆم لە مەیدانی پیرەشەڕێک دەچم.........** ل ٨٢

چەند دەیەیەک دەبێ هەندێک باری وەک دڵەڕاوکێی و گومان و تێکچوونی دەروونی کە تەواو باڵی بەسەر شیعری کوردیدا کێشاوە، ئەم حاڵەتەش بە درێژایی ئەزموونی شیعری کوردی هەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رووخانە کولتوورییەی کە لە ئەنجامی داگیرکردن و زوڵمکردن و چەوسانەوە بەسەر نەتەوەی کورد هاتووە. بەڵام رەنگدانەوەی ئەو نیگەرانی و ڕاڕایی و گومانە لە قۆناغە شیعرییەکاندا جیاوازی هەبووە، دەبینی شاعیرانی کلاسیکی ئەوەندە هونەریانە کاریان لەسەر ئەو پرۆسەیە کردووە، بە ئەندازەیەک کە ئەو حاڵەتانە بە ئەستەم خۆیان دەدەن بەدەستەوە و دوای راڤەکردنێکی ورد ئینجا ئەو گومانانە دەدۆزینەوە. بەڵام لە شیعری ئێستادا شاعیر ناتوانێ کۆنترۆڵی ئەو ناهاوسەنگی و ناتەباییە بکات و ئەو گومانانەی کە هەیەتی لە فۆرمێکی رەمزی یان شێوازێکی فیکری و هەڵگری مانای جیاواز دەرببڕی. رەنگە ئەمەش پەیوەست بێ بە شێواز و تەکنیک و خاسیەتەکانی شیعری نوێ و جیاوز لە خاسییەتەکانی شیعری قۆناغەکانی تر. حەمە عەباس ئەوەندە رۆچووەتە ناو گومان و ڕاڕاییەوە، جگە لە نمایشکردنی گومانەکان وەک خۆیان، نەیتوانییەوە فۆرمێکی تر ببخشێتە ئەو گومان و ڕاڕاییانای کە وایان لێکردووە (دێکارت)یانە هەمیشە بە گومانەوە بهزرێ و بپەیڤێ و بە گومانەوە بڕوانێتە هەموو شتەکان.

**شاعیر لە دەقی (لە منداڵیت دەخۆمەوە) کە**
**بۆ (کریڤ)ی کوڕی نووسیویەتی ئەو تامەزرۆبوونەی**
**خۆی بۆ منداڵییەتی نیشاندەدا، ئەو هەمیشە**
**وەکو وەهمێک دەگەڕێتەوە سەردەمی شتە**
**بچووکەکان و زەمەنی خاوێنی ناخ و دەروون.**
**لێ شاعیر کە لەو وەهمە بە ئاگادێ و دەکەوێتەوە**
**ناو ئەو بوونخراپەیەیی گەورەکان، بێدەنگی**
**وەک چەکێک بۆ بە گژداچوونەوەی نەهامەتی**
**گەورەبوون هەڵدەبژێرێ**

**لە بزربوونی خۆماندا بزر دەبین**
**ناگەینە سەرەداوێکی سۆراخ**
**لە دۆزینەوەی ئەواندا بزر دەبین**
**ناگەینە بڵند گۆی مزگەوتێکی بێ منارە**
**ئۆهـ.... دیسان دەشکێم و دەبمە چەند پارچە.....** ل ١٢

گەڕان بەدوای بووندا هەمیشە وەک چەمکێک بووە کە نووسەران و شاعیرانی دونیا بەشێک یان هەموو تەمەنیان بۆ دۆزینەوە یان تێگەیشتن لە مانای بوون تەرخانکردووە، زێدەگۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم مەحوی یەکەم شاعیری کورد بووە لەناو فەلسەفەی بوونگەراییدا ژیاوە، (چیبکەم نە ئەو کەسەم کە کەسم لا بێ لەلا بەکەس/ خۆشم نەگیمە ئەو کەسە ئەو من بکا بە کەس) ئەم دوو دێرە گەواهی ئەوە دەدەن کە مەحوی چۆن بەدوای بووندا گەڕاوە. ئەم فەلسەفەی بوونگەراییە مرۆڤ لەسەر شیکاری بەردەوام رادێنێت، هەموو ئەوانەی کە بەدوای بوونایەتیدا دەگەڕێن، وردبینانە دەڕوانە یەک بەیەکی چرکەکانی زەمەن. لەم کۆمەڵە شیعرەدا پارچەبوونی شاعیر لە نێوان بوون و نەبووندا و نەگەیشتن بە واقیعێکی رەها دەبیندرێ و لە هەندێ دێری شیعرەکاندا هانکە هانکی هەناسەکانی ماندوویەتی شاعیر لە گەڕان بەدوای بوونایەتییدا دەبیسترێ. دواجار من لە خوێندنەوەی چەند شیعرێکدا هزرم دەچووەوە لای قسەکەی نیچە: (ئەوەی لە کاتی خۆیدا ناژی، چۆن دەتوانێ لە کاتی خۆیدا بمرێت؟ خۆزگە قەت لەدایکنەبووبام).

**دوێنێ بە شەقامێکا تێپەڕی**
**ئەمڕۆ تەرمەکەی پێدا هاتەوە**
**تەرمەکان بەڕێوەن**
**تەرمی هەمووومان**
**چەند کلۆڵە شەڕ**
**تەنها ئەو دەمێنێتەوە و نابێتە خاوەنی تەرم......** ل ٨٧

مرۆڤ لەو کاتەی دێتەبوون تا ئەو وەختەی دوا پەتۆ بەڕەڵا دەکا بەردەوام لە سەنگەری جەنگەکاندایە. بینین، بۆنکردن، بیرکردنەوە، چێژ، گەڕان ئەمانە و زۆر شتی تر جەنگی خودین و بەردەوام لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەژین، ئەمە جیا لە شەڕ و ئاشووبە ئینسانییەکان کە وەک دەبەنگ لەپای هیچدا دەکەونە لەناوبردنی یەکتر. شاعیر لە هەریەک لە تێکستەکانی (جەنگەکان دواییان نایە، پەراوێزەکانی شەڕ، جوانییەکانی جەنگ) ئەو پاشماوە رووخانییەمان نیشان دەدا کە لە ئەنجامی پێکدادانە وجودییەکان و شەڕی نێوان مەنتیق و نامەنتیقەوە ماونەتەوە. بوون بە هەموو پێکهاتە و ماناکانییەوە جەنگێکە و مردن دایدەمرکێنێتەوە.

**ئەی خەرەندە موگناتیسییەکەی**
**پشت ڕێگا نشێوەکەی کورتەپیاسەی ئێوارانم.... ل ٧٥**

لەم دوو دێرەدا شاعیر وشە سواری وشە دەکا، بە جۆرێک وشەیەک یا زیاتر بارگرانی دەخاتە سەر دێرەکە و دواجار سەر تێکستەکە، لە هەندێ شوێنی تردا چەند شێوە و فۆرمی لەو جۆرە هەن. لە هەندێ شوێنی تردا شاعیر ڕەچاوی خاڵبەندی و هێمابەندی نەکردووە، وەک ئەوەی کە لەزۆر شوێندا پێویست بە وێرگوڵ یا هێمای سەرسوڕمان یان پرسیار دەکا و لێ نەنووسران و دانەندراون، ئەمەش لەکاتێکدا کە هەموو ئەوانە ئاواز و میلۆدی دەربڕینەکان و دەقەکە بە گشتی دروست دەکەن. لەگەڵ ئەوانەشدا لە ڕووی ڕێنووسییەوە لە زۆر جێگادا هەڵە هەیە و ڕێنووسییەکی پووخت و جێگیر لە کۆی تێکستەکاندا نییە.

لە دوماهیدا دەمەوێ ئەوە ببێژم کە نووسینی شیعر کردەیەکی خۆنەویستە، لەپڕ و بێ هیچ مۆڵەتێک بیرۆکەکە خۆی دەخزێنێتە ناو ئەندێشەی شاعیرەوە. دوای خوێندنەوەی چەندجارەی تەواوی ئەو کۆمەڵە شیعرە، تێکستەکان لە زەینی مندا بوون بە دوو بەشەوە. بەشی یەکەمیان ئەو تێکستانەن کە ڕووداوگەلی جۆراوجۆریار بۆ ئافراندنیان لە پشتە، بەشەکەی تریشیان لە ناخی شاعیر و قووڵایی وجوودییەتی مرۆڤبوونی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرن، هەمیشە ئەو شیعرانەشی بە جوانی و گەورەیییەوە دەمێننەوە کە لە بەشی دووەمدان.

* سێبەری خۆتم لێ حەرام مەکە، حەمە عەباس، شیعر، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەریلێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، زنجیرە ١٠٤، چاپی یەکەم ٢٠١١.

# له دەلاقەی وەرزی بارینی تەرمەکاندا
## خوێندنەوەیەک بۆناملیکە شیعری
## (وەرزی بارینی تەرمەکان)

**عوسمانی شێخ محێدین**

پێش باس، پێوستە راگوزەرێک بە نێو دونیای شیعردا بکەین، یاخود دەشێ لەو پرسیارەوە دەستپێبکەین، ئایا ژیان بە بێ شیعر چ واتایەکی دەبێ. ئایا جوانیی خۆی لەدەست دەدات؟ بێ گومان تا رۆژگاری ئەمڕۆمان کۆمەڵێک پێناسە و لێکدانەوەی جیا جیا و قەشەنگ بۆ شیعر کراوە، هەر کەسە و بەپێی تێگەیشتن و چێژوەرگرتن و روانگەی خۆی، وەسفی باڵای هەڵکشاوی ئەم ژانرە گرنگەی ئەدەب دەکەن. سەرچاوەکان کۆنترین دەقی ئەدەبی بۆ دەقی شیعری دەبنەوە، واتە شیعر لەپێش پەخشانیشەوە هاتۆتە بوون، ئەوەتا جوانناسێکی وەک «بندیتۆ کرۆتشە»ی ئیتاڵی ١٨٦٦ ـ ١٩٥٢ سەبارەت بە پێویستی شیعر و بناغەکانی نەشونماکردنی و پەیوەندی بە سەرەتای بیری مرۆڤایەتییەوە دەڵێت: ( لە دایک بوونی شیعر، ئەنجامی رابواردنێکی خۆش، یان ئارەزوویەکی کاتی نەبووە، بەڵکو پێویستییەکی سروشتی بووە، زۆر دوورە لەوەوە کە بە شتێکی زیاد لە سک دابنرێ و شیاوی گۆڕکردن و چزکردن بێ، چونکە یەکەمین هەڵسوکەوتی بیری مرۆڤایەتییە. مرۆڤ بەر لەوەی بگاتە قۆناغی دروستکردنی شتە گشتییەکان، لە ناخیدا بیروڕای خەیاڵاوی دروست دەکرد، واتە بەرلەوەی بتوانێ قسە بکا، گۆرانی دەوت، پێش پەخشانیش شیعری وتووە، بەرلەوەی دەربڕینی هونەری بەکاربهێنێ، ئیشارەتی بەکار هێناوە)

هەروەها لە فەرهەنگی روبێر(Robert) شیعر بەم شێوەیە پێناسەکراوە: (هونەری زمانە،

بە گشتی پەیوەستە بە کێشەوە، مەبەستی گوزارشتکردنە لە شتێک، یان ئاماژەپێکردنیەتی، کەرەستەکەشی ئاوێزان بوونی وشەکانە تیایدا ریتم و هاوئاهەنگی و وێنە، گرنگیان وەک گرنگی ناوەڕۆکێکی شایستە، یان زیاتریشە). لەم پێناسەیەدا بەهای رووخسار و ناوەڕۆک لە پرۆسەی شیعریدا، هەردووکیان گرنگیان پێدراوە و تا رادەیەکیش لایەنی رووخسار پەسندتر کراوە» کە سێ بنەمای سەرەکی تێدا دەستنیشان کراوە: زمان، مۆسیقا، وێنە، پێکەوە ئیستاتیکای دەقی شیعری بنیات دەنێن. پێناسەیەکی دیکەی شیعر، کە لەلایەن شاعیری گەورەی داغستانی» رەسوڵ هەمزاتۆف» کراوە بەم شێوە نایابە وەسفی شیعر دەکات: « بە بێ شیعر جوانی، نهێنی و سیحری خۆی دەدۆڕێنێت. چیاکان بە بێ شیعر، تەنها کۆمەڵێک بەردی لەسەر یەککەوتون، خۆریش تەنها لاشەیەکی ئاسمانییە، کە پڕیەتی لەوزەی گەرم. گۆرانی باڵندەکان تەنها هاواری نەفسێکە بۆ نەفسێکی تر، ترپەکانی دڵ، تەنها دەورەیەکی خوێنی خێران. بە دڵنیاییەوە، ئازار هەیە، خێر و تورەیی، بەزەیی و ناسکی، هەموو ئەم هەستانە لە شیعرەوە دروست دەبن و شیعریش لەمانەوە دروست دەبێت».

## مرۆڤ بەر لەوەی بگاتە قۆناغی دروستکردنی شتە گشتییەکان، لە ناخیدا بیروڕای خەیاڵاوی دروست دەکرد، واتە بەرلەوەی بتوانێ قسە بکا، گۆرانی دەوت، پێش پەخشانیش شیعری وتووە، بەرلەوەی دەربڕینی هونەری بەکاربهێنێ، ئیشارەتی بەکار هێناوە

ئەم دەڤەرەی ئێمەش، کە لەبەرەبەیانی شارستانیەتی چەرمووە، مرۆڤەکانی خۆڕاگرانە درێژەیان بە ژیان و مەرگەساتەکان داوە، هەروەک هەمیشە قوربانی شاڵاو و پەلامار و نەهامەتییەکانی دوژمنانی کوردبوونە، دواترین و گەورەترینیان شاڵاوی بەربڵاوی ئەنفال بوو، کە هەرزان روحی مرۆڤی کوردی لەم دەڤەرە چنییەوە، ئەنفال بوو بە و کابوسەی دەیان شاعیری پەڵکیشی ناو زامە بە سوێیەکانی خۆی کرد، لەم سۆنگەیەوە دەستم برد بۆ ژانەکانی شاعیرێکی دەڤەرەکەم، بە پێویستم زانی خوێندنەوەیەکی ئەدەبیانە بۆ دوو دەقی شیعری لە باخچەیی گوڵزاری شیعرەکانی شاعیر (فریاد شوانی) بکەم، ئەوەی هانیدام بۆ ئەم خوێندنەوە سادەیە، تەنها ئەوەیە کە فریاد شوانی خۆی شاعیرێکی سادە و ماندووە لە هەمان کاتدا تا

هەنووکە خوێندنەوەیەکی ئەدەبیانەم بەرچاو نەکەوتووە، کە لەسەر کارەکانی ئەم هۆزانڤانە ئەنجامدرابێت. ئێمەی گەرمیانی هێندە نەگبەتین، لە پاڵ نەهامەتییەکانی دیکەمانەوە، هاورێکانمان لەیاد دەکەین و بایەخەیان پێنادەین، هەڵبەت ئەوەش بێژم کە سنووری کەرکوک - چەمچەماڵ - شوان - قەرەهەنجیر - جەباری و قادرکەرم.....هتد ژمارەیەک شاعیری جوان خاس و شیعر دۆزی تێدا هەڵکەوتووە، کە دەکرێت لە ئایندەدا، ئەوانیش ئاوڕیان لێبدرێتەوە.

فریاد شوانی، لەساڵەکانی ١٩٨٥وە دەستی بە شیعر نووسین کردووە، زیاتر لە پێنچ نامیلکە شیعری بە چاپ گەیاندووە، ئەوەی لەبەردەستی ئێمەدایە نموونەن یان خاستر بێژم کە دوو دەقە شیعری نێو نامیلکە شیعری (وەرزی بارینی تەرمەکان)ە. کەدەقێکیان هەر بە ناوی (وەرزی بارینی تەرمەکان )ەوەیە، دووەم دەقیش بە ناوی (عاشقێکی غەریب) کە لەم نامیلکەیەدایە خوێندنەوەی بۆ دەکەین.

ئاخۆ فریاد شوانی لە «وەرزی بارینی تەرمەکان»دا چیمان پێدەڵێت؟ وێڕای ئەوەی لەم شیعرەدا، بەسەرهات و رووداوی کۆستی گەورەی ئەنفالمان بۆدەگێڕێتەوە، لایەنە شاراوەکانیشی لە چوار چێوەی خەیاڵی خۆیدا وێنا دەکات، لە هەمان کاتدا، خەمێکی ئینسانی و نەتەوەیی دەردەبڕێت، دەیەوێ ویژدانەکان، ببزوێنێ، لە ئاستی کارەساتێک کە بەسەر هاونیشتمانیەکانی هاتووە، بە تایبەت کە خۆی لە ناو بەشێکی بەر فراونی ئەو پانتاییەدا، دەژی کە پرۆسەی ئەنفالی تێدا ئەنجام دراوە، شاعیر لەبەردەم هەیەجانی ئاپۆڕای تەرمەکاندا دەوەستێت و دەڵێت:

**ئەم کاروانی تەرمانە بۆکوێ سەری خۆیان هەڵدەگرن**
**ئەمە تەرمی منداڵێکە لەتێک نان لە ناو لەپیا**
**وەک جەستەی خۆی رەق هەڵهاتوە**

شاعیر لێرەدا جگە لە تورەیی ناخی خۆی وەکو کوردێک، لە هەمان کاتیشدا وەکو شاعیرێک وێنای تورەبوونی تەرمەکانیشمان دەخاتە پێش چاو: (بۆ کوێ سەری خۆیان هەڵدەگرن) هەروەها لە ناو قوربانییەکان وێنەی حاڵەتی برسێتی منداڵیکمان نیشان دەدات، وەک دەلالەتی ئەوەی جەلادەکان بەرامبەر ئەنفالکراوەکان، لەوپەڕی بێبەزەیدا بوون، تەنانەت بۆ منداڵەکانیش، بۆیە شاعیر کۆنتاکتێکی ئەبستراکتمان بۆ بەیان دەکات، لەوانەیە ئەو منداڵە بە خەونی لەتێک نانەوە گیانی سپادربێ، بۆیە رەقبوونەوەی جەستەی بە حاڵەتی رەقبوونەوەی (نانە رەق) دەشوبهێنێ. لە دێڕی دواتردا دەڵێت:

**ئەوە تەرمی شاعیرێکە بە سەر شیعرێکەوە**
**گیانی دەرچووە**

فریاد دیسانەوە گریمانەیەکمان دەداتێ، کە لە ناو تەرمەکاندا، شاعیرێک، بەر لەوەی ژیانی لێ زەوت بکرێت و لە زێدی خۆی نەفی بکرێت ئەم هۆنراوەی هۆنیوەتەوە. بەڵام ئەفسوس شاڵاوی

ڕەشی ئەنفال شیعر و خەون و جوانییەکانی لە بیابانەکانی باشووردا زیندە بە چاڵکرد، کەم نەبوون ئەو بڕگە و دێڕە هۆنراوانەی بە قەد دیوارەکانی بەندیخانەی نوگەرە سەلەمانەوە، کە بە خامەی ئەنفالکراوەکان نووسرابوون، گەواهیدەری ئەم قسانەشمان شیعرێکە بە ناونیشانی (هەتاکو مردن کوردم) لەقەد دیواری بەندیخانەکە هەڵکۆڕابوو. (شایەتحاڵەکانی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق وێنەی ئەم شیعرەیان گرتووە).

لە ئاماژەیەکی تردا، شاعیر چیرۆکی عشقێکی پێش تەرمبوون و پاش بوون بە تەرممان، بۆ دەگێڕێتەوە:

**ئەمە تەرمی کچێکی چواردە ساڵە**
**هێشتا لە خوێندنەوەی نامەی عاشقەکەی نەبووەتەوە**

«فریاد» لەپشت دڕندەیی ئاکاری جەلادەکانەوە، نموونەیەک لەو هەزاران عاشقەمان بە بیر دەهێنێتەوە، کە لێوان لێوبوونە، لە خۆزەگە وخەونی ئەرخەوانی، بەڵام شاڵاوەکانی ئەنفال خۆیان و خەونەکانیانی لەگۆڕنان.

لە بەرامبەر گەورەیی کۆستەکە، شاعیریش توڕەبوونەوەکەی هەڵدەکشێنێت بەرو ئاسمان و دەڵێت:

**ئەمەش تەرمی ئەستێرەیەکی گەنجە**
**وا بە باوەشی ئاسمانەوە هەنسک ئەدا**

شوانی» لێرەدا زۆر شاعیرانە، بە دوو وێنەی شیعریی جوان ئاشنامان دەکات. (ئەستێرەیەک لە باوەشی ئاسمانە و ئاسمان ئەستێرەیەکی لە باوەش گرتووە...)، تەرمی گەنجێک لە وێنەی ئەستێرەیەکدا، کە ئاسمان لە باوەشی گرتووە، بەڵام ئەم گەنجە سەرباری ئەوەی کە ئاسمان بۆی بووە بە باوک، هێشتا زیزە و ژێر نابێتەوە، لێردا بەو پێودانگەی دوای حاڵەتی گریان هەنسک دەدات، کە سیفەتێک دەبەخشێ بۆ دەستنیشانکردنی تەمەنی تەرمی ئەو گەنجە (ئەستێرەیەکی گەنجە) کە پێدەچێ مێردمنداڵ بووبێ، بۆیە ئەم مێردمنداڵە ئۆقرەی لێبڕاوە و تەنانەت ئاسمانیش ناتوانێ ئارامی بکاتەوە، شاعیر گەورەیی کارەساتەکە دەخاتە ئەستۆی ئەو قەدەری خودا بۆی نوسیبوون...! ڕەنگە ئاسمان لای شاعیر ڕەمزێک بێ بۆ ناوی خودا. بە سانایی دەتوانین ئەو تابلۆییە بەدی بکەین، (مێردمنداڵیک لە باوەشی باوکیدا، چی جیاوازیەکی نییە، لەگەڵ ئەستێرەیەکی گەنج لەباوەشی ئاسماندا)، بۆچی ئاسمانمان بە باوک لەقەڵەم دا؟ چونکە وەک وتراوە زەوی بەو پێیەی ئەزێ مێیە، ئاسمانیش نێرە و بارانئاو دەکات بەسەر زەویدا.

شاعیر لە دوا هەناسەی حەسرەت و شینی ناخی خۆیدا، خودی خۆی لەگەڵ تەرمەکان یەکسان دەکاتەوە و دەڵێت:

**ئەمەش تەرمی تۆیە و ئەمەش تەرمی منە**
**وام بە باوەشی تەرمی نیشتمانەوە شین دەگێڕم**

شاعیر لێرەدا موخاتەبەی تەرمێک دەکات وەکو ئەوەی ناسیاوی بێت، کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی شاعیر جێهێشتوە، کە دەشێ روفاتی منداڵێک بێ یا لەم بابەتە... شاعیر جگە لەوە، بە تەرمی ئازیزەکەی دەڵێ: منیش جیاوازییەکم لە گەڵ تۆدا نییە، منیش ئێستاکانە لە حوزروی تۆدا تەرمم، پێویستە باسی ئەوەش بکەین، «تەرم» لای شاعیر وەک ئاماژەیەک بە کارهاتوە بۆ زیاتر لەچەند دەلالەتێک، بۆ نمونە کاتێک دەڵێ:
(وام بە باوەشی تەرمی نیشتمانەوە) ئەو نیشتمانی لا وەکو تەرمێکی، بێ گیان، و رەنگ بزرکاو و راکشاو، دواجار دەڵێت : من لەو باوشەم کە بۆ خۆی تەرمێکی ئەزەلییە.
لە شوێنێکی دیکەدا، شاعیر ئەنفالمان بە رۆژی حەشر بۆ دەشوبهێنێت و دەڵێ:

**ئەمە رۆژی حەشرە یا رێپێوانی تەرمەکانە**
**وا بەم شێوەیە جیهانێکیان لە کەللە سەر کردوە ؟**

هەڵبەت لێرەدا مەبەست لە جیهانێک، واتە (دونیایەکی کش و مات لە ئێسک و پروسک)، شاعیر دوای پێشوازیی لە رێپێوانی تەرمی ئازیزەکانی و شین گێران بۆیان، دێت و پرسیار رووبەرووی جەلادە بێ بەزەییەکانیان دەکاتەوە و دەپرسێ :

**دەبێ گوناهیان چیبێت**
**وا بەم شێوەیە ئەتک کراون؟**

لە نیوە دێری دووەمدا ئاماژە بە (ئەتک کردن) دەکات، کە لە ناو کۆمەڵی کوردەوارییدا ئەم واژەیە مانایەکی نەخوازراوی هەیە، بەڵام شاعیر جوانی پێکاوە، کاتێ پێمان دەڵێ ئەم تەرمانە، یا ئەم قوربانیانە، بە مردنی ئاسایی نەبوونەتەوە بە تەرم، بەڵکو ئەتک کراون، واتە گریمانەی ئەوەمان دەداتێ، کە قوربانییەکان (منداڵەکان، کچەکان، گەنجەکان، ژنەکان)، وێڕای هەموو جۆرەکانی دەستدرێژی لەوانشە (دەستدرێژی جنسی)یان کرابێتە سەر، لە لایەن دەستە و تاقمەکانی رژێمی لە ناچووی بەعس، بەمەش کەرامەتی کورد و مرۆڤایەتی رووشاوە. شاعیر سەرباری ئەوەی گوزراشت لە کۆستێکی گەورەی میللەتەکەی دەکات، بەڵام وەکو وابێ لە حاڵەتێکی: لە چاوەڕوانیدا یان لە پێشوزایی یان لە سەردانی بۆنەیەک، بۆ بینینەوەی تەرمی هاونیشتمانیەکانی سازکرابێ، جا ئەگەر ئەوان لەناو کیسەیەکی رەشدا بن، یا لە ناو تابوتێکی تەختەدا، یان هەر دیاریش نەبن، ئەوان لە ویژدان و ناخی شاعیردا، ماون، بە بۆن و بەرامی بەرائەتی خۆیانەوە، چاوەکانی شاعیر تەڕ دەکەن.

شاعیر وەکو هەر کەسێکی تر دابڕو نیە، لە خۆشەویستی، لەشیعری (عاشقێکی غەریب)دا دەکەوێتە نێو دونیای فەنتازیا و خەیاڵی عاشقانەوە، لە خەت خەتێنی کۆپلەیەکی موسیقیدا، گمەگمەی کۆترێکی کێویی دەدا بە گوێماندا و دەڵێت:

**گەر ئێواران کۆترێکی کێویت بینی**
**لە پەنجەرەی ژوورەکەتا**
**هەڵکورمابوو**
**دەری مەکە، با نەتارێ**
**چونکە گیانە ئەوە رۆحی**
**عاشقێکی زۆر غەریبە**
**هاتووە بۆ یەکجاری**
**لە بناری چاوەکانتا**
**بارگە بخا...**

فارسەکان دەڵێن: «غروب زیبا است، اما نەدر غربت»، واتە، خۆرئاوابوون جوانە، بەڵام نەک لە غەریبی و ئاوارەییدا). لەم شیعرەدا، لەگەڵ ئەوەی سیفەتێکی وەسفگەرانەیە، لە هەمانکاتدا عاشقانەشە، هەموو کەرەستەکانی شیعرێکی کامڵ لەخۆ دەگرێت. چ لە رووی زمانەوە، چ لە رووی وەسفەوە، چ لە رووی ئیستاتیکاوە، چ لە رووی ناوەڕۆکەوە... شاعیر لەم دەقەدا، رۆحی عەشقێکی کردۆتەبەر کۆترێکی کێوی و سرک و پاک و نازدار، ئەم کۆترە پەنادەباتە بەر عەشقێک لەو دیو پەنجەرەوە..!، تا ئۆقرە بگرێ، ئەویش بەر پەنجەرەی مەعشوقەکەیەتی، روحێکی هەڵکورماو، بێ لانە، نامۆ، لەو دەمەی خۆر ئاوا دەبێت، هەمووان، چ مرۆڤەکان، چ کۆترەکان، دەچنەوە ماڵ و لانەی خۆیان، بەڵام ئەم رۆحە عاشقەی «فریاد» تەنیا و تەنیا دەلاقەی پەنجەرەیەک، شک دەبات، کە لەو دیو پەنجەرەشەوە چڵوپۆپەی عەشقێکی ئەبەدی چرۆ دەکات. رەنگە کۆتری کێوی لای شاعیر وەک رەمزێک بۆ ئەنگیزە ئامێزی پاکێتی و جوانیی سروشت بێت،، کانت دەڵێت:» سروشت ئەو شتەیە کە سیفەتی ئیستاتیکای تێدایە»، هەر لەبارەی جوانیشەوە ماکسیم گۆرکی دەڵێت: « جوانی شتێکە و خۆی لە قوڵایی گیانیدا دروستی دەکات»، هەروەها دەشێ (کۆترە کێوییەکەی فریاد) مانای راستگۆیی و ئازادیی و رەهایی لەکۆت و بەند و قەفەس و بندەستیدا ببەخشێ، گریمانەیکی دیکە ئەوەیە کە رەنگە شاعیر مەبەستی لە «عاشقێکی غەریب» ئەو کەسەیە کە تەنانەت خۆشەویستەکەشی نایناسێ، یان دەرک بەو عەشقە ناکات، بۆیە داوا دەکات ئەو کۆترە نەتارێنێ، کە هاتووە و گەرەکیەتی لەبناری چاوەکانیدا (یا پەنجەرەکەیدا) بارگە بخات. بۆیە کەسی عاشق لەم دەقەدا هەست بە نامۆبوونێک دەکات. هەر لەناونیشانی هۆنراوەکەوە جۆبارێک لە وشەی سادە و پڕ لە واتایی رێک بۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتووە.

**وێنەی شیعریی بنەمایەکی سەرەکی دیکەیە لە بنیاتی دەقی شیعری(وێنەی شیعریدا)، کە لەشیعری نوێدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. (درایدن ـ Dryden) بەم شێوەیە باسی وێنەی شیعری دەکات: « وێنە خۆی لە خۆیدا، شکۆمەندی و ژیانی قەسیدەکەیە، کەواتە وێنەی شیعریی گەوهەری(هونەری) شیعرە و واتای سەرەکی لەوەوە دروست دەبێت»**

**چەند سەرنجێک زۆر بە کورتی لەبارەی:**

***زمانی شیعریی:** « پۆل ڤالێری ـ paulVery » دەڵێت: شیعر زمانە لە ڕێگای زمانەوە»، شاعیر لەڕێگای زمانەوە بنیاتی شیعریی دادەمەزرێنێت، بنەما و ڕەگەزە سەرەکیەکانی تری شیعر» وەک مۆسیقا و وێنەی شیعریی بەهۆی زمانەوە ئەنجام دەدرێن، فریاد شوانی یەکێکە لەو هۆنەرانەی، لە نووسینی شیعرییدا زمانێکی پاک و خاوێن و سادە بەکاردەهێنێ، زمانی ناوچەییش لە شیعرەکانیدا وەکو بنچکە تەرووەکانی خاسە و مۆردەکانی ناوشوان و توترەکەکانی قەرەهەنجیر پێوەدیارە. ئەمەش وا دەکات خوێنەر لەهەر ئاستێکدا بێت، بتوانێت چێژ لە شیعرەکانی وەرگرێت، یان لێیان بگات.

***وێنەی شیعریی:** بنەمایەکی سەرەکی دیکەیە لە بنیاتی دەقی شیعری (وێنەی شیعریدا)، کە لەشیعری نوێدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. (درایدن ـ Dryden) بەم شێوەیە باسی وێنەی شیعری دەکات: « وێنە خۆی لە خۆیدا، شکۆمەندی و ژیانی قەسیدەکەیە، کەواتە وێنەی شیعریی گەوهەری (هونەری) شیعرە و واتای سەرەکی لەوەوە دروست دەبێت». دیارە فریاد شوانی لە دووتوێ نامیلکە شیعریەکەیدا (وەرزی بارینی تەرمەکان)، وێنەی شیعریی لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکانیدا بەرجەستەکردوە.

***کۆدی شیعریی:** کۆدی شیعریی ئەوەیە کە لە ناو فەرهەنگی شیعردا، لە ڕێگای ئەو وشانەوە کە زۆرترین دووبارەبونەوەیان هەیە، چ لە ناو شیعرێکدا، یان دیوانە شعیرێکدا، یان لای شاعیرێک، نموونە واژەی « تەرم» لە وەرزی بارینی تەرمەکانی فریاد شوانیدا، وەکو کۆدێک بە کارهاتووە، جگە لە چەندین نموونەی تر، کە بوارمان نییە لێرەدا ئاماژەیان پێبدەین.

***فیڵدی شیعریی:** لە باسکردنی فەرهەنگی شیعرییەوە، بابەتی گونجانی وشەکانی ناو شیعرێک دێتە ئاراوە، لە لایەکەوە لەگەڵ یەکتری و لە لایەکی ترەوە لە گەڵ کەشی گشتی ناو دەقەکە، ئەمەش کاتێک هەستی پێدەکرێت، کە هەموو وشەکان بچنە ناو یەک کێڵگەی واتاییەوە (فیێڵد)یان چەند فێڵدێکەوە، هەر دەقێک زادەی کۆمەڵێک فێڵدە، کە بووەتە سەرچاوەی هەوێنی تێکستەکان، لە نێویشیاندا «فێڵدی خەم» کە، یەکێکە لە فێڵدە فراوانەکانی فەرهەنگی شیعری ئەم سەردەمە، کە لە ناونیشانەکانیشدا رەنگی داوەتەوە... فریاد شوانی وەکو جووتیارێکی زامدار لە نێو کێڵگەی خەمدا، خێوەتی خستوە، نموونەی ئەو شیعرانەشی: وەرزی بارینی تەرمەکان، بێ نەوایان، بەفروگریان، هەناسەی غەریبان، سەمای مەرگ، شین وهاوار...هتد.

## سەرچاوەکان:


١. ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی / کوردستانی عێراق (١٩٥٠ ـ ١٩٧٠)

٢. شیعر وفەلسەفە

٣. شعرا  عالمیون. کفافی. بابلو نیرودا. تاغور. رسول حمزاتوف

٤. نامیلکە شیعری، وەرزی بارینی تەرمەکان/ فریاد شوانی

# چنوور نامیق:
# مەرگی عەشق لەناو پێخەفی نووستندا ئەوەندەی تر نامۆم دەکا



سازدانی گوتوبێژ:

چنوور نامیق یەکێکە لە خاتوونە شاعیرە دیارەکانی ئەدەبی کوردی، ئەو لە شیعردا زۆر بوێرانە دەپەیڤێ و راز و نەهامەتییە روحییەکانی راشکاوانە دەردەبڕێ. ئەو دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی موسڵە و ئێستاش لە بەشی ئینگلیزی زانکۆی سابیس قوتابییە، لەدوای راپەڕینی ١٩٩١ەوە لەناو پرۆسەی نووسیندایە. چنوور خاوەنی ئەم کتێبانی خوارەوەیە:

مەرکانە شکاوەکانی جەنگ/شیعر

ئێواران بۆنی خەوم لێدێ/شیعر

لێوی مەراق/شیعر

تەیمانێکم لە گوڵ جێهێشت/شیعر

خەتام کرد دوای ئادەم کەوتم/شیعر

دارتووە تەنیاکە/نۆڤلێت

خوێندنەوەی چەند شاکارێکی جیهانی/کۆمەڵێک وتار

گەڕانەوە/نۆڤلێت لەژێر چاپدایە.

## پرسیار: تایبەتمەندییەکانی دەقی باڵا چین؟ بە شێوەیەکی تر ئەو خاسییەتانە چین کە دەقی شیعری نەمر دەکەن؟

**چنوور نامیق:** شیعر تەنیا ریزکردنی وشە و دروستکردنی رستە نییە، نووسینی شیعر کاری هەموو کەسێک نییە وەکو ئەوەی لە ئەمڕۆدا دەبینرێ هەموو کورد بوونە بە شاعیر و خاوەن شیعر.

**چنوور نامیق:** دەقی باڵا ئەو دەقەیە کە رۆحی لەبەرە و تاهەتایە نامرێ و بەرگی خلود و مانەوە دەپۆشێ، پاشان دەقی باڵا دوورە لە بەکارهێنانی وشەی کۆنکرێتی و مەلموس،کەواتە دەبێ زمانی شیعر ئەوەندە سرک و ناسک بێ، ریتم و ئیقاعی لەرەداری تایبەت بەخۆی هەبێ. دەقی نەمر ئەو گۆرانییەیە کە لە واقیعی تفت و تاڵ وێنەی جولاوە لەناو بەرگی خەیاڵێکی سەرەڕۆ و دوور لە بیرکردنەوە لەکێش و سەروا و فۆرم و چوارچێوەی یەکبوونی مانا، کەواتە دەقی باڵا رێچکەیەکە بۆ دەربازبوون لە یەک شێوازی و ئەو هێڵە سوورانەی کە کۆمەڵگە و داب و نەریت بۆ شاعیری دەستنیشان دەکا، دەقی باڵا گوزارشتکردنە لەو خەیاڵە رەهایەی کە لە زەینی نووسەرەوە هەڵدەکشێ، بوێریش خەسڵەتێکی تری دەقی باڵایە، گوێنەدانی شاعیر بە یاساغەکان و گوزارشتکردن لە هەستە رۆحی و ناخەکێکانی بە بێپەردە و ترس و دڵەڕاوکێ و بەبێ بیرکردنەوە لە هێڵە کێشراوەکانی داب و نەریت و دەسەڵات و ئاین و ئەو سنوورانەی کە کۆمەڵگە بۆی دیاری کردووە لەکاتی نووسیندا. شکاندنی ئەوهەموو تەوق و هێڵە دیاریکراوانە جورئەتی دەوێ. کاتێ ئەو واقیعە تاڵە دەروونی شاعیر دەوروژێنێ ئیدی لە بەرگی واقیع

دەردەچێ و گەرم دادێ و ترس ناناسێ، ئەو دەمانەی پێنووسەکەی دەبێ بە دادوەر و هەموو ئەو نادادوەرییانەی ژیان لەخەیاڵێکی یاخی سەرکێشانەدا بەرجەستە دەکا، کەواتە جورئەت و راستگۆیی، دەرچوون لە قاوغی دیاریکراو لە خزمەتی خوڵقاندنی دەقی باڵادان.

**دەقی باڵا گوزارشتکردنە لەو خەیاڵە رەهایەی کە لە زەینی نووسەرەوە هەڵدەکشێ، بۆیەش خەسڵەتێکی تری دەقی باڵایە، گوێنەدانی شاعیر بە یاساغەکان و گوزارشتکردن لە هەستە رۆحی و ناخەکێکانی بە بێپەردە و ترس و دڵەڕاوکێ و بەبێ بیرکردنەوە لە هێڵە کێشراوەکانی داب و نەریت و دەسەڵات و ئاین و ئەو سنوورانەی کە کۆمەڵگە بۆی دیاری کردووە لەکاتی نووسیندا**

**پرسیار: ئایا شیعر جۆرێکە لە خوڵقاندن و داهێنان، یان ئەوەتا بریتییە لە پرۆسەی خەیاڵکردن و زمان؟ بە گشتی جەوهەری شیعر لە چیدایە؟**

**چنوور نامیق:** بەلای منەوە داهێنان دەرئەنجامی خەیاڵکردن و دەرچوونە لە قاوغی جەستەیی و فڕینە بە ئاسۆی خەیاڵ و مەلەکردنە لە رووباری جوانییەکان. دروستکردنی وێنەی جوان و پڕ لە خەیاڵ بەبێ زمان نایەتە بوون، کەواتە بۆ کاری داهێنەرانە پێویستمان بەکەرەستەیە، کە ئەویش زمانی دەربڕین و گەیاندنی ئەو فیکرەیەیە، بۆیە بەکارهێنانی موفرەدات و دەستەواژەی زمانەوانی پاراو یارمەتیدەرە بۆ گەڵاڵەکردنی فیکرەیەکی تایبەت کە شاعیر یا نووسەر بە زمانی یۆتۆبیا گوزارشتی لێ دەکا. کەواتە زمان پردی لێکحاڵیبوونی نێوان شاعیر و خوێنەرە. زمان و خەیاڵ هەردوو پێویستییەکی سەرەکین بۆ لە دایکبوونی دەقێکی نەمر و باڵا، بەڵام خەیاڵ هەوێنی ئەو داڕشتنەیە کە عەقڵ دەینووسێتەوە.

**پرسیار: چ پەیوەندییەک لە نێوان کولتوور و شاعیردا هەیە؟ پێتوایە کولتوورێکی باش شاعیرێکی چاک بەرهەم بهێنێت یان دەکرێ لە کولتووری خراپدا شاعیری باش هەبن؟**

**چنوور نامیق:** ئەمە ئەو پرسیارەیە کە بۆ هەمیشە برینەکانم دەکولێنێتەوە، کولتوور

دەکرێ روخێنەر بێ و دەشکرێ دروستکەر بێ. من باس لە کولتووری رۆژهەڵاتی دەکەم. کولتووری ئێمە بکوژی داهێنانە، دژی کرانەوەیە، بکوژی بەها ئینسانییەکانە، بکوژی هەستی هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵە و لە ئێستادا بکوژی جەستەی ئافرەت و منالآنیشە، کەسانێک هەن وەکو ئەوەی خۆکوشتنی ئافرەتان بە کەم بزانن و لێرەولەوێ ئافرەت دەکوژرێ بە پاساوی شەرەف و کێشەی خێزانی بەبێ ئەوەی هیچ هەڵوێستێکی ئینسانییانە وەربگیرێ. رەنگە ئەوەندە غەمگین و دڵگران بم لە رێڕەوی پرسیارەکە لامدابێ، کولتوور رۆڵێکی زۆر راستەوخۆ دەبینێ لە سڕینەوەی خەیاڵ بەتایبەتی لە شیعری خانماندا، کاریگەریی یەکجار دیاری هەیە، من لە (غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ)ی بەختیار عەلیدا، ئەو کولتوورە خەیاڵکوژەی خۆم دەبینم کە چەندە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی تیا بەرجەستە کراوە، ئاشکرایە تەنیا کێشە کۆمەڵایەتییەکان رێگر نین لە بەردەم سەرکوتکردنی ئافرەت و تاساندنی دەنگیان، تەنیا ئاین نییە هێڵی سووری لە بەردەم خەیاڵکردن و خواستەکانیان کێشاوە، کامە ئایەت رێگەی داوە بە کوشتنی (دوعا) بەو شێوە دڕندانەیە و لەسەردەمی عەولەمەدا. ئەوەش هەر کولتووری دەسکردی پیاوانەیە هەر لە سەرەتای ژیانەوە بەپێی عادات و هەڵسوکوتی هەر سەردەمێک و بەپێی بەرژەوەندیی خۆی تا ئەمڕۆکەش پەرە بە چەوساندنەوەی ئافرەت دەدا. زۆرن ئەو ئافرەتە بەتوانایانەی کە خاوەنی پەیامی پیرۆزن و لەناو دەسەڵاتی کوردیش جێیان نابێتەوە و لەناو سیستەمی حوکمڕانیدا پەراوێز دەخرێن و ئەوەندە تەهمیشیان دەکەن تا لەبیر دەچنەوە. لەناو کولتووری ژنکوژی و شووکردنی سەربەهەوێ بەتایبەتی لەلایەن هەندێ ئافرەتی بەناو رۆشەنبیر و خاوەن پۆستی باڵاوە دەبێ چی ئومێدێکی گەش بە ئایندە هەبێ!

**لەناو کولتووری سنووربەزاندن و حەڵاڵکردنی کوشتنی ئافرەت و منداڵیش لە دەرەوەی دەقە ئاسمانییەکاندا، گریمان دەنگی بوێریش بوونی زۆر بوو، کێ گوێ بۆ دەقی ئیبداعی رادەدێرێ، ئەو هەموو فاکتەرانە دەقی پڕ ترس و ڕاڕایی دەخولقێنن. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر هەیە دەتوانێ لەو کەشی پڕ دڵەڕاوکێ و ترسەدا بە دەنکە مروارییی وشە و خەیاڵی جوان ئەو هەموو کارەساتانە بکاتە هەوێنی دەقی بەرز و لە خۆبووردووانە وێنەی شیعریی باڵا بئافرێنێ**

هەڵسوکەوتە دژەکان ئەوەندە زۆرن کە هەموو بەهاکان ئاوەژووبوونەتەوە، لەم وێرانەیەدا جوانییەکان چۆن وێنا دەکرێن؟! کولتووری ترس و گومان و ڕاڕایی چۆن داهێنانی تێدا دەکرێ؟! لەناو کولتووری سنووربەزاندن و حەڵاڵکردنی کوشتنی ئافرەت و منداڵیش لە دەرەوەی دەقە ئاسمانییەکاندا، گریمان دەنگی بوێریش بوونی زۆر بوو، کێ گوێ بۆ دەقی ئیبداعی رادەدێرێ، ئەو هەموو فاکتەرانە دەقی پڕ ترس و ڕاڕایی دەخولقێنن. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر هەیە دەتوانێ لەو کەشی پڕ دڵەڕاوکێ و ترسەدا بە دەنکە مرواریی وشە و خەیاڵی جوان ئەو هەموو کارەساتانە بکاتە هەوێنی دەقی بەرز و لە خۆبووردووانە وێنەی شیعریی باڵا بئافرێنێ،بەڵام کێ گوێی لێ رادەگرێ؟!

**پرسیار: هەر یەک لە د.کەمال مەعروف و کەمال غەمبار لەو وتارانەی کە لە کتێبی(خەتام کرد دوای ئادەم کەوتم) دەربارەی شیعرەکانی تۆ نووسیویانە، باس لە نامۆیی و نیگەرانی دەکەن، ئەو نامۆیی و نیگەرانییە لە شیعری تۆدا لە کوێوە سەر هەڵدەدا؟**

**چنوور نامیق:** دیارە نووسینی رەخنەیی ئەو مامۆستا بەڕێزانە (د.کەمال مەعروف و کەمال غەمبار) کە تایبەتن بە شیعرەکانی ناو کتێبی شیعریی (مەرکانە شکاوەکانی جەنگ، کە ئێستا لە کۆبەرهەمی (خەتام کرد دوای ئادەم کەوتم )دا چاپ کراوە، زۆر مایەی دڵخۆشییە بۆ من کە دەقی منیان بەسەر کردووەتەوە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان ئەوەیە بە بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی شەخسیم لەگەڵیاندا هەبێ و بەبێ موجامەلە قسەیان لەسەر چەند کۆپلەیەکی دەقەکان کردووە، کەواتە بەویژدانەوە بۆچوونی خۆیان لە سەر بەرهەمەکانم دەربڕیوە، دووەمیشیان لەسەردەمی جەنجاڵی و شەڕی ناوخۆ بوو (شەڕی برا رەنگاوڕەنگەکان) بوو، ئەوان وەکو خودی خۆم پەیان بە هەڵچوونی ناخم بردووە و جوانتر نامۆیی و نیگەرانی منیان هەست پێ کردووە، ئەو نیگەرانییەم بۆ خوشک و برا لەناوچووەکانی وڵاتەکەمە، کاتێ بەها مرۆڤانەکان کاڵدەبنەوە و تەنیا تفەنگ و گوللە چارەنووسی مرۆڤەکان دەستنیشان دەکەن، بۆیە بە شکاندنی مەرکانەکان تووینیەتی و مەرگ و وشکەساڵی لە دواییاندا جێدەمێنێ.... نیگەرانم بە کۆتایی هاتنی وەرزی عەشق لە هاوسەریدا، بۆ هەمیشە لە هەر دەقێکمدا چڵێ ڕۆمانسییەتی پەرچەمدار بەسەر ژووانە چۆڵەکانی مەملەکەتی شیعرمدا دەلەرێتەوە، شیعری من بە ڕۆمانسییەت و مرۆڤبوون دەناسرێتەوە.

گەڕان بەشوێن خود و تاکبوونەوە و دواندنی خودی تایبەتمەندییەکی پێویستە بۆ کاری ئەفراندن. ئەوەی ئەم حاڵەتی نامۆبوونەم لەلا زیاتر دەکا، کە ناتوانم وەکو ئافرەتێکی رۆشەنبیر و جیاواز لەنێو زیندانی کۆمەڵگەدا خۆم بدۆزمەوە، بەتایبەتی نەبوونی هەڵسەنگاندنی دروست لەسەر

بنەمای توانا و داهێنان و تێکەڵبوونی نووسەر و نانووسەر و بینینی رەخنەی موجامەلە، لە قاڵبدانی مرۆڤە بەهەڵوێستەکان و دروستبوونی تاکی بێ ئەزموون لەژێر سێبەری حیزبەکاندا.

**پرسیار: زۆرجار لە شیعرەکانتدا دیالۆگی خودی بەرچاو دەکەوێ، لە کۆمەڵە شیعری(خەتام کرد دوای ئادەم کەوتم) ئەم دیالۆگانە دەبینرێن، زۆر جار راستەوخۆ لەگەڵ خۆتدا دەپەیڤی، ئەو گوتوبێژە خودییە لە شیعردا چییە؟**

**چنوور نامیق:** ئەو چرکانەی کە لە گەڵ خۆمدا دەپەیڤم ترۆپکی راستگۆییمە لەناو ئەو دەقەی دەیخولقێنم، رەنگە ئەوپەڕی ساتەکانی نامۆییم بێ لەناو کۆمەڵگەکەم کە وێنەی بیرکردنەوەی خۆم کەمە، بۆیە پەنا دەبەمە بەر ئەو دیالۆگە خودییانە، بۆ نموونە لە دەقێکمدا لەگەڵ (هەڵوێست) ناوێکدا دەدوێم کە ئەویش خودی خۆمە. گەڕان بەشوێن خود و تاکبوونەوە و دواندنی خودی تایبەتمەندییەکی پێویستە بۆ کاری ئەفراندن. ئەوەی ئەم حاڵەتی نامۆبوونەم لەلا زیاتر دەکا، کە ناتوانم وەکو ئافرەتێکی رۆشەنبیر و جیاواز لەنێو زیندانی کۆمەڵگەدا خۆم بدۆزمەوە، بەتایبەتی نەبوونی هەڵسەنگاندنی دروست لەسەر بنەمای توانا و داهێنان و تێکەڵبوونی نووسەر و نانووسەر و بینینی رەخنەی موجامەلە، لە قاڵبدانی مرۆڤە بەهەڵوێستەکان و دروستبوونی تاکی بێ ئەزموون لەژێر سێبەری حیزبەکاندا و لەپرێکدا و لەناوچوونی بەها جوانەکان و ئەو حاڵەتی چەپاندنانەی کە تاکی کوردی بەدەستییەوە گیرۆدەیە، ئەمە و جگە لەوەی کە مەرگی عەشق لەناو پێخەفی نووستندا ئەوەندەی تر نامۆم دەکا.



# گوتوبێژ لەگەڵ شێوەکار محەمەد فەتاح

## سازدانی:

محەمەد فەتاح لە دایکبووی شاری سلێمانییە، لە ساڵی ١٩٨٥ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، هەروەها دەرچووی کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی ساڵی ٢٠٠٩یە. خاوەنی حەوت پێشانگای تایبەتە و بەرهەمەکانی لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا نمایشکراوە. لەم دیدارەی گۆڤارەکەماندا کە لەفیستیڤاڵی هەشتەمی بەدرخان لە پاریس ئەنجامدراوە و خۆی پێشانگای تایبتی لەو فیستیڤاڵەدا هەبووە، بە گشتی باسی رەوشی شێوەکاری ئەزموونی ئە هونەرە لە هەرێمی کوردستان دەکا:

**پرسیار: تۆ وەک شێوەکارێک کە ئەزموونێکیی درێژت لەگەڵ کارەکەتدا هەیە، ڕەوشی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

**محەمەد فەتاح:** دەتوانین بڵێین ڕەوشی شێوەکاری لە کوردستاندا لە دوای ڕاپەڕینەوە گۆڕانێکی زۆر دروست بوو لە ڕێچکەی کاری شێوەکاری و لە کردنەوەی دەرگاکان بە ڕووی هونەرمەندانی شێوەکار، لەوەی کە تێکەڵبوونێک لە نێوان ئێمە کە لە کوردستانداین لەگەڵ ئەو هونەرمەندانەی کە لە دەرەوەی وڵات دان، هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆجیش ڕۆڵی خۆی بینی لە ڕووی ئینتەرنێت و سەتەلایت و ئەو ئامێرانەی کە هەیە لە داتاشۆ و شتی تر، ئەمانە هەمووی کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی کە هونەری شێوەکاری بزاڤێکی تری بە خۆیەوە بینی. بەڵام نکۆڵی لەوە ناکەین کە ئەگەر هونەرمەند خۆی کار نەکات و سێرچ نەکا و نەگەڕێ هەرگیز ناگاتە ئەو ئامانجە باڵایانەی کە خۆی مەبەستییەتی، هونەرمەند هەیە هەموو شتێکی لەبەر دەست دایە بەڵام کار ناکا، هونەرمەندی واش هەیە بە دنیایەک موعاناتەوە کۆمەڵێک ئیشی جوان دەکا، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر جۆری کەسایەتی ئەو شێوەکارە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستاندا ڕەوتی شێوەکاری زۆر بەرەو باش پێشکەوتووە.

**پرسیار: پێتوایە کڕینی تابلۆی شێوەکارەکانمان بووبێتە دیاردەیەک؟ ئایا هونەرمەند دەتوانێ بە کاری شێوەکارییەکەی بژێوی ژیانی خۆی دابین بکا؟**

**محەمەد فەتاح:** نەخێر هەرگیز، دەتوانم بڵێم بە ڕێژەی لە سەدا سێی یا کەمتریش هونرمەندانمان نەیانتوانیوە لە ڕێی فرۆشتنی تابلۆکانییەوە سوود وەرگرێت و بژێوی ژیانی مسۆگەربکات. ڕەنگە کەسانێک هەبن بە هۆی ئەوەی پاڵپشتێکی سیاسییان هەبووبێ یا لە شوێنێکدا کەسانێک بناسن توانیبێتیان تابلۆکانیان بازاڕێکی بۆ بۆ دروست بووبێ بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیەنێت کە ئەگەر بەم هۆیەوە تابلۆکانیان فرۆشرا ئەوا هونەرمەندێکی سەرکەوتووە، ئێمە زۆر هونەرمەندی سەرکەوتوو بەتوانا و لێهاتوومان هەیە کەچی دەرگای کڕینی تابلۆکانی لێنەکراوەتەوە. زۆر بەداخەوە زۆربەمان لە خەڵکە ئاساییەکە و بەرپرسان ڕازین بەوەی کە تابلۆیەکی سینی زۆر خراپ بکڕن و لە ماڵەکانیاندا هەڵیواسن، بەڵام ڕازینین کە تابلۆیەکی هونەرمەندێکی خۆمان کە گوزارشت لە کولتووری کوردی دەکات بیکڕن و ماڵەکانیانی پێ بڕازێننەوە.

**پرسیار: ئەمە دەگەڕێنییەوە بۆچی؟ پێتوایە چ هۆکارێک لە پشت ئەمەوەیە؟**

**محەمەد فەتاح:** ئەمە دەگرێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیارییەک یان ڕۆشنبیرییەکی گشتی سەراپاگیر کە تەقدیری ئەو کەسانە بکا کە هونەرمەندی کوردن و هەوڵ و کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی کاری هونەری بکەن بەڵام لەوسەرەوە مایەپووچ دەردەچن و بەرهەمەکانیان نافرۆشرێ

و دەمێنێتەوە. بۆ نموونە من زۆرجار کە پێشانگام کردۆتەوە چۆن تابلۆکانم بردووە بۆ هۆڵی پێشانگاکە ئاوهاش بردوومەتەوەماڵەوە. لە کاتێکدا دەتوانین بە فرۆشتنی کارەکانمان بەردەوامیمان هەبێ و شتی تازە بکەین.

**زۆر بەداخەوە زۆربەمان لە خەڵکە ئاساییەکە و بەرپرسان رازین بەوەی کە تابلۆیەکی سینی زۆر خراپ بکڕن و لە ماڵەکانیاندا هەڵیواسن، بەڵام رازینین کە تابلۆیەکی هونەرمەندێکی خۆمان کە گوزارشت لە کولتووری کوردی دەکات بیکڕن و ماڵەکانیانی پێ بڕازێننەوە**

**پرسیار: پێتوایە ئەوە تەنیا کەمتەرخەمی کۆمەڵگاکەیە یان کەسی شێوەکاریش یان ئەوەتا ئەو شوێن و سەنتەرانەی تایبەتن بەو کارە؟ تۆ وەک شێوەکارێک پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەمە ببێتە دیاردەیەک؟**

**محەمەد فەتاح:** بە راستی دەبێ هەموومان یەک بیرکردنەوەمان هەبێ، ئەویش خزمەتکردنی هونەرەکەیە. دەبێ چەندین سیمینار و کۆڕ ببەسترێ بۆ ئەوەی پەیڕەوێک بۆ ئەو هونەرە دابندرێت، یان ئەو کۆمپانیایانەی کە دێن ئەو هەموو باڵەخانەیە بەرزدەکەنەوە و دەیبەنە ئاسمان دەتوانن لەگەڵ فرۆشتنی هەر بەش و ژوورێک یا ئاپارتمانێک کۆمەڵێک تابلۆی هونەرمەندانی کورد بکڕن و لە شوقەکاندا هەڵیواسن. بەم شێوانە تۆ دەتوانی هونەرمەندی کورد بناسێنی بە گەلەکەی و تابلۆکانیان بچێتە ناو ماڵەکانەوە، کاری هونەری قەتیس نەبێ و تابلۆکان هەر لە هۆڵەکاندا نەمێننەوە و نەچنەوە ماڵی هونەرمەند. شێوەی تر زۆرە و ئەمەش دەبێ کاری بۆ بکرێ.

**پرسیار: تا ئێستا هیچ ئاشنایەتییەکت هەبووە لەگەڵ هونەرمەندانی دەرەوە بۆ نموونە هونەرمەندانی عەرەب. یان ئەوەتا هیچ پێشانگایەکت لەدەرەوەی کوردستان کردووە و لەگەڵ هونەرمەندانی دەرەوە هاوبەشیت کردبێ؟**

**محەمەد فەتاح:** ئێمە بۆ ئەوە زۆر هەوڵمان داوە و بەشداریشم هەیە من وەکو خۆم لە دەرەوەی کوردستان بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بەشدارییەکمان هەبوو هەڵبەتە زۆر تێکەڵ بین یان بیروڕامان ئاڵوگۆڕکردبێ. من ئەوە بۆیەکەمینجارە خۆم بە شەخسی دێمە

ئەوروپا و کارەکانم نمایشدەکەم، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا شتێکی زۆر باشە و ئەگەر لەگەڵ ئەمەشدا چەندین سیمینا و کۆڕی تایبەت هەبێ بۆ قسەکردن لەسەر هونەر و ئاڵوگۆڕکردنی مەعریفەت و پێشکەوتنی هونەرەکە.

**پرسیار: لە کورستان زۆر سەنتەر و رێکخراو و دەزگا هەن کە بە گشتی بایەخ بە هونەر دەدەنو هەندێکیشیان تایبەتن بۆ کاری شێوەکاری و زۆر جار خولی شێوەکاری یان کاری تر دەربارەی ئەم هونەرە دەکەن. پێتوایە ئەو مەڵبەند و سەنتەرانە چیان کردووە بۆ بەرەو پێشچوونی رەوتی شێوەکاری؟**

**محەمەد فەتاح:** بەڵێ ئێمە کە دەڵێین رێکخراوە هونەریەکان مەرج نییە سەد لە سەد توانیبێتیان خزمەتی هونەرەکەیان کردبێ، چونکە لەوانەیە ئەوانیش بودجەیان دیاریکراو بێت یان شێوەکاریان دیاریکراو بێت، بەڵام من وەک ئەو تەجروبەیەی هەمبووە بەتایبەتی لە سلێمانی رێخراوی هونەرمەندان یان کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان ئەوانە توانیویانە خزمەتی هونەری شێوەکاری بکەن و شتێ دەستەجەمعی زۆر جوان و نەوعیان کردووە.

**ئەو کۆمپانیایانەی کە دێن ئەو هەموو باڵەخانەیە بەرزدەکەنەوە و دەیبەنە ئاسمان دەتوانن لەگەڵ فرۆشتنی هەر بەش و ژوورێک یا ئاپارتمانێک کۆمەڵێک تابلۆی هونەرمەندانی کورد بکڕن و لە شوقەکاندا هەڵیواسن. بەم شێوانە تۆ دەتوانی هونەرمەندی کورد بناسێنی بە گەلەکەی و تابلۆکانیان بچێتە ناو ماڵەکانەوە، کاری هونەری قەتیس نەبێ و تابلۆکان هەر لە هۆڵەکاندا نەمێننەوە و نەچنەوە ماڵی هونەرمەند**

# نۆبڵی ئەدەبی
## (ڕووداوە ئەدەبییە گەورەکەی ساڵ)

**ئامادەکردن و وەرگێرانی:**

لە ٢٧ نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٩٥ (ئەلفرێد نۆبڵ)ی سەرمایەدار ئەو وەسیەتەی واژووکرد کە بەشێکی زۆر لە سامانەکەی تەرخان بکرێت بۆ مەبەستی بەخشینی وەک خەڵاتێک بۆ ئەوانەی کە لە بوارێکدا داهێنان دەکەن. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ئەلفرێد یەکێک بوو لە شارەزایانی زانستی تەقینەوە و دەیان کارگەی بواری تەقینەوە و دینامیتی دروست کرد، بەڵام دوای ئەوەی کە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە کارەکەی خزمەتی مرۆڤایەتی ناکات و بە پێچەوانەوە ساڵانە هەزاران خەڵک پێیەوە دەبنە قوربانی، هەربۆیە بڕیاریدا سامان و داهاتەکەی بۆ ئەو خەڵاتە تەرخان بکات. ئەو خەڵاتە ساڵانە لە زنجیرەیەک بواردا دابەشدەکرێت وەک ئەدەب، ئاشتی، فیزیا و چەند بوارێکی تر. ئەو خەڵاتە بەو کەسانە دەدرێت کە لە بوارێکدا داهێنانی نوێ و دەگمەن بئافرێنن، بەرهەمێکی نموونەیی پێشکەش بکەن. ئەم خەڵاتە لە بواری ئەدەبدا لە ساڵی ١٩٠١ەوە دەبەخشرێت و تاکو ئێستاش بەردەوامە.

ئەم خەڵاتە وەک گەورەترین ڕووداوی ئەدەبی ساڵ دادەندرێت، کە ئەکادیمیای سویدی هەڵدەستێت بە بەخشینی ئەو خەڵاتە بەو نووسەرەی کە بەرهەمەکانی تایبەتمەندی جیاواز لەخۆبگرن و بەرهەمەکانیان بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدرابن. ئەو ئەکادیمیایە ساڵانە هەڵدەستێت بە دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکان، کە لە لیستی سەرەتاییەوە دەستپێدەکات و دوای لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی بەرهەمەکانی ئەو نووسەرانە، لە کۆتاییدا ناوی چەند پاڵێوراوێک بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە دەستنیشان دەکرێن.



## ئەلفرێد نۆبڵ

ئەلفرێد نۆبڵ لە وەسیەتنامەکەیدا ئەو خەڵاتەی تەنیا بۆ داهێنەرە ئەسکەندەنافییەکان دانەناوە، بەڵکو ئەو بە بیر و هۆشیارییەکی جیهانیانەوە ئەو خەڵاتە دەبەخشێتە هەر مرۆڤ لەهەر کونجێکی زەوی کە داهێنان لەسەر ئاستی جیهاندا بکات. هەر بۆیەش دەبینین گەلێک نەتەوەی جۆراوجۆر لە تەواوی جیهاندا ئەو خەڵاتەیان وەرگرتووە، پشکی شێریش لە نۆبڵی ئەدەبیدا بەر ئینگلیزەکان کەوتووە کە ٢٦ جار براوەی ئەو خەڵاتەن و دوای ئەوانیش فەرەنسییەکان و ئەڵمانییەکان بە سێزدە جار، ئیسپانییەکان بە یازدە جار، سوێدییەکان بە حەوت جار، ئیتاڵییەکان شەش جار، رووسییەکان پێنج جار، پۆڵەندییەکان چوار جار، هەریەک لە نەرویجی و دانیمارکییەکان سێ جار، یۆنان و یابانییەکان دوو جار، هەریەک لە عەرەب و تورک و پورتوگال و کرواتیا و چیک و هەنگاریا و چین و بەنگالی و فیلەندی و عیبری و ئایسلەندا ..... یەکجار براوەی ئەو خەڵاتە بوون. جێی ئاماژەیە ئەو پۆلێنکردنە لەسەر بنەمای نەتەوە نییە بەڵکو لەسەر بنەمای زمانە، بۆ نموونە زیاتر لە نەتەوەیەک بە زمانی ئیسپانی قسەدەکا و دەنووسێ و دەخوێنێ، (گابرێل گارسیا مارکیز)ی نووسەری کۆلۆمبی و هەڵگری خەڵاتی ساڵی ١٩٨٢ چونکە بەزمانی ئیسپانی دەنووسێ لەو دابەشکردنەدا لەگەڵ ئیسپانی نووسەکاندا هەژماردەکرێ. بۆیە لێرەدا دەبینی کە بنووسی ٢٤ زمانی جیاواز لە جیهاندا ئەو خەڵاتەیان پێبەخشراوە.

شاعیر و نووسەری بەریتانی (جۆزیف رودیارد کیپلینگ ١٨٦٥-١٩٣٦) هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ساڵی ١٩٠٧، لە رووی تەمەنەوە بچووکترین وەرگری ئەو خەڵاتەیە تاکو ئێستا. لە کاتێکدا (دۆریس لێسینگ)ی نووسەری بەریتانی و لەدایکبووی ساڵی ١٩١٩ بە بەتەمنترین وەرگری ئەو خەڵاتە دادەنرێت تاکو ئێستا، ئەمەش کاتێک کە لە ساڵی ٢٠٠٧ و لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا ئەو خەڵاتەی پێبەخشراوە.

لە ساڵی ١٩٠١ تاکو ساڵی ٢٠١١ ئەکادیمیای سویدی ١٠٤ جار ئەو خەڵاتەی بەخشیوە، لە کاتێکدا کە خەڵاتەکە ساڵانەیە دەبوایە ١١١ جار ئەو خەڵاتە ببەخشرابا. بەڵام حەوت ساڵ ئەو خەڵاتە نەبەخشرا ئەمەش بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی یەکەم و دووەمەوە، هەروەها لە سیستەمی ئەکادیمیای سویدی بۆ بەخشینی ئەو خەڵاتەدا هاتووە کە: لەکاتێکدا ئەگەر لە ساڵێکدا هیچ کارێک لە ئاستی نموونەی و گرینگیدا نەبوو ئەوا ئەو خەڵاتە نابەخشرێت و لایەنی ماددی بەخشینەکەش بۆ ساڵی داهاتوو وەکخۆی دەمێنێتەوە. ئەو ساڵانەشی کە خەڵاتەکەی تێدا نەبەخشراوە بریتین لە: ١٩١٤، ١٩١٨، ١٩٣٥، ١٩٤٠، ١٩٤١، ١٩٤٢، ١٩٤٣.
لە ئێستادا بڕی ئەو پارەیەی کە تەرخان کراوە بۆ بەخشینی بە براوەی خەڵاتەکە بریتییە لە دە ملیۆن کرۆنی سویدی کە دەکاتە نزیکەی یەک ملیۆن و سێ سەد و پەنجا و شەش هەزار دۆلاری ئەمریکی. ئەمە جگە لەوەی کە مەدالیایەکی زێڕ کە لۆگۆی خەڵاتی نۆبڵە و وێنەی ئەلفرێد نۆبڵی لەسەرە دەبخشرێتە براوەی خەڵاتەکە.

لە رووی رەگەزی نووسەرە وەرگرەکانەوە، لە کۆی ئەو ١٠٤ خەڵاتەی کە بەخشراوە نووسەرانی رەگەزی مێ دوازدە جار براوەی ئەو خەڵاتە بوون. بۆ یەکەمجار ژنە نووسەری سویدی (سێلما لاگێرلوف ١٨٥٨-١٩٤٠) لە ساڵی ١٩٠٩ ئەو خەڵاتەی بردووەتەوە. لە کاتێکدا کە ئاکادیمیای سویدی پێنج ساڵ بەر لە وادەی وەرگرتنی خەلاتەکە، جارێکی تریش کاندیدی کردبوو. دوای ئەویش و دوای حەڤدە ساڵ، دووەم ئافرەت کە نووسەری ئیتاڵی (گرازیا دێلێدا ١٨٧١-١٩٣٦) بووە وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی. دوایین نووسەری ژن کە ئەو خەڵاتەی وەرگرتبێ رۆماننووسی ئەڵمانی و لەدایکبووی رۆمانیا (هێرتا موولەر)ە، کە لەساڵی ٢٠٠٧ ئەو خەڵاتەی بردەوە. جێی ئاماژەیە لە کۆی ئەو دوازدە ئافرەتەی کە براوەی خەڵاتەکە بوون، شەشیان لە بیست ساڵی رابردوو خەڵاتەکەیان پێبەخشراوە. ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە کە ئەدەبی فێمینیستی لە جیهاندا رۆژبەڕۆژ پەرەدەسێنێ و دەکەوێتە نێو قاڵبی جیهانییەوە.

کێن ئەوانەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیان رەتکردەوە؟ دوو لەو براوانەی کە ئەکادیمیای سویدی دەستنیشانی کردوون، خەڵاتەکەیان رەتکردووەتەوە. یەکەمیان شاعیر و رۆماننووسی رووسی (بۆریس پاستێرناک ١٨٩٠-١٩٦٠) کە براوەی ساڵی (١٩٥٨)ە، لە سەرەتادا خەڵاتەکەی

وەرگرت بەڵام لە دواییدا خەڵاتەکەی ڕەتکردەوە، ئەمەش بەهۆی هۆکاری سیاسی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی کە ئەوکات یەکێتی سۆڤییەت بوو. دووەمیان نووسەر و بیرمەند و شانۆنووس و چالاکوانی سیاسی فەرەنسی (ژان پۆڵ سارتەر ١٩٠٥-١٩٨٠)، کە لە ساڵی ١٩٦٤ خەڵاتەکەی پێبەخشرا بەڵام ئەو هەموو دیار و خەڵاتە ڕەسمییەکانی ڕەتدەکردەوە. بەر لە هەشت ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی ناوی براوەی خەڵاتەکە، سارتەر لە نامەیەکدا داوا لە ئەکادیمیای سویدی دەکات کە ناوەکەی لە لیستی پاڵێوراوانی خەڵاتەکە دەربهێنن.

یەکێک لەو کێشانەی کە لە کاتی دەستنیشانکردنی پاڵێوراوان و پرۆسەی دەنگداندا ڕووبەڕووی ئەکادیمیای سویدی دەبێتەوە ئەوەیە کە یەکێک لە کاندیدەکان ئەندامی ئەکادیمیای سویدی بێت. ئەو حەوت سویدییەی کە براوەی خەڵاتەکەن ئەندامی ئەکادیمیایەکە بوون. جگە لە (سێلما لاگێرلوف ١٨٥٨-١٩٤٠) کە لە ساڵی ١٩١٤ بوو بە ئەندامی ئەکادیمیایەکە و پێش پێنج ساڵ لە بەئەندامبوونی خەڵاتەکەی وەرگرتووە، ئەوانی تر بەر لە دەستنیشانکردن و وەرگرتنی خەڵاتەکەیان ئەندامی ئەکادیمیای سویدی بوون. ئەوانیش (ڤێرنەر ڤۆن هێیدێنستام ١٩١٦، ئێریک کارلفێلدت ١٩٣١، پار لاگێرکڤیست ١٩٥١، نێلی ساکز ١٩٦٦، ئیڤحند جۆنسۆن و هاری مارتینسۆن ١٩٧٤).

سەرەڕای هەموو ئەوانەی کە براوەی ئەو خەڵاتەن نووسەری بە ئەزموون و داهێنەری گەورەن و ڕەوتی ئەدەبی و فیکری لەسەر دەستی ئەوانە بەرەو پێش چووە، لێ زۆر نووسەر و بیرمەندی تر هەبوون و هەن کە ئەو خەڵاتەیان وەرنەگرتووە. نووسەری ڕووسی (لیۆ تۆلیستۆی) و (نیکۆس کازانتزاکیس) نووسەر و بیرمەندی یۆنانی و (فرانتز کافکا) نووسەری چیکی و نووسەری و ڕۆژنامەنووسی ئینگلیزی (جۆرج ئۆریۆل) و (سەلمان ڕوشدی) نووسەری هیندی و (ئاموس ئۆز)ی نووسەر و ڕۆماننووسی ئیسرائیلی و (ئەدۆنیس) نووسەر و شاعیری عەرەب، یەکێکن لەو نووسەرانە.

**سەرچاوەکان؛**

nobelprize.com
wikipedia.com




**لۆگۆ و مەدالیای خەڵاتی نۆبڵ**



# ئۆدیپ
## (تراژیدیایەکی دەگمەن)

### لە ئینگلیزییەوە: هەژار عوسمان

ئۆدیپ پاڵەوانێکی تراژیدی بوو لە ئەفسانەی یۆنانیدا، پاشایەکی لەناوچوو بەهۆی چارەنووسێکی ترسناکەوە، لەبەرئەوەی نەزانانە باوکی خۆی کوشت و دایکیشی لەخۆی مارەکرد. ئۆدیب چیرۆکی کەسێکە لەبەر نەزانینی شوناسی راستەقینەی خۆی لە ژیانیدا به دوای رێگایەکی هەڵە کەوت. جارێک پێیەکانی لەسەر ئەو رێگایە دانابوو، باشترین ئاستەکانی خۆی نەیتوانی بیپارێزێ لە دەرئەنجامی ئەو رەفتارانەی کە سەرپێچی یاساکانی خوداکان و مرۆڤەکانی کرد. ئۆدیپ لە ئەفسانەی یۆنانی و درامادا دوو بیرۆکە (وێنە) دەنوێنێ، کە ئەوانیش لاوازی سروشتی مرۆڤایەتی و بێ دەسەڵاتی تاک لەهەمبەر رەوتی چارەنووس لە گەردوونێکی قێزەوندا.

ئەفسانەیی چیرۆکەکە لەگەڵ لەدایکبوونی کوڕێکدا بۆ شا لایوس و شاژنە جۆکاستای تبس دەستپێدەکا. غەیبزانەکەی دێلفی پێی وتن کە منداڵەکەیان گەورە دەبێ بۆ کوشتنی لایوس و مارەکردنی جۆکاستا. تۆقێنەربوو، پاشاکە پێیەکانی منداڵە ساواکە پێکەوە بەدەرزییەکی سەرخڕی گەورە قایم دەکا و لە دامێنی چیایەکدا بۆ مەرگ جێی دەهێڵێ.

هەرچۆنێک بێ، شوانەکان منداڵەکەیان دۆزییەوە-کە وەک ئۆدیپ ناسرا، یان»پێ گەورە»-و بردیان بۆ شاری کۆرنیس. لەدوای ئەوە شا پۆلیبۆس و شاژنە میرۆپی هەڵیانگرتەوە و رایانهێنا بۆ ئەوەی وا بیربکاتەوە کە ئەو کوڕی خۆیانە. کاتێک ئۆدیپ گەورەبوو، هەرچۆنێک بێ، کەسێک پێی وت کە ئەو کوڕی پۆلیبۆس نییە. ئۆدیپ رۆیشت بۆ دێلفی بۆ ئەوەی دەربارەی نەژادی خۆی داوا لە غەیبزانەکە بکات. ئەو وەڵامەی کە وەریگرت ئەمە بوو «تۆ ئەو پیاوەی کە تووشی چارەنووسی کوشتنی باوکی و مارەکردنی دایکی خۆی دەبێتەوە».

## ئۆدیپ لە ئەفسانەی یۆنانی و درامادا دوو بیرۆکە(وێنە) دەنوێنێ، کە ئەوانیش لاوازی سروشتی مرۆڤایەتی و بێ دەسەڵاتی تاک لەهەمبەر رەوتی چارەنووس لە گەردوونێکی قێزەوندا

بەهەمان شێوەی لایوس و جۆکاستا، ئۆدیپ ئاشکرای کردبوو کە خۆی دووردەخاتەوە لەو چارەنووسەی کە پێشبینیکرابوو بۆی. باوەڕکردن بەوەی کە غەیبزانەکە وتبێتی کە تووشی چارەنووسی کوشتنی پۆلیبۆس و مارەکردنی میرۆپی دەبێتەوە، بڕیاری دا هەرگیز نەگەڕێتەوە بۆ کۆرنیس. لەجیاتیدا، ملی نا بەرەو تبس.
بەدرێژایی رێگاکە، ئۆدیپ بە رێگایەکی تەسکدا لەنێوان هەڵدێرەکاندا رۆیشت. لەوێڕا پیاوێکی پیری لە عەرەبانەیەکدا بینی لە رێگاکەی ترەوە دەهات. هەردووکیان تووشی دەمەقاڵێیەک هاتن لەسەر ئەوەی کێ رێگاکە چۆڵ بکا، لە پاشان ئۆدیپ پیاوە نامۆیەکەی کوشت و بەرەو تبس رۆیشت. شارەکەی دۆزییەوە لە مەینەتییەکی گەورەدا زانی کە مەخلوقێکی تۆقێنەری زەبەلاح کە پێی دەڵێن سفینکس تبسییەکانی دەتۆقاند بەهۆی خواردنیان بە شێوەیەکی چاوبرسییانە لە کاتێکدا ئەوان شکستیان دەهێنا لە وەڵامدانەوەی مەتەڵەکەی و شا لایوس

کوژرابوو. لە ڕێگایدا بۆ داواکردنی یارمەتی لە غەیبزانەکەی دێلفییەکان. مەتەڵەکەی سفینکس ئەمە بوو « لە بەیانیاندا چی لەسەر چوار قاچ دەڕوا، بە دووان لە نیوەڕۆیاندا، و سێیان لە ئێواراندا؟» ئۆدیپ وەڵامە دروستەکەی دا: «مرۆڤێک، کە گاگۆڵکێ دەکا لەکاتێکدا ساوایەکە، لە باڵغبوونیدا بە قیتوقنجی دەڕوا و لە تافی پیری بەسەر گۆچانەکەیدا دەچەمێتەوە.» لەگەڵ ئەم وەڵامەدا، ئۆدیپ تەنها سفینکسی نەبەزاند، بەڵکو لە شێتگیریشیدا کوشتی، بەڵام تەختی پاشایەتی پاشا مردووەکەی بردەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ بێوەژنی پاشا، جۆکاستا کرد.

ئۆدیپ و جۆکاستا بۆ ماوەیەک بە خۆشییەوە ڕایانبوارد و دوو کوڕ و کچیان هەبوو. دوای ئەوە تاعونێکی ترسناک بەسەر تبسدا هات. پێغەمبەرێک ڕایگەیاند کە تاعوونەکە کۆتایی نایەت هەتا بکوژەکەی لایوس نەکەنە دەرەوە، کە لەناو شارەکەدابوو. لە پاشان پەیکێک لە کۆرنیسەوە گەیشت، مەرگی پاشا پۆلیبۆس ڕادەگەیەنێ و داوا لە ئۆدیپ دەکا بگەڕێتەوە و فەرمانڕەواییی کۆرنیسییەکان بکات. ئۆدیپ ئەوەی بە جۆکاستا وت کە غەیبزانەکە پێشبینی بۆ کردبوو لەگەڵ دەربڕینی حەوانەوە و ڕەوینەوەی ئەو مەترسییەی کە دەبێتە بکوژی پۆلیبۆس. جۆکاستا پێی وت کە لە غەیبزانەکان نەترسێ، سەبارەت بە غەیبزانەکە وتبووی کە هاوسەری یەکەمی لەلایەن کوڕەکەی خۆیەوە دەکوژرێت، لێ لەجیاتیدا لەلایەن نامۆیەکەوە کوژرابوو لەسەر ڕێگای بۆ دێلفی.

**مەتەڵەکەی سفینکس ئەمە بوو « لە بەیانیاندا**
**چی لەسەر چوار قاچ دەڕوا، بە دووان لە**
**نیوەڕۆیاندا، و سێیان لە ئێواراندا؟»**
**ئۆدیپ وەڵامە دروستەکەی دا: «مرۆڤێک،**
**کە گاگۆڵکێ دەکا لەکاتێکدا ساوایەکە،**
**لە باڵغبوونیدا بە قیتوقنجی دەڕوا و لە تافی پیری**
**بەسەر گۆچانەکەیدا دەچەمێتەوە.» لەگەڵ ئەم**
**وەڵامەدا، ئۆدیپ تەنها سفینکسی نەبەزاند،**
**بەڵکو لە شێتگیریشیدا کوشتی**

لەناکاو ئۆدیپ ڕووبەڕووبوونەوە کوشندەکەی بەبیرهاتەوە لەسەر ڕێگاکە و زانی کە ئەو باوکی ڕاستەقینەی خۆی (لایوس)ی بینیوە و کوشتوویەتی. لەهەمان کاتدا جۆکاستا دەرکی بە جێگەبرینەکانی سەر پێیەکانی ئۆدیپ کرد کە نیشانەی ئەو منداڵەبوو لایوس ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر پێیەکانی پێکەوە قایمکردبوو. کە ڕووبەڕووی ئەو حەقیقەتە بووەوە کە هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕی خۆی و بکوژەکەی لایوس کردووە، خۆی خنکاند. ئۆدیپیش دەرزییەکی لە جلەکانی کردەوە و خۆی پێ کوێر کرد.

هەندێ لە گریمانەکان دەڵێن کە ئۆدیپ دەستبەجێ لە تبس شاربەدەر کرا، لە کاتێکدا هەندێکی تر ئەوە دەگێڕنەوە کە ژیانێکی چارەڕەشانە لەوێ ژیاوە، لەلایەن هەمووانەوە ریسواکرا، هەتا منداڵەکانی گەورەبوون. لە کۆتاییدا زۆری لێکرا بەرەو مەنفا بڕوات، لەلایەن هەردوو کچەکەی، «ئەنتیگێنی و ئیسمێنە»وە هاوەڵیکرا. پاشی ساڵانیک لە پەژاری ماڵ بەکۆڵی گەیشتە ئەسینا، لەوێدا پەناگەیەکی دۆزییەوە لە ریزێک درەخت کە پێی دەگووترا کۆلۆنۆس. لەو ماوەیەدا، ململانێی کۆمەڵە رکابەرەکان لە تبس ویستیان ئەو بگەڕێتەوە بۆ ئەو شارە، باوەڕکردن بەوەی کە لاشەکەی بەخت دێنێ بۆ ئەو شارە. هەرچەندە ئۆدیپ لە کۆلۆنۆس مرد، و ئەو ئامادەبووانەی لەسەر گۆڕەکەی بوون وتبوویان بەختی باش بۆ ئەسینا دێنێت.

سەرچاوە:
http://www.facebook.com/EnglishLiteratureEmad




پەیکەری ئۆدیب
لە مۆزەخانەی رودۆلف تێگنەرس
لە دانیمارک



# گوتوبێژ لەگەڵ (ئەلبێر کامۆ)

## (یەکێک لە دواهەمین گوتوبێژەکانی کۆتایی ژیانی کامۆ)

### لە فارسییەوە: ڕێبەر ئەبابەکر ئەحمەد

لە کۆتاییییەکانی تەمەنی ژیانی کامۆ، دوو گوتوبێژ لەگەڵی ئەنجام دران کە یەکێک لە ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانی و ئەویتر لە دوای مردنی لە چاپدران. یەکەمین گوتوبێژی لەلایەن (ژان کلۆد بریس ویل)ی چیرۆکنووس و ڕەخنەگری فەرەنسی ئەنجام درا، دووەم گوتوبێژیش لە لایەن ئەمریکییەک ئەنجام درا.

**بریس ویل: لە چ رۆژگارێکی ژیانی خۆتدا بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا پەیت بە بەهرەی نووسەربوونی خۆت بردووە؟**
**ئەلبێر کامۆ:** لەوانەیە بەهرە وشەیەکی گونجاو نەبێت. لە دەوروبەری حەڤدە ساڵیدا حەزم لێبوو ببمە نووسەر و لە هەمان سەردەمیشدا , بە شێوەیەکی ناڕوون تێگەیشتم دەبمە نووسەر.

**بریس ویل: لەو سەردەمەدا بیرت لە پیشەی دووەمیش دەکردەوە؟**
**ئەلبێر کامۆ:** بە وانە وتنەوە , لەبەر پێویستی. بەڵام من هەمیشە ویستوومە پیشەی دووەمیشم هەبێت تاوەکو سەربەخۆیی کارم گارانتی بکەم.

**بریس ویل: ئایا لە کاتی نووسینی (پێچەوانە) بڕوایەکت بە ئایندەی وێژەیی خۆت هەبووە؟**
**ئەلبێر کامۆ:** دوای نووسینی (پێچەوانە) بە بەهرەی نووسەربوونی خۆم گومانم کرد. بڕیارمدا دەست لە نووسین هەڵگرم. هەر ئەو کات هێزێکی گەورەی زیندوو لە دەروونمدا پەیدابوو وای ویست ئاشکرا ببێت , پەرتووکی (پەیوەند)م نووسی.

**بریس ویل: ئایا لە کەسایەتی نووسەربوونی خۆت هەست بە ئارامی دەکەیت؟**
**ئەلبێر کامۆ:** لە پەیوەندییەکانی تایبەتی خۆمدا زۆر ئارامم. بەڵام لە رووخساری گشتی کارم، کە هیچ کات کەیفم پێ نەهاتووە، بۆم بێ شایەنی تەحەمول دەبێت.

**بریس ویل: ئەگەر بە هۆیەکەوە ناچار بیت دەست لە نووسەربوونت هەڵگریت, ئایا هزر دەکەی کە بتوانی جارێکیتر شاد و رازی و بەختەوەر بیت؟**
**ئەلبێر کامۆ:** کاتێک کە گەنجتر بووم , بە بێ نووسینیش دەمتوانی بەختەوەر بم. تا ئەمرۆش بەهرەی زیادم هەیە بۆ بەختەوەری ئارام و بێ دەنگ. لەگەڵ بوونی ئەمەش , دەبێت دانیپێدانێم کە لەوانەیە ئیتر نەتوانم ژیان بەبێ ئەم هونەرەم بەسەر ببەم.

**بریس ویل: ئایا هزر دەکەیت کە سەرکەوتنی زوو گەیشتی تۆ ئەمەی کە دوای بڵاوبوونەوەی (ئەفسانەی سیزیف), خواست یا ناخواست, تۆیان بە رابەر و مورشیدی لاویان ناسیوە. ئاراستەیەکی تایبەتی بە ئاسەوارەکانی دوای ئەوێت درا بێت؟ بە پوختی, ئایا هزر دەکەیت کە ئەگەر لە نامۆیی نەسەبی مابایتەوە دووبارە دەتوانی هەر ئەم پەرتووکانە بنووسیت کە پاشان نووسیووتە؟**

**ئەلبێر کامۆ:** بێ گومان بەناوبانگی , زۆر شتەکانی گۆری , بەڵام لەم لایەوە من بڕوایەکی زیادم پێ نییە. تا هەرچییەک رەتکردنەکەی مومکین بێت بێ دەنگە. بە هەرحاڵ نە بەدوای بەناوبانگی دەچم و نە پێداگریم بە نامۆیی هەیە. ئەمە یان ئەوە وە لەوانەشە ئەم و ئەویش کاتێک کە دەگەن , قبوڵ دەکەم. بەڵام مورشیدبوونی من دەمخەڵەتێنێت. بۆ وانە وتنەوە دەبێت زانستێکێت هەبێت , بۆ رابەری کردن دەبێت خۆت بە رێکەوی , ئێستا کە ئەم بیرۆکەیەم وت , ئەمەیشی بڵێم پێش نووسینی هەموو پەرتووکەکانی خۆم دووچاری بەندایەتی بەناوبانگی بوویمە. روونترین ئەنجامەکەی ئەمە بوو کە ناچار بووم و هێشتاش ناچارم کە لەگەڵ کۆمەڵگا بجەنگم تاوەکو هەلی نووسین بە دەست بێنم. سەرکەوتنم بە دەست هێناوە , بەڵام ئەمە بۆم بە گران کۆتا دێت.

**بریس ویل: ئایا هزر دەکەی کە ئاسەوارەکانی گرنگ و بنەرەتی خۆتت بۆ کۆتایی بردووە؟**

**ئەلبێر کامۆ:** من هێشتا ٤٥ ساڵم و خاوەن هێزێکی سەرسورهێنەرم.

**بریس ویل: ئایا بڵاوکردنەوەی داستانەکانت پەیڕەوی نەخشەیەکی گشتین کە لە پێشدا داتهێناون؟ یا هێدی هێدی کە دەنووسی نەخشەکەی پەیدا دەکەیت؟**

**ئەلبێر کامۆ:** هەردووکیانن , نەخشەیەک هەیە کە بارودۆخەکەی لە یەک لاو جێبەجێ کردنەکەی لە لایەکی ترەوەیە، ئەوەش پڕۆسەکە دەگۆڕێت.

**بریس ویل: شێوازی کاری تۆ چۆنە؟**

**ئەلبێر کامۆ:** یادداشت نامەکان و پڕکردن و وەرەقە دراوەکان , خەیاڵ دوورینەکانی ناروون , هەموو ئەوانە لە تێپەرینی ساڵەکان. رۆژێک بیرۆکەی بنەڕەتی بە ئامانج دەگات و مێشکمی باردار دەکات، پاشان کاری درێژخایەن و دژواری رێکخستن دەست پێ دەکات. ئەم کارە لەبەر ئەوەیە کە درێژ دەبێت، چونکە نارێکی قوڵی دەروونم بێ کۆتاییيە.

**بریس ویل: ئایا هەست بە پێویستییەک دەکەیت کە دەربارەی ئاسەواری خۆت لە کاتی نووسینیدا لەگەڵ کەسێک بدوێی؟**
**ئەلبێر کامۆ:** نەخێر. هەندێجار کە بێ ویست ئەمەش روودەدات , لە خۆم رازی نیم.

**بریس ویل: ئایا کاتێک کە کارەکەت بە کۆتا دێت, رای هاوڕێیەکی خۆت وەردەگری یان تەنیا بڕوات بە رای خۆت هەیە؟**
**ئەلبێر کامۆ:** دوو سێ هاوڕێم هەیە کە دەستنووسەکانم دەخوێننەوە و هەر شوێنێکی نووسینەکەمیان بەدڵ نەبێت بۆم یاداشت دەکەن. لەهەر دە روون کردنەوەیەی راکانیان نۆ جار ئەوان راست دەکەن و من چاکسازی دەکەم.

**بریس ویل: لە کاری نووسەر بوونی خۆت چ ساتێک بەباشتر دەزانی؟ هاتنی بیرۆکە, سەرەتای نەخشەیەک, یان هەوڵی کار؟**
**ئەلبێر کامۆ:** هاتنی بیرۆکە.

**بریس ویل: ئایا هیچ پەیوەندی لە نێوان ژیانی جەستەیی هونەرمەند و ئیلهامی (یا راستی کارەکەی) دەبینیت ؟ ئەگەر وایە ئەم پەیوەندییە لە لای تۆ چۆنە؟**
**ئەلبێر کامۆ:** ژیانی جەستەیی لە هەوای ئازاد و ژێر هەتاو , وەرزش و هاوسەنگی پەیکەری بۆ من پێویستە بۆ باشترین کاری هزری , لەگەڵ خشتەیەکی ریکوپێک (ئەمەش بەشێکە لە ژیانی جەستەیی). راستییەکەی بڵێم زۆر کەم ئەم بارودۆخە دەست دەکەوێت. بەڵام بە هەر حاڵ، دەزانم کە ئافراندنی نەزم و رێکخستنی رروحی و جەستەیی پەڕاوگەی هێزە. هەرگیز، هیچ کارێکم لە بێنەزمی یان لاوازی و نەخۆش کەوتنی جەستەیی و بێ حاڵیدا جێبەجێ نەکردووە .

**بریس ویل: ئایا بە شێوەیەکی رێکوپێک ئیش دەکەی؟**
**ئەلبێر کامۆ:** من هەوڵدەدەم رێکوپێکیم هەبێت. کاتێ کە هەموو شتێک لەبار و گونجاو بێت چوار یان پێنج کاتژمێر لە دەست پێکی رۆژدا کار دەکەم. بەڵام کاتێ بارودۆخەکە ناگونجاو بێت...

**بریس ویل: ئایا کاتێک کارێکێت خستە سبەی، بێتاقەت دەبیت؟**
**ئەلبێر کامۆ:** بەڵێ. هەست بە تاوانباری دەکەم، چۆن بڵێم؟ رقم لە خۆم دەبێت.

**بریس ویل: ئایا لە نێوان پاڵەوانانی داستانەکانی تۆدا کەسایەتییەک هەیە کە لە لای تۆ خۆشەویست و ئازیز بێت؟**
**ئەلبێر کامۆ:** ماری، دۆرا، سەلست.

**بریس ویل: وا پێشان دەدرێت کە پاڵەوانانی داستانەکانت سەر بە دوو خێزانن: خیزانی یەکەم، کە گالیگۆلا نموونەیەتی، ئاشکرایە حەزی لە کەسێکی بەهێزە. خێزانی دووەم، کە دەشێ مۆرۆسو نموونەی بێت، خوازیاری نامۆیی و گۆشەگیرییە. ئایا دەتوانی ئەم دوو ئاراستەیە لە دەروونی خۆتدا بیناسییەوە؟**
**ئەلبێر کامۆ:** بەڵێ، من شەیدای هێز و رامکردنم. بەڵام لەو شتەی کە بە دەست دێنم زوو ماندوو دەبم و وازی لێ دێنم. ئەمە گەورەترین لاوازی و بێ توانایی منە. خوازیاری نامۆیی و گۆشەگیریشم. بەڵام شەوق و حەزی ژیان کردن جارێکیتر بەرەو پێشەوە دەمبات. بە تەواوی لەم دوو بارەدا دەرنایەم.

**بریس ویل: لە پارچە نووسینێکی تۆدا وا دەردەکەوێت کە نمایش هونەری ژیانکردن دەنوێنێت؟ ئایا تێگەیشتنی من راستە؟**
**ئەلبێر کامۆ:** کەمێک زیادە رۆییە لە وەسف کردنی. بەڵام هەندێ جار دێتە مێشکم کە دەمتوانی هونەرپیشەیەک بم  و بەم کارە خۆم قایل بکەم.

**بریس ویل: لە ئاسەواری هونەری و ئاسەواری وێژەیی، کام بەها لە لات خۆشەویستە؟**
**ئەلبێر کامۆ:** راستی. لەو بەها هونەریانەی کە راستی پێشان دەدەن.

**بریس ویل: چۆن ئاسەوارە بڵاوبووەکانی خۆت دەبینی؟**
**ئەلبێر کامۆ:** من ئاسەوارەکانی خۆم دووبارە ناخوێنمەوە. بە رای من هەموو مردوونە. دەمەوێت کارێکیتر جێبەجێ بکەم.

**بریس ویل: بە بڕوای تۆ چ خاڵێکە یان بە واتایەکیتر چ شتێکە دەبێتە هۆی پلە و پایەی ئافراندنێک؟**
**ئەلبێر کامۆ:** هێزی نوێخوازی، بێگومان هەمیشە ئافراندوێک بوونی دەردەخات، بەڵام رووخسارەکان دەگۆڕێت و سەرلەنوێ هەڵی دەگەرێنێتەوە. بە شێوازی ماندوویەتی ناقایل. هونەرمەند بێزارە لە قافیە سازی.

**بریس ویل: چ نووسەرێک یارمەتی تۆیان کردووە تا پەی بە وتراوەکانی خۆت بەیت؟**

**ئەلبێر کامۆ:** لە نێوان هاوچەرخەکاندا گرنیتی، مالیرۆ، مۆنترلان. لە کۆندا: پاسکال، مولییێر، ویژەدانەرانی سەدەی نۆزدەیەمی رووس. نووسەرەکانی ئیسپانیا.

**بریس ویل: ئەگەر ئەوەی ئێستا تێدای نەبووبا، حەزت لە چ هونەرێک دەبوو ؟**

**ئەلبێر کامۆ:** زۆر حەزم لێ بوو ببمە پەیکەرساز. بە رای من پەیکەرسازی بەرزترین هونەرە.

**بریس ویل: موزیک چۆن؟**

**ئەلبێر کامۆ:** لە لاوێتیمدا بەراستی لەگەڵ مۆسیقا مەست و سەرخۆش دەبووم. ئەمرۆ ئاسەوارەکانی کەمێک لە مۆسیقدانەرەکان کاریگەری لە من دەکات، بەڵام موزارت هەموو کاتێک.

**بریس ویل: رای جەنابێت لەبارەی سینەما چییە؟**

**ئەلبێر کامۆ:** رای تۆ لەم بارەیەوە چییە؟

**بریس ویل: هونەرمەندان زۆربەی جار لەبەر خراپ لێکحاڵیبوون دەکەونە بارودۆخێکی رێزگرتنی. کام خراپ لێکحاڵیبوون زیاتر لە هەموویان نیگەرانت دەکات؟**

**ئەلبێر کامۆ:** حەقیقەت، ویژدان، سروشتی مرۆڤانە.

**بریس ویل: بە بڕوای ئێوە تایبەتمەندی بەرجەستەی بیرکردنەوەی تۆ کامەیە؟**

**ئەلبێر کامۆ:** بەستراوە بە رۆژ. بەڵام زۆربەی جار ناشرین و قورس و کوێر، کوێرانە...

**بریس ویل: بەهای زیاتر بە کام لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ دەدەی؟**

**ئەلبێر کامۆ:** تێکەڵاوییەک لە هۆشمەندی و بە توانایی هەیە، کە تا رادەیەک دەگمەنە و من زۆر حەزم لێیەتی.

**بریس ویل: دواین پاڵەوانی تۆ، واتە پاڵەوانی چیرۆکی (کەوتن) بێهیوایی نیشاندەدات. ئایا ئەمە ڕەنگدانەوەیی هزر و بیری ئێستای تۆیە؟**

**ئەلبێر کامۆ:** ڕاستە، پاڵەوانەکەی من بێهیوایە. بە ناوی هیچێکی سەردەمیانە گوزارشتی بەندایەتی (کۆیلایەتی)ی دەکات. ئایا منیش هەمان شتم هەڵبژاردووە؟!

**بریس ویل: جارێکی تریش نووسیوتە:** (ڕازی جیهانی من: هزرکردنی خودا، بەبێ هەتاهەتاییەکی ڕوحی) **ئایا دەتوانی ئەم بیرۆکەیەت بە شێوازێکی ڕوونتر دەربخەی؟**

**ئەلبێر کامۆ:** بەڵێ. من بڕوام بە لایەنی ڕووحانیبوون هەیە. بەڵام بە ژیانی ڕۆژی دوایی نا. هەر ئەمەو زیاتر نا.

**بریس ویل: لەو قۆناغەی ژیانی خۆتدا چ ئاواتێکێت هەیە؟**

**ئەلبێر کامۆ:** نیچە دەڵێت: (لەپڕ هێزی ژیان بەخشیی و قەرەبووی موسیبەتەکانیش خاوەنی ڕووناکی خۆر دەبن، ئاسوودەیی تایبەتی خۆیان بە ئاشکرا دەردەدەن) من دەزانم کە ئەم قسەیە ڕاستە و خودی ئەوم هەست پێکردووە. تەنیا ئاواتێکم هەیە کە ئەم هێز و ئەم سەرشارییە جارێکی تر بە لایەنی کەم هەندێجار پێشکەشم بکرێت.

# له ژمارەکانی داهاتوو:

* کارەساتەکانی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا.

* کانت و خودئاگایی.

* کافکا وێنەی ڕاستەقینەی مرۆڤی نیگەران.

* گوتوبێژ لەگەڵ شاعیر (پەروێز زەبیع غولامی).

* دە پەیکەرە بەناوبانگەکەی جیهان.

* باوک، وەک مەعشووقێکی ئازارفرۆش. لە دەقی (ترۆپکی داڵغە)ی «سارا عومەر»دا.

* موراکامی نووسەری هەموو جیهان.